# ئەستێرەکانی زەمین

ئەنتۆلۆژیای شیعری شاعیرانی جیهان

بەرگی دووەم

لە عەرەبییەوە

زانا خەلیل

ناوی کتێب: ئەستێرەکانی زەمین

وەرگێڕ: زانا خەلیل

بابەت: شیعری شاعیرانی جیهان

بەرگ : دەراو خەلیل

تیراژ: (500) دانە.. چاپی یەکەم

چاپخانە:

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانەکان

ژمارەی سپاردنی ( 48 )ی ساڵی (2019) پێدراوە.

# ئەستێرەکانی زەمین

## ئەنتۆلۆژیای شیعری شاعیرانی جیهان

بەرگی دووەم

لە عەرەبییەوە

زانا خەلیل

# پێشەکی

لەو سەردەمەدا کە تەکنەلۆژیا کۆنترۆڵی تەواوی لایەنەکانی ژیانی کردووە و کەمتر بواری بۆ خوێندنەوە و نووسین و کاری جددی هێشتۆتەوە زەحمەتە ئەگەر کەسێک عەشقی شیعر و ئەدەبیات لە خوێن و دەمارەکانیدا نەبێ سارد نەبێتەوە لە بەرهەمهێنانێکی جددی و راستەقینەدا.

لەگەڵ هەموو جەنجاڵییێکی ژیان و خێرایی چاخدا عەشقی من بۆ ئەدەبیات چالاکترین بەشە لە مێشک و زاکیرە و ژیانمدا، هەر بۆیە لە جیاتی ئەوەی تەکنەلۆژیا بە هەر هۆکارێکبێ بتوانێ لە ئەدەبیات دوورم بخاتەوە من ئەوم کردە وەسیلەیەک تا زۆر زیاتر لە کاغەز لە ئەدەبیات نزیکترم بکاتەوە.. ماوەیەکی باشبوو خوێندنەوەم بە تایبەتیش شیعر لە رێگەی ئینتەرنێت و مۆبایل بوو، بۆیە رۆژانە بەردەوام بە هەردوو زمانی ئەڵمانی و عەرەبی خەریکی خوێندەوەی شیعری شاعیرانی جیهان بووم لە

سایتەکانەوە، هەر لەو گەشتە بەردەوامەدا زۆر جار شیعری زۆر جوانم دەکەوتە بەرچاوو کە لێشی ورد دەبوومەوە، هەستم دەکرد ئاسان دەتوانم بیانکەمە کوردی، ئیتر چەند شیعرێکم کردە کوردی و هەنگاو هەنگاو تا وای لێهات جۆرێک خۆشەویستییم بۆ ئەو کارە لا درووست بوو، ئیدی لە رێگەی مۆبایلەوە لە سایتەکانەوە شیعرەکانم کۆپی دەکرد و هەر لە دەفتەری تێبینییەکانی مۆبایلەوە دەمکردنە کوردی و دواتر بە دوای ئەو کتێبانەدا گەڕام کە ئەنتۆلۆژیای شیعری شاعیرانی جیهانن یا دیوانی شیعری تایبەتی شاعیرانی جیهان و لەوانیشەوە سوودی زۆرم وەرگرت و هەر لەگەڵ وەرگێڕانی شیعرانەکانیشدا رۆژانی پێنجشەممە لە لاپەڕەیەکی رۆژنامەی هەولێر چەند شیعرێکم بە ناونیشانی (لە شیعری شاعیرانی جیهانەوە) بڵاودەکردەوە.

ئێستا ئەنتۆلۆژیاکە دوو بەرگە، شیعری نزیکەی شاعیرانی زیاتر لە چل وڵات و زیاتر لە دوو سەد و شەست شاعیری وڵاتە جیاجیاکانی دونیای لە خۆگرتووە،

وڵاتەکانم پۆلێن کردووە، شاعیرانی هەر وڵاتێک لە یەک بەش دانراوە، بۆ نمونە: شیعری شاعیرانی ئەمەریکی کە بیست و دوو شاعیرن لە بەشێکی سەربەخۆ دانراوە و هەر شاعیرێکیش لە دەستپێکەوە ناوەکەی نووسراوە و ئەگەر چەند شیعرێکم لە شیعری شاعیرێک تەرجەمەکردبێ ئەوە لە دواین شیعریدا سەرچاوەکەم داناوە و ئەگەریش یەک شیعربێ ئەوە راستەوخۆ دوای شیعرەکە سەرچاوەکەیم نووسیوە.

شیعرەکان بەشێکی کەمی لە ئەڵمانییەوە کراوەتە کوردی و ئەویتری بە کامڵی لە عەرەبییەوەیە، ئەوەیش کە رەنگە جێگەی سەرنجبێ بۆچی هەندێ شاعیر هەن کۆمەڵە شیعرێکی زۆرم لێیان وەرگێڕاوە و هەندێکیشیان تەنیا یەک شیعر؟ لە راستییدا ئەوە دەگەڕێتەوە سەر سەلیقەی شیعری من، بێگومان ئەو شاعیرانە و شیعری ئەو شاعیرانەی کە زیاتر لە چەند شیعرێکیانم کردۆتە کوردی چێژی زیاتریان پێبەخشیووم.

ماوەتەوە بڵێم: من وەرگێڕ نیم.. ئەو کارەم تەنیا بۆ خۆشیی خۆم کردووە، بەڵام کاتێ بڵاوی دەکەمەوە و خۆشیی و جوانیی بە کەسانیتر دەبەخشێ خۆشحاڵ دەبم و دڵنیام کە ئەو کارەم بێ هەڵە و کەموکوڕیی نییە بەڵام دەروازەیەکی کراوەشە بەسەر دنیای شیعری شاعیران جیهان بە تایبەتی بۆ ئەوانەی کە تەنیا زمانی کوردی دەزانن.. دواجار ئەوەی من ئەنجاممدا یارییێکی خۆشبوو وەک هەموو یارییەکانیتر کە خەڵک پێیەوە ئیدمانن، بەڵام جیاوازییەکەی لەوەدایە، ئەوەی من ئەو دوو کتێبەی لێهاتۆتە بەرهەم، دواجار رەنگە زۆر گرنگیش نەبێ، چونکە هەمووومان لەنێو یاریداین و گرنگ ئەوەیە زەمەن بەڕێدەکەین جا هەر یەکەمان بە شێوازێک.

**زانا خەلیل**

## شیعری شاعیرانی رووسیا

_ئەننا ئەخماتۆف (1889-1966)................................. 23
_لیوند مارتینۆڤ (1905_1980)................................ 28
_نیکۆلای تیخۆنۆف (1896_1979)............................ 38
_مارینا تسفیتاییفا (1892_1941)................................ 40
_ سێرگی یەسەنین (1895_1925)..............................45
_میخایل ئەساکوفسکی (1900_1973)...........................46
_یەڤگینی یەڤتوشینکۆ(1933_2017).............................50
_ڤیرا پاڤلۆڤا (1963_     )........................................54

## شیعری شاعیرانی ئینگلتەڕا

_تید هیوز(1930_1998).......................................61
_شیلی (1792_1822)..............................................68
_جیرارد هۆپکینز(1844_1889)................................70
_فیلیب لارکین (1922_1985)................................ 73
_ویستان ئۆدن (1907_1973)..................................77
_دیرک واڵکوت (1930_2017)................................79
_سی.ئێس.لویس (1898_1963)...............................81
_وندی کۆپ (1945_     )....................................83

## شیعری شاعیرانی یابان

_ماریتشی کو..................................................87
_یۆسانۆ ئەکیکۆ (1878_1942)................................99
_ماتسو باشو (1644_1694)...................................103
_کوبایاشی ئیسا (1763_1827)................................106
_ماچی تاوارا (1962_    )....................................118
_تانیدا سانتۆکا (1888-1940)................................120
_شونتارو تانکیاوا.............................................125
_دۆگین (1200-1253)........................................126
_ریوگین سای...................................................127

## شیعری شاعیرانی ئەفغانستان

_شوکریە عرفانی (1977_    )................................130
_زهێره سەید....................................................131
_زاڵمای هرمان..................................................133
_پرتۆ نادری....................................................135
_رەزا موحەمەدی................................................136
_زاهیدە خانی...................................................137
_فەوزیە رەهکزر................................................139

**شیعری شاعیرانی تورکیا**

_نازم حیکمەت (1902_1963)...............................142
_حسێن فەرهاد (1954_ )........................................148
_ئۆرهان وەلی (1914_1950)..................................151
_جەمال ثورەیا (1931_1990)................................158

**شیعری شاعیرانی چین**

_دیۆ دیۆ (1951_ )...........................................160
_هان زۆو رۆنگ (1947_ )....................................162
_هان شان بی (1938_ )......................................164
_فراسوا چانگ (1929_ )....................................174
_شی ژی (1948- )............................................175
_شو هۆ سینگ (1921-1999)................................176
_شو جی مو (1897_1931)...................................183
_شو تینگ (1952- )...........................................188
_خان تزوا رونج (1947_ )....................................191
_ژی خیان.......................................................193
_وای مینگ.......................................................196
_جودی کینگ....................................................198

_سینگ مین ژوو.................................................201

_هایکۆ_کۆمەڵە شاعیرێك...................................203

**شیعری شاعیرانی ئیتاڵیا**

_میلانە میلانی (1917_2013)..................................217

_گیاکۆما لیۆپاردی (1798_1837)..........................218

_ئەلدا میرینی (1931_ )...................................... 219

_گابریێلە دانونتزیو( 1863_1938)..........................224

-کلاودیو بوتسانی (1961- )....................................228

_ئیملیا روسیللی (1930_1996).................................230

**شیعری شاعیرانی ئەفریقیا**

_گابریل ئۆکارا (1921_ )....................................233

_جان رابیاریفولو(1901-1937).................................237

_ئەلیۆن بادارا کولیبالی.........................................240

_جارید ئەنجیرا..................................................244

_ئیڤی ئەمادیومی...............................................248

_رینیە فیلومبی...................................................249

_ئینگرید جۆنکەر (1933_1965)..............................251

**شیعری شاعیرانی کۆلۆمبیا**

_ماریا سانچێز (1970_ )........................................255
_خوزیە مارتی (1853_1895)...................................257
_خورخی دوران (1925_1962)..................................258
_رافائیل مایا (1897_1989)....................................259
_جییرمو ئارتشر(1921_1993)..................................263
_ئیلسیاس جونجورا (1920_1984)..............................265
_هیکتۆر هیراسومثل (1920_2002)............................267

**شیعری شاعیرانی ئێران**

_ناهید کەبیری (1948_ )....................................269
_فروغ فروغزاد (1935_1967).................................274
_عەلی عەبدوڵڵا (1973- )....................................275

**شیعری شاعیرانی هیندستان**

_ساتچیداناندان (1946_ )......................................277
_کمالا ثرەیا (1934_2009).......................................282
_تاگور (1861_1941)...........................................286

**شیعری شاعیرانی پاکستان**

_عەبدوڵڵا ئەکبەر خان...........................................291

_کیشوەر ناهید، (1940_ )....................................292
_فەخار زەمان (1943- ) ...................................296

**شیعری شاعیرانی ئیسرائیل**

_یەهودا عمیحای (1924_2000)...............................305
_ئیسحاق شپیگل (1906_1990)................................312

**شیعری شاعیرانی ئەرجەنتین**

_ بۆرخیس (1899_1986).....................................315
_خوان گیلمان (1930_ )........................................323

**شیعری شاعیرانی چیللی**

_پابلۆ نێرۆدا (1904_1973).....................................328
_نیکانور پارا (1914_2018)....................................330
_ئۆسکار هاهن (1939_ )........................................341
_گابریلا میسترال (1889_1957)..............................342

**شیعری شاعیرانی سویسرا**

_فیلیپ جاکوتیت (1925_ )....................................345
_ئان بیرییە (1922_ )........................................346
_فرانسوا دوبلو (1950_ )....................................348

_جان لوسییه (1911_2004)................................351

**شیعری شاعیرانی سوید**

_کارین بۆیه (1900-1941)..................................354

_ئیدیث سۆدەرگران (1892_1923)...........................357

_گوننار ئیکیلۆف (1907_1968)..............................359

**شیعری شاعیرانی هۆڵەندا**

_تۆن هێرمانس (1916_2000)...............................361

_تۆماس بیرنهارد (1939_1989)..............................366

**شیعری شاعیرانی کەنەدا**

_ئیمێلی نیلیگان (1879_1941)..............................374

_روپی کوار (1992_ )......................................376

**شیعری شاعیرانی پۆڵۆنیا**

_زبیگنیف هێربێرت (1924_1998)...........................390

_ڤیسلاڤا سزیم بۆرسکا (1923_ )...........................395

_تادیوش رۆزیفیتچ (1921_2014)...........................399

_فیسوافا شیمبورسکا (1923_ 2012)..........................407

**شیعری شاعیرانی بەلجیکا**

_جاک بریل (1929_1978)...................................409

_هنری میشۆ (1899_1984)..................................423

**شیعری شاعیرانی  پورتوگال**

_فەرناندو پیسوا (1888_1935)................................415

_سۆفیا دی میللۆ (1919_2004)...............................420

**شیعری شاعیرانی  نیوزلەندا**

_ریموند روسیلف......................................................425

_دۆگلاس برۆگتۆن....................................................427

**شیعری شاعیرانی  وڵاتانی جیا جیا**

_پاول سیلان (1920_1970)...................................432

_فاسکو بوبا (1922_    ).......................................440

_ئەمبرتۆ ئاکابال (1952_    )..................................458

_یارۆسلاڤ سیفیرت (1901_1986)...........................466

_میلان روفوس (1928_ 2009)...............................468

_سمیزدین محەمەدینۆڤیچ (1960_   )........................475

_عزەت سەرایيج (1930-2002).............................. 483

_ترایان پترۆڤسکی (1939_     )..............................485

_و.ب.ییتس.. (1865-1939)..................................486

_ئالان جیفریز (1957_ )......................................488

_هانگ یونف ئۆن (1879_1940)..............................490
_فرانسیسکۆ ئۆدیل (1977_2011)..............................491
_فرناندۆ گۆردیلۆ(1940_1967)...............................493
_شولان.....................................................494
_یو گوانگژۆنگ (1928_ )...................................496
_هنریک نۆردبراندت (1945_ )...............................498
_فوفی فونگ سیفاندون.......................................501
_مانوێل باندێرا (1886_1968)...............................503
_تاراس شفشنکو (1814_1861)................................510
_دوریس کاریفا (1958_ )...................................511
_بلاگا دیمیتروڤا (1922_2003)..............................512
**_گۆرانییەکانی غەجەر**......................................514

**_هەڵبژاردەیەک لە کتێبی:**

**(مەرگ دێ و چاوەکانی تۆی دەبێ)ی جومانە حەداد،**

**ئەنتۆلۆژیای 150 شاعیری جیهانی کە لە سەدەی بیستەم خۆیان کووشتووە.**


_ئینگە بۆرگ باخمەن (1926_1973)........................532

_خۆسێیە گویتیسۆلۆ (1928_1999)............................534

_کارلۆس ئۆبەریگۆن (1929_1963)...........................536

_ئەلفۆنسیا ستۆرنی (1892_1938)............................537

_تادوز بوروڤسکی (1922_1952).............................538

_لیو ویڵچ (1926_1971)........................................542

_تۆڤا دیتلڤیسن (1918_1976)..................................544

_پاول سیلان (1920_1970)......................................547

_چیزار پاڤیزی (1908_1950)...................................551

_کۆستاس کاریوتاکیس (1896_1921)..........................553

_کارین بۆیە (1900_1941)......................................556

_خایمی تۆریس بۆدیە (1902_1974)........................558

_ئەتیلا یوجف (1905_1937)...................................559

_تامیکی هارا (1905_1951)....................................561
_سێرگی یەسەنین (1895_1925)..............................564
_ماریا تسڤیتایڤا (1892_1941)..................................566
_پیۆ یاڤۆرۆڤ (1878_1914)...................................567
_جۆرج تراکل (1887_1914)...................................571
_سارا تیسدایل (1884_1933)..................................574
_ئەلیخاندرا بیسارنیک (1936_1972)..........................577
_لویس کاماریرۆ (1941_1977)................................579
_عەبدولڕەحیم ئەبو زکری (1943_1989).....................582
_لیۆناردۆ ئەلیشان (1951_2005)...............................584
_تۆر ئۆلڤین (1953_1995)...................................586
_گو چینگ (1956_1998).......................................590
_نیلگون مارمارا (1958_1987)................................591
_ریتیکا ڤازیرانی (1962_2003)................................592
_عەبدوڵلا بۆ خالفە (1964_1998)..............................595
_ریمۆن رۆسێل (1877_1933)................................ 600
_ئارتۆر کراڤان (1887_1918)................................604

_ماریۆ کارنیرۆ (1890_1916).................................607
_کانیکۆ میسوزو (1903_1930)................................608
_مالکۆم لاوری (1909_1957)..................................609
_هکتۆر مورینا (1923_1975)..................................611
_یۆن میراندی (1925_1972)...................................612
_ئیلیز کوین (1933_1962)......................................615
_های تسی (1964_1990).......................................617

# شیعری شاعیرانی رووسیا

ئەننا ئەخماتۆف

## بۆ ئەلێکساندەر بلۆک

نیوەڕۆی یەکشەممە
بۆ سەردانی شاعیرێ هاتووم
ژوورەکە فراوان و هێورە
لە پشت پەنجەرەش شەختەیە.

خۆرێکی سوورتاریک
لە ژێریشیدا دووکەڵێکی
خۆڵەمێشیی پەخشان
نیگای چەند رۆشنە بۆ من
میوانداری بێدەنگ.

دوو چاوی هەیە

بەسە، یەکجار تەماشایان بکەیت

تا لە زاکیرەتدا هەڵبکۆڵدرێن

باشترە خۆم بپارێزم و

تەماشایان نەکەم.

بەڵام هەمیشە قسەکانمانم بیردێتەوە

لە رۆژی یەکشەمم

لە نیوەڕۆییێکی پڕ لە دووکەڵ

لە ماڵێکی بەرز،

خۆڵەمێشیی

لای ڕاڕەوی _نیڤا_ی دەریایی.

## زاکیرەی خۆشەویستیی

تۆ قورسیت ئەی زاکیرەی خۆشەویستیی
لە دووکەڵتدا گۆرانی دەچڕم و دەپڕووکێم
بەڵام ئەوانیتر جگە لە بڵێسە
هیچ شتێکیتر لە تۆدا نابینن
تا رۆحی ساردیان پێ گەرم بکەنەوە
پێویستیان بە ئەسرینی منە
تا بەدوای گەرماییدا
لە جەستەی کوژاوەیاندا بگەڕێن
ئەی خودا ئەوە ئەجەلبوو بە گۆرانی گوتم؟
ئەوە ئەجەلبوو بە خۆشەویستیی
لێت نزیک کەوتمەوە؟
رێمبدە با ژەهرێ بخۆمەوە لاڵم بکا و
بە لەیادکردنێکی رۆشەن
شکۆی لەکەدارم بشۆمەوە.

## بەڵام من

یەکێ بەرەو پێشەوە دەڕوا و
ئەوەیتر بە شێوەیەکی بازنەیی رێدەکا
ئەوەیان چاوەڕوانە بگەڕێتەوە ماڵی باوکی و
ئەوەیتر چاوەڕوانی
دەستەخوشکێکی کۆنی دەکا
بەڵام من لە پشتمدا
کارەسات هەیە و رێدەکەم
نە لەسەر رێگایەکی راست و
نە لەسەر رێگایەکی پێچاوپێچ
بەرەو ناشوێن.. بەرەو ناڕوون
وەک شەمەندەفەرێ
لە دەرەوەی سککەی خۆیدا.

## رۆحی خەمۆکم

دەنگێ بە ئارامیی بانگی کردم و
گوتی: وەرە ئێرە
واز لەو نیشتمانە وێران و هەڵانە بێنە
بۆ تاهەتا رووسیا جێبێڵە
من خوێنی لەپەکانت دەسڕمەوە و
لە دڵتدا شەرمەزاریی رەش دەردێنم
ناوێکی نوێت لێدەنێم و
ژانی دۆڕان و خەمت لەبەر دادەکەنم
بەڵام من بە هێمنیی و بێباکیی
گوێیەکانم بە لەپەکانم داخست
تا ئەو قسە پووچانە
رۆحی خەمۆکم پیس نەکا.

---

_ئەننا ئەخماتۆف (1889-1966) ژنە شاعیری رووس.

سەرچاوە:al-maseera.com

لیوند مارتینۆڤ

**کەناری سیحرلێکراو**

ڕاگوزەرێکت بینیوە
بە شاردا بێت و بچێ؟
بە ڕێککەوت بینیوتە
بە شاردا بێت و بچێ؟
ڕەنگە لە دوورەوە هاتبێ
ئەو لە ئێمە ناچێ
جارێ لێرە و
جارێ لەوێ دەردەکەوێ
لە قاوەخانە
یا لە پۆستدا
ئاو دەخواتەوە و
تەلەفۆن دەکا و
هەمیشەیش ئەو قسەیە دووبارە دەکاتەوە:
_خەم مەخۆن، زۆر نامێنمەوە.

من پیاوێکی ڕاگوزەرم
تەمەنم سی و سێ ساڵە
لە دەرگاکانی پشتەوە
هاتوومەتە ماڵەکانتان
لەسەر قەنەفە کۆنەکانتان خەوتووم
سەیری ئەلبومی خێزانیتانم کردوە
بەیانییان لە حەمامەکانتان
خۆم شۆریوە و
ئێوەش دەتانگوت:
_ئەوە ئەو میوانەیە کە چاوەڕێمان دەکرد
میوانێکی گرانە
شەرمی لێناکەین
ماڵەکانی ئێمە هەمیشە هەر ئاوا
نارێک بووە..
بە کورتی بە دراوسێکانتان گوت:
ئەوە میوانی ئێمەیە و
منتان رادەکێشایە نێو قسە
_ئەوجارە زۆر لامان دەمێنێیتەوە؟

_نەخێر.

_بۆچی؟

دەی وەرە نانبخۆین.

_نەخێر.

_پەلە مەکە، هەر هیچ نەبێ چایەک بخۆوە

کەمێ بحەسێوە و

"نای" فووکە.

بەڵێ من "نای"م هەبوو

مزمارێکی سیحری

لە زێڕ بەهادارتر

تەنیا یەک گۆرانی پێدەژەنم

_لە کەنارێکی کەوانەیی دوورەدەستی دەریایێ

کۆشکێکی نایاب.._

هەموو ئێوارەیێ بە نای

ئەو ئاوازە دەژنم و

بە خەڵک دەڵێم: لێمتێبگەن

قسە لەگەڵ ناسیاوەکانتان بکەن

به گوێی هاوسێکانتاندا بچرپێنن
پەلە بکەن دۆستەکانم
بەو نزیکانە کۆچدەکەم
بەرەو زمڕووتی درەوشاوە کۆچدەکەم
بەرەو بەردە بەخشندە متبووەکانی ناخی زەمین
بەرەو تۆپەڵی کرمانی گران
لە کەناری دەریا
لەگەڵم وەرن بۆ ئەوێ
بەرەو کەناری سیحرلێکراو
ئەو کەنارەی کە نە لەو جوانتر و
نە لەو نایابتر هەیە.

خەڵکانی زۆر هاتن
گۆرانییەکە کاری لێکردن
خەڵکانی زۆر هاتن
لە ریزێکی درێژدا
لای سەکۆکە کۆبوونەوە
کرێکارێکی بیناسازیی

بە شێوازێکی توندەوە پرسی:
_ئەو کۆشکە دەکەوێتە کوێ،
خاسییەتەکانی چین؟
مامۆستایەکی مێژوو پرسی:
_کێ ئەو کەنارە کەوانەییە
دوورەدەستەی دۆزییەوە؟
وەڵامیم نەدایەوە ئەو کات.
جیۆلۆجیێ بە خۆسەپاندنەوە:
بەرووبوومی کەنار ئەوەندە زۆر نییە
تا بە نای گۆرانیی بۆ بژەنی.
پیرەمێردێکی نارێک
کە لە هەوادارانی خوێندنەوە بوو:
_داوەتکردنمان بۆ کەناری
دوورەدەستی کەوانەیی،
کەنارێکی سیحرلێکراو،
تەنیا لە ئەدەبی میللیدا وجودی هەیە.
تەمبەڵێ بە بێجامەیەکی خەت خەتەوە
لە قاقا دەدا و دەڵێ:

قەڵاگەلێ لەسەر لم بینا دەکا

هاوسێکان بە گرینگیدانەوە بە قسەکە:

_چی؟

_کەناری دوورەدەست؟

_کامە پەیامهێنەری مەرگ؟

_کێ پڕوپاگەندەچییە؟

_لەبارەی چییەوە دەدوێن؟ کێشە چییە؟

_بەلوعە؟

_بەلوعەیەکی باش.

_ئاو مەڕێژنە سەر عەرد.

_لەسەرخۆبن، نایژەن لای هاوسێیە..

بە هێوری "نای"م برد و

منداڵان لە نزیکمەوە دانیشوون و

کەوانە درووست دەکەن

دایکە مۆنەکان بە تووڕەییەوە

ئامۆژگاری دەکەن:

_حیکایەت، حیکایەتی خۆتە

بەڵام منداڵەکان منداڵی ئێمەن
هەوڵدە سەرەتا منداڵەکانی خۆت
پەروەردە بکە ئینجا دەتوانی
خەڵک بۆ کەناری دوورەدەست
داوەت بکەی.

"نای"م لە گیرفانمدا حەشاردا
بۆچی تا ئێستا بە شەمەندەفەری خێرا
بەرەو ئەوێ
بەرەو کەناری کەوانەیی دوورەدەست
نەڕۆیشووم؟
ئەگەر رۆیشتبام ئێستا لەمێژبوو
گەیشتبوومە چیاکان و
پانتاییە فراوانەکان
بۆ ناسیاوەکانتان روونی بکەنەوە
بە گوێی هاوسێکانتاندا بیچرپێنن
هێوربن دۆستەکانم
بەو نزیکانە کۆچدەکەم

کۆچدەکەم و توورەیی پیرەکان
خەفە دەبێ و
دایکە توورەکانیش ئیتر
خەمی منداڵەکانیان نابێ
زمانی هاوسێکانیش
لە چەنەبازیی دەوەستێ
ئاو لە حەمام چەنە دەدا
سپرینگی قەنەفە بە جیرە جیر
هەڵبەز و دابەز دەکا و
بەڵام حەقیقەت بڵێین
هەروا لە خۆمەوە بە عەبەس
بۆ ئەوێ داوەتم نەکردوون
ئێستا کاتەکەیە
شەقام و باخچەکان پڕبوون
هەمووتان دوامکەوتن
لە پشتمەوەبوون
لە پشتم
هەمووتان لە پشتمن

هەتا پیرە نارێکەکە
هەتا تەمبەڵەکە بە بێجامەی خەت خەتەوە
هەتا منداڵە بێتاوانەکان و ژنە تووڕەکە و
کێچی قەنەفەش
ئەو سەفا ساردە لە کۆشکی بەرەبەیاندا
ئەو غەرغەرەی ماڵئاواییە
لە شەپۆلەکانی زەریادا
هەمووومان بە یەکەوەین
من هەرگیز سیحر ناکەم
ئێوە لەبەر هۆی جیا جیا لەدوای منەوەن
هێوربن
دوودڵ مەبن
من بەرەو رێگایەکی
فراوانی رۆشنتان دەبەم
راگوزەر روو لە چاڵ راپێچتان ناکا
راگوزەر پلانی خێرای هەیە
سیمای لە سیمای ئێوە ناکا
لە بەدەنی گەورە و

پاڵتۆی فەرووی
بۆنی پێستی ئەسمەری دێ
رووبارەکان و جەنگەڵ و
دەشت و کەئابەی کەنارەکان
ئایا بناری چیا نابینن لە تەمدا؟
لەوێ لە پشت چیاکان
دەریا لە وەڕسبووندایە
دەریا و چیاکان
چیاکان و دەریا
ئەی کوا کەناری کەوانەیی؟
کوا کەناری کەوانەیی؟
کوا کەناری سیحرلێکراوت؟

---

_لیوند مارتینۆڤ (1905_1980) شاعیری رووس.

_سەرچاوە:مختارات من الشعر السوفييتي، ترجمة: عبدالرحمن الخميسي.

نیکۆلای تیخۆنۆف

**ئاگر و..**

ئاگر و
حەبل و
گوللـە و تەور
مانەندی کۆیلەی گوێڕایەڵ
لە دوامانەوە ڕێدەکەن
لە هەناوی هەر دڵۆپێکدا
تۆفانێک هەیە
چیاکان لە وردە بەرد
درووست دەبن و
دارستانەکانیش هاوکارییە ڕەشەکانیان
لە ڕێی ئەو دارانەوە دەبەخشن
کە پێیەکان پانیان دەکەنەوە
بۆشایی
لە قاپەکانی ئێمەدا دەخوا و

له پێکەکانی ئێمەدا دەخواتەوە
ناقوسەکان
وەک موعتاد زەنگ لێدەدەن
پارەکان توانەوە
نە کێشیان هەیە و نە زرنگانەوە
منداڵەکان لە مردوو ناترسن
لەو زەمەندا
فێری وشە سەرەتاییەکان بووین
وشە نایابەکان
تاڵەکان
رەقەکان.

---

_نیکۆلای تیخۆنۆف (1896_1979) شاعیری رووس.

سەرچاوە: مختارات من الشعر السوفييتي، ترجمة: عبدالرحمن الخميسي.

مارینا تسفیتاییفا

## قەسیدە

دەوڵەمەندێ

ژنێکی هەژاری خۆشویست

زانایێ

ژنێکی گەمژەی خۆشویست

پیاوێکی کوڵم سوور

ژنێکی رەنگپەڕیووی خۆشویست

پیاوێکی باش

ژنێکی خراپی خۆشویست

زێڕ

پارچەیێ مسی خۆشویست

_ئەی بازرگان کوا دەستگیرۆیی هەژارانت؟

_لە سەبەتەیەکی کوندایە!

_ئەی خۆ بە زلزان کوانێ زانستەکانت؟

_له ژێر سەرینی منداڵێکدایە!

_ئەی پیاوە جوانەکە

کوانێ کوڵمی گوڵگوڵینت؟

_لە شەوەزەنگدا توانەوە!

ئەی کوا خاچی زیوینی خۆشڕەو؟

_لە ژێر پووتی کچە هەرزەکارێکدایە!

ئەی دەوڵەمەند

عاشقی ژنێکی هەژار مەبە

ئەی زانا

عاشقی ژنێکی گەمژە مەبە

ئەی کوڵم سوور

عاشقی ژنێکی رەنگپەڕیوو مەبە

ئەی پیاوی باش

عاشقی ژنێکی خراپ مەبە

ئەی زێڕ

عاشقی پارچەیێ مس مەبە.

# ئەشکەنجە و ئارد

هەموو شتێ ئاردین دەبێ و دەبێتە ئارد
خەڵک خەمیان بەو رستەیە دەڕەوێننەوە
ئەوەی کە ئەشکەنجە بوو، دەبێتە ئارد؟
نا، باشترە ئەگەر ئەشکەنجە
هەر وەک ئەشکەنجە بمێنێتەوە.
خەڵکینە باوەڕ بکەن
ئێمە بە خەم دەژین
بە خەم بەسەر بێزارییدا سەردەکەوین
ئایە هەموو شتێ ئاردین دەبێ و دەبێتە ئارد؟
باشترە ئەشکەنجە
هەر وەک ئەشکەنجە بمێنێتەوە.

## بۆ ژنێك كه دێ

پیرۆزبووی یا گوناهبارترینی؟
ئێستا پەنا بۆ دەرگای ژین دێنی
یا بەشی خۆتت لێی بڕیوە؟
خۆشتبوێ، بە سۆزتر خۆشتبوێ
مانەندی منالێ لەسەر سینەت بیلاوێنەوە
بیرت نەچێ ئەو پێویستی پێتە
بە خەبەری مەهێنە لە ئامێزت
بۆ تاهەتا لەگەڵییە
رێبدە خەم و خولیا
فێری وەفات بکەن
بۆ تاهەتا ببە هی ئەو
گومان ئەشکەنجەی دەدا
وەک برایێ لە ئامێزی بگرە
ئەگەر خەونەکانی بەرائەت کوژانەوە

گڕی سەرسوڕهێنەری ئاگردانی بۆ داگیرسێنە
جورئەتی گۆڕینەوەی سڵاوت
لەگەڵ هیچ کەسێکدا نەبێ
پێڵوی رابردوو داخە و بەلایەوەی بنێ
ببە هی ئەو بە شێوەیێ
کە کەس نەوێرا
ئاوا ببێتە هی ئەو
خەونەکانی لە ترسەکانتدا مەنێژە
بۆی ئاوابە کە من نەمتوانی
بێکۆتایی خۆشتبوێ
تا کۆتایی خۆشتبوێ.

---

_مارینا تسفیتاییفا (1892_1941) ژنە شاعیری رووس.

_سەرچاوە: adab.com

سێرگی یەسەنین

## ماڵئاوا ئەی هاوڕێم ماڵئاوا

ماڵئاوا ئەی هاوڕێم ماڵئاوا
خۆشەویستم تۆ لە سینگمدای
ئەو فیراقەی کە چاوەڕانین رووبدا
دواتر دەبێتەوە پێکگەیشتن
ماڵئاوا، هاوڕێم، بێ سەلام و کەلام
برۆکانت وێکمێنە
نوێ نییە بمرین یا بژین لەو دنیایە
بەڵێ، زۆر نوێ نییە.

---

_ سێرگی یەسەنین (1895_1925) شاعیری رووس.

_سەرچاوە: adab.com

میخایل ئەساکوڤسکی

## دوژمنەکان ماڵیان سووتاندوە

دوژمنەکان ماڵیان سووتاندووە
خێزانەکەیان لەناو بردووە
نازانێ روو لە کوێ بکا و
غەمەکانی خۆی بۆ کێ باس بکا.

بە غەمباریی و خەمۆکییەوە
روو لە دووڕیانەکان رێگای گرتەبەر
گردێکی بە گیا داپۆشراوی
لە کێڵگەیەکی فراواندا بینی.

لە رێبڕیندا دەخنکا
لای گردەکە وەستا و گوتی:
پێشوازی لە مێردە پاڵەوانەکەت بکە
ئەی "براسکوڤیا".

خواردن بۆ میوانەکەت سازکە
خوانێکی فراوان لە ماڵ ئامادەکە
هاتوومەتە لات تا ئاهەنگی
جەژنی گەڕانەوە بگێڕین.

سەربازەکە بانگ دەکا و
جگە لە _با_یێکی هاوینیی گەرم
کە یاری لەگەڵ گیای
سەر قەبرەکان دەکا
هیچ کەسێ نییە پێشوازی لێبکا.

سەربازەکە هەناسەیەکی دایەوە
کەمەری رێکخست
کۆڵەپشتەکەی کردەوە
بتڵێ"ئەفسەنتین"ی دەرهێنا و
لەسەر کێڵی قەبرێکی خۆڵەمێشیی دانا.

_گلەییم لێمەکە ئەی "براسکوڤیا"
کە بەو حاڵەوە هاتووم
من دەمویست
نەخبی بەختەوەریی هەڵدەین
کەچی من ئەوەتەم
وا پێکی مەرگ دەنۆشم.

دۆست و خۆشەویستان
لە نوێوە بە یەک دەگەنەوە
بەڵام من و تۆ
هەرگیز بە یەکتر شاد نابینەوە
سەربازەکە لە جامێکی کانزاییدا
شەرابێکی ئاوێتە بە غەم دەخواتەوە.

سەرباز خزمەتکاری گەلە
شەراب دەنۆشێ و
بە سووتاوییێکەوە
کە دڵ بۆی لەت لەت دەبێ دەڵێ:

_چوار ساڵ هی تۆ بووم و
سێ وڵاتم قەهراند و....
شەراب لە خوێنیدا دەڕۆیشت و
فرمێسک هەڵوری
فرمێسکی هیوا لەدەستچووەکان و
لەسەر سینگی سەربازەکەش
مەدالیای ئازادکردنی "بودابست"
دەدرەوشایەوە.

---

_میخایل ئەساکوفسکی (1900_1973) شاعیری رووس.
_سەرچاوە adab.com

یەڤگینی یەڤتوشینکۆ

## خوای من

خوای من با کوێر
بینینی بۆ بگەڕێتەوە و
پشتی قەمبوور ڕاست ببێتەوە
خوای من ئەگەر کەمێکیش بێ
بمکە خوداوەند، کەمێکیش بێ
بەڵام لە خاچ نەدرێم.

خوای من رێگەم مەدە
دەستم لەگەڵ دەسەڵات تێکەڵبێ و
لە ئێرەییشدا نەمرم
دەوڵەمەندبم بەڵام بە بێ دزیی
بێگومان ئەگەر دەوڵەمەندیی
بە بێ دزین بوونی هەبێ.

خوای من بمکە پیاوێکی کارامە
بێ ئەوەی باندێ لە باندەکان قوتمدا
بێ ئەوەی ببمە قوربانیی یا خوێنڕێژ
بێ ئەوەی ببمە گەورەی کەس
یاخود سواڵکەر.

خوای من با برینەکان کەم بن
کاتێ رووبەڕووبوونەوەکان بە توڕەیین
خوای من نیشتمانگەلێکی زۆرم پێببەخشە
بەڵام بێ ئەوەی نیشتمانی خۆم لە دەستبدەم.

خوای من با درۆزنەکان دەمیان داخەن و
دەنگی خوا لە هاواری منداڵ ببیستن
خوای من ئەگەر جگە لە شێوەی پیاو
شێوەیەکیتر هەبێ
با زیندووەکان
مەسیح لە شێوەی ژندا ببینن.

خوای من هەموو شتێ ببەخشە

هەموو شتێ

بە مەرجێ بۆ هەمووان

تا هیچ کەسێ غەمبار نەبێ

خوای من لە هەموو شتێ

ئەوەندەم پێببەخشە

کە دواتر بە هۆیەوە شەرمەزار نەبم.

## له دەرگادان

_کێیە؟
_من پیریم هاتوومە لات.
_من سەرقاڵم و کارم هەیە.
کتێب.. نەفرەت کردن.. کولێرە خواردن.
دەرگام کردەوە کەس نەبوو
لەوانەیە هاوڕێکانم
گاڵتەیان لەگەڵدا کردبم
یا لەوانەیە باش ناویم نەبیستبێ
ئەوە پیریی نەبووبێ و
پێگەیشتن بووبێ هاتبێ
نەیتوانیوە چاوەڕوان بکا
حەسرەتی کێشاوە و
دواتر رۆیشتووە.

---

_یەڤگینی یەڤتوشینکۆ(1933_2017) شاعیری رووس.
_سەرچاوە: adab.com

ڤیرا پاڤلۆڤا

## چۆن هاوین لە گوند دەگوزەرێنین؟

بە دەنگی بەرز دەخوێنینەوە
یەکتر ماچ دەکەین
ماچی دەم
لە تەک یەک
لە ژێر سێبەری گیا و گوڵی سارا
رادەکشێین و
لە یەکتر دەپرسین:
ئایە کەڵەشێر ئەندامی نێرینەی هەیە؟

## پیاوەتی

شەو لە خەو رابوو
تێگەیشت کە دەمرێ
بۆیە چووە مەتبەخ
تا بێوەژنەکەی بە خەبەرنێ.

## دەمەوێ بمرم

دەمەوێ لە رۆژی
لە دایکبوونمدا بمرم
رێک لە رۆژی
ئاهەنگی لە دایکبوونم
دەمەوێ منداڵەکان
پارەی خوان و
شوێن و
باشترین شەراب و
مۆسیقای زیندوو بدەن
دەمەوێ
دوای کردنەوەی دیارییەکەت
بمرم.

## پارچە بچووکەکانی دڵ

دڵت وردوخاش بوو
ئێستا من بە پێخواسی
لەسەر پارچە بچووکەکانی دڵت ڕێدەکەم

## من ئەوە نیم کە بانگی دەکەن

پیرەکان
بە ئەی کچی بچکۆڵە
بانگم دەکەن
پیاوەکان
بە ئەی کچە گەنجەکە
بانگم دەکەن
ژنەکان
بە ژنەکە
بانگم دەکەن
منداڵەکان
بە ئەی دایکە
بانگم دەکەن و
منیش ئاوڕیان لێدەدەمەوە و
تێدەگەم من ئەوە نیم
کە بانگی دەکەن.

**نایابتر**

_چی له‌ شانه‌كانت نایابتره‌؟
_ئه‌وه‌ی به‌رانبه‌ر شانه‌كانمه‌.
_ئه‌ی نایابتر له‌وه‌ی به‌رانبه‌ر شانه‌كانته‌؟
_له‌پم.
_ئه‌ی چی له‌ له‌پت نایابتره‌؟
_په‌نجه‌كانم.
_ئه‌ی چی له‌ په‌نجه‌كانت نایابتره‌؟
_په‌نجه‌كانت كه‌ په‌نجه‌كانم و له‌پم ده‌گوشن و
ئه‌وه‌ی به‌رانبه‌ر شانه‌كانمه‌
ئاهـ.. وه‌ك ئه‌نگوستیله‌یێ
تا كۆتایی هه‌ر په‌نجه‌یێ له‌ په‌نجه‌كانت
له‌ په‌نجه‌تم بكه‌.

---

_ڤیرا پاڤلۆڤا (1963_ ) ژنه‌ شاعیری رووسی.
_سه‌رچاوه‌alqasidah.com

# شیعری شاعیرانی ئینگلتەڕا

تید هیوز

## قەلەڕەشێکی ڕەشتر لە پێشوو

کاتێ خوا لەبەر بێمەیلی لە مرۆڤ
بەرەو ئاسمان بەڕێکەوت
کاتێ مرۆڤ لەبەر بێمەیلیی لە خوا
بەرەو حەوا بەڕێکەوت
شتەکان وا دەرکەتن
وەک بڵێی لە یەک دەترازان
بەڵام قەلەڕەشەکان..
قەلەڕەشەکان
قەلەڕەشەکان
پەیوەندیی زەمین و ئاسمان
بە یەکەوە پەیوەستیان دەکا
بۆیە مرۆڤ گریا
بەڵام بە دەنگی خوا
خوا نەزیف بوو
بەڵام بە خوێنی مرۆڤ

دواتر  زەمین و ئاسمان
گەیشتنە لای جومگەیەکی کلۆری
زاڵبوو بەسەر رزگاربووندا
ئەشکەنجە بچووک نابێتەوە
مرۆڤ نەیتوانی ببێتە مرۆڤ و
خواش بە خوا
ئەشکەنجە گەورەبوو
قەلەڕەش بە مڕومۆچی دەقیژێنێ:
_من وا خولقاوم_
ئیدی هەڵدەفڕێ
بە خۆیی و
ئاڵای کیانی رەشییەوە.

## گۆرانیی قەلەڕەش لەسەر خۆی

کاتێ خوا بە تەور
لە قەلەڕەشیدا
زێری دروستکرد
کاتێ خوا لە خۆردا
سڵاوی لە قەلەڕەش کرد
ئەڵماسی دروستکرد
کاتێ خوا قەلەڕەشی
لەژێر پەستێنەردا گوشی
کحولی دروستکرد
کاتێ خوا قەلەڕەشی
پارچە پارچە کرد
رۆژی دروستکرد
کاتێ خوا لەسەر درەختێکەوە
قەلەڕەشی لە سێدارەدا
بەرهەمی دروستکرد
کاتێ خوا قەلەڕەشی

لە خۆڵدا ناشت

ئادەمی درووستکرد

کاتێ خوا هەوڵیدا

قەلەڕەش دوو لەت بکا

حەوای درووستکرد

کاتێ خوا گوتی:

تۆ سەرکەوتیت

ئەی قەلەڕەش

_دڵسۆز_ی درووستکرد

کاتێ خوا بە بێئومێدی ڕۆیشت

قەلەڕەش دەنووکەکانی تیژکردەوە

دەستیکرد بە فێڵکردن.

## لاهوت

نا، ئیبلیس نەبوو
کە حەوای فریودا تا سێو بخوا
بە سانایی ئەوە هەمووی
شێواندنی ڕاستییەکانە.

ئادەم سێوی خوارد
حەوا ئادەمی خوارد
ئیبلیس حەوای خوارد
لەو گرێ کوێرە نەگریسەدا.

کاتێ ئیبلیس چوو
لەزەت لە جەمی چەوری ببا
دەنگی خوای هاتە بەر گوێ
هاواری سکاڵائامێزی دەکرد.

## هێڵی نەسڵ

سەرەتا هاوار هەبوو
هاوار خوێنی لێ لە دایکبوو
خوێن چاوی لێ لە دایکبوو
چاو ترسی لێ لە دایکبوو
ترس باڵی لێ لە دایکبوو
باڵ ئێسکی لێ لە دایکبوو
ئێسک بەردەئەستێی لێ لە دایکبوو
بەردەئەستێ وەنەوشەی لێ لە دایکبوو
وەنەوشە قیسارەی لێ لە دایکبوو
قیسارە عەرەقی لێ لە دایکبوو
عەرەق ئادەمی لێ لە دایکبوو
ئادەم مەریەمی لێ لە دایکبوو
مەریەم خوای لێ لە دایکبوو

خوا هیچی لێ لە دایک نەبوو
هیچ بۆ ئەبەد
نەخێری لێ لە دایکبوو
نەخێری ئەبەدی
قەلەڕەشی لێ لە دایکبوو
ئەوەی کە لە پێناو خوێن،
کرمەکان دەقرێنێ
هەر شتێ بە پەڕ
موچڕک بە باڵی رووتی دادێ
لە لانەی چەپەڵیدا.

---

_تید هیوز (1930_1998) شاعیری ئینگلیز.
سەرچاوە:
elaph.com
blogspot.com

شیلی

## فەلسەفەی خۆشەویستیی

کانییەکان ئاوێتەی رووبار دەبن
رووبارەکان ئاوێتەی ئۆقیانۆس و
_با_ی ئاسمانیش بۆ تا ئەبەد
ئاوێتەی عاتیفەیەکی سازگار دەبێ.

هیچ شتێ لە دنیادا تەنیا نییە
هەموو شتەکان بە یاسایێکی پیرۆز
ئاوێتەی یەکتر دەبن
نازانم ئەی بۆچی من لە تۆدا ناتوێمەوە؟

سەیرکە چیا بەرزەکان یەکتر ماچ دەکەن
شەپۆلەکانی دەریا یەکتر لە ئامێز دەکەن
هیچ گوڵێکیش نابەخشرێ
ئەگەر گوڵێکی برای بوەرێنێ.

رووناکیی خۆر، زەمین لە ئامێز دەگرێ و
نوری مانگیش دەریا
بەڵام ئەو هەموو ماچە چ سوودێکی هەیە
ئەگەر تۆ من ماچ نەکەی؟

---

_شیلی (1792_1822) شاعیری ئینگلیز.
_سەرچاوە:almothaqaf.com

جیرارد مانلی هۆپکینز

**قەسیدەی بەهار و پایز**

_بۆ منداڵێکی بچووک_

ئەی مارگرێت غەمبار دەبیت
بە وەرینی گەڵاکانی بوستانی زێڕین
ئایە لەوە تێدەگەیت
حاڵی گەڵاکان
هەمان حاڵی مرۆڤە و
تۆ بە بیری مناڵانەت
بە وەرینیان قەڵس دەبیت؟

ئاهـ..

دڵ هەر چەند گەورەتر دەبێ

بە ساردی رووبەڕووی

ئەو جۆرە دیمەنانە دەبێتەوە و

دواتر هیچ حەسرەتێ نایوروژێنێ و

لەگەڵ ئەوەی جیهانەکانی

دارستانی رەنگپەڕیو

لەنێو فەوزای گەڵا پەرشوەکان رادەکشێ

تۆ دەگریت و

دەشزانیت بۆ دەگریت

ئێستا ناو گرنگ نییە

چونکە سەرچاوەی

هەموو خەمەکان هەر یەکێکن.

ئەوەی دەم دەیڵێ و
عەقڵ گوزارشتی لێدەکا
بەڵام رۆح هەست بەوە دەکا
کە دڵ هەستی پێدەکا
ئەوە ئەو وێرانییەیە
کە مرۆڤ بۆی لەدایکبووە
ئەوەیە کە بۆی غەمبار دەبیت ئەی مارگرێت.

---

_جیرارد مانلی هۆپکینز(1844_1889) شاعیری ئینگلیز.
_سەرچاوە: adab.com

فیلیب لارکین

**کۆشکێکی زستانە**

_زۆرینەی خەڵک هەر چەند بە تەمەنتر دەبن زانستیان زۆرتر دەبێ، بەڵام من ئەو قسە قۆڕە رەت دەکەمەوە_.

•

چارێگی دووەمیشم لە سەدەکەم
لە هەوڵدان بۆ لە یادکردنی
ئەو شتانە بەسەر برد
کە لە زانکۆ و
دوای زانکۆش
فێریان ببووم
تا وام لێهات
ئێستا هیچ ناوێک
ئەوانەی کە لە بڵاوکراوە گشتییەکاندا
بڵاو دەکرێنەوە

نازانم و
دەستمکردووە
بە بریندارکردنی هەستی خەڵک
بەوەی کە رووخساریان ناناسمەوە و
بە سوێندخواردنم
کە نەچوومەتە هەندێ شوێن و
ئەگەر بشتوانم ئەو شتەی
کە هۆی ئازار درووستکردنە
لە زاکیرەم بسڕمەوە
ئەوە دەسکەوتێکە بۆ من
ئەو کاتە پەنا
بۆ فێربوونی هیچ شتێ نابەم و
هۆشم خۆی لەسەر خۆی دادەخا
وەک کێڵگەکان
وەک بەفر.

## پەنجەرە بەرزەکان

کاتێ دوو منداڵ دەبینم و
سەرنج دەدەم کوڕەکە
کچەکە دەگرێتە ئامێز و
کچەکە حەبی مەنع دەخوا
یا کوڕەکە کۆندۆم بە کار دێنێ
لەو کاتە دەزانم کە ئەوە بەهەشتە.
هەر پیرێ لە ئێمە
خەونی بەو ژیانانەوە بینیوە و
چەندین پەیوەندی و جوولەمان
وەک داسی دێرینی دروێنە خستۆتە لاوە و
هەر لاوێکیش بە خێرایی
بەرەو بەختەوەریی و
بەرەو ناکۆتا غلۆر دەبێتەوە
پرسیار دەکەم ئەگەر یەکێ هەبووایە
بەر لە چل ساڵ لێمی بڕوانیایە و
بیری لەوە کردبایەوە

کە ژیان ئاوای لێدێ
ئیتر نە خوا دەمێنێ و
نە ترس لە تاریکیی و نە ترس لە دۆزەخ و
نە ئەو شتانەیش کە لە دۆزەخ دەچن
یا شاردنەوەی ئەو شتانەی
کە بیرمان لێدەکردەوە لە قەشە
خۆیی و هەموو ئەو شتانەی کە لای بوو
دەخزینە خوار
وەک مەلە ئازاد و گەمژەکان و
یەکسەر لە جیاتی وشە
لە پەنجەرە بەرزەکانەوە
بیرۆکەیەک دێ
شووشە خۆر قبووڵ دەکا و
لە پشتیشی کەشی شینی تۆخ
هیچمان نیشاندەدا و
لە هیچ شوێنێک نییە و کۆتاییە.

---

_فیلیب لارکین (1922_1985) شاعیری ئینگلیز.

_سەرچاوە: adab.com

ویستان ئۆدن

## ئاوازێکی پرسەئامێزی غەمبار

هەموو کاتژمێرەکان بوەستێنن
هێڵەکانی تەلەفۆن بپچڕێنن
رێ لە حەپینی سەگ و
لێستنەوەی ئێسکی بگرن
بێدەنگیی پیانۆ دەژەنێ و
دەنگێکی دڵپڕ لە تەپڵەوە دەناڵێنێ.
تابووتەکە بێننە ئێرە و پرسە دامەزرێنن.

وا بکەن فڕۆکەکان لەسەر سەرماندا هەڵبفڕن
تەکان بدەن و بە هێڵێ لە لاپەڕەی ئاسمان
پەیامێ بنووسن: (مرد).
هێمای پرسە بخەنە گەردەنی کۆتری سپییەوە
رێبدەن پۆلیسی هاتوچۆ
پاڵتۆ لە لۆکەی رەش بپۆشێ.

ئەو باکوورم بوو، باشوورم بوو
ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوام بوو
هەفتەی کارم بوو، پشووی یەکشەممانم بوو
شەوم بوو، نیوەشەوانم بوو
قسە و گۆرانیم بوو
من وامدەزانی خۆشەویستیی
بۆ تا ئەبەد دەمێنێ، بەڵام هەڵەبووم من.

ئیتر ئێستا ئەستێرەکان خوازراو نین
لە یەکتر جیابوونەوە و پەرشبوون
مانگ بەند بکەن و خۆر ئاوارە بکەن
زەریا دوور لێرەوە بڕێژن و
دارەکان ڕاماڵن
ئێستا هیچ شتێ بە ڕەهایی
ناتوانێ هیچ خێرێ لەگەڵ خۆیدا بێنێ.

---

_ویستان ئۆدن (1907_1973) شاعیری ئینگلیز.
_سەرچاوە: adab.com

دیرک واڵکوت

## خۆشەویستیی دوای خۆشەویستیی

کاتێ دێ کە دەگەیتە لای دەرگاکەت
کە دەگەیتە لای ئاوێنەکەت
بە خۆشحاڵییەوە سڵاو لە خۆت دەکەیت و
بە بزەوە بەخێرهاتنی یەکتر دەکەن و
بە یەکتر دەڵێن:
فەرموو نانبخۆ.

جارێکیتر غەریبێکت خۆشدەوێ
کە پێشتر تۆ بووی
شەرابی پێشکەش دەکەیت
نانی پێشکەش دەکەیت
دڵت بۆ خۆی دەگەڕێنیتەوە
بۆ ئەو غەریبەی
کە بە درێژایی ژیانت خۆشیویستووی
کە تۆ لە پێناو ئەوانیدی بەلاوەت نابوو

کە ناوەڕاستی دڵت دەناسێ.
ئەو نامانەی خۆشەویستیی بێنە
کە لەسەر ڕەفەی کتێبەکان دانراون
ئەو وێنانە بێنە
ئەو تێبینییە بێئومێدانە بێنە
لە ئاوێنەی بەرانبەرت
وێنەت بەرگی خۆی فڕێدا
دانیشە.. ژیانت خوانی خۆشەویستیتە.

---

_دیرک واڵکوت (1930_2017) شاعیری ئینگلیز.
_سەرچاوە:ikawther.wordpress

سی.ئێس.لویس

**دڵت لە تابووتێک دانێ**

ئەگەر خۆشەویستیی بکەیت
یانی دەشێ پەکت بکەوێ
ئەگەر هەموو شتێکت خۆشویست
یانی دڵت لێدەسەنرێ و
وێران دەکرێ
ئەگەر حەز دەکەیت دڵت
بە سەلامەتی بپارێزیت
ئەوا مەیدە کەس
هەتا مەیدە هیچ ئاژەڵێکیش
تەنیا لە جوانکاریی و
خولیاکانتدا بیپێچەوە
لە تێوەگلان بیپارێزە
لە تابووتی خۆپەرستیتی بئاخنە و

به ئەمانەوە قفڵیبدە

بەڵام لەو تابوتە

سەلامەت و تاریکەدا

کە جوولە و هەوای تێدا نییە

دەگۆڕدرێ

ناشکێ

ئیتر دەبێتە دژە شکان و

کەس ناتوانێ بچێتە ناوی

وەکچۆن ناکرێ

قەرەبوو بکرێتەوە

خۆشەیستیی ئەوەیە

قابیلی پەککەوتن بێ.

---

_سی.ئێس.لویس (1898_1963) شاعیری ئینگلیز.

_سەرچاوە: drbugnah.net

وندی کۆپ

## گۆشەی ئەندازیاران

_بۆچی لە گۆڕستانی "ویستمنستر ئابی" گۆشەیێ بۆ ئەندازیاران نییە؟ ئێمە لە بەریتانیا کاریگەری شیعرێکی میللی زیاتر دەمانوروژێنێ لە کاریگەری دیزاینێکی تەلارسازیی، چەنێ لە قوتابیانی قوتابخانەکان خەون بەوە دەبینین ببنە ئەندازیاری گەورە؟ ئەوە رێکلامێکە سەندیکای ئەندازیاران لە رۆژنامەی تایمز بڵاویکردۆتەوە.

•

_ئێمە شیعرێکی میللی زیاتر دەمانوروژێنێ
لە کاریگەری دیزاینێکی تەلارسازیی_
هەر بۆیە زۆر لە شاعیران
بە بۆنخۆشییەوە دەژین و دەمرن
کەچی ئەندازیاران
لە بەرزاییە خەمۆکییەکان
سەریان دەخەنە نێو پێستیان.
کێ پێویستی بە پرد یا بەنداو هەیە؟

کێ پێویستی بە خەندەق هەیە؟
لە کاتێکدا یەکێ بتوانێ
سۆناتا بنووسێ و
خۆشحاڵانە لەگەڵیدا هەڵبکا
هەموو دەزانن
ئێمە پێویستمان بە قەسیدەیە و
هەمووانیش هەموو رۆژ دەیخوێننەوە
بەڵێ ژیان سەختە
ئەگەر هەندەسە هەڵبژێریت و
گومانی تیا نییە
پێویستیت بە کارێکیتر دەبێ
ئێواران لە جیاتی پیاسە
دەبێ پلانی
پرۆژەکانی بەیانی
دابڕێژیت
گومانی تیا نییە
کە ئەوەیە دۆزەخ.
لە کاتێکا کە شاعیرانی نیعمەتدار

به سەیارە جوانەکانیان دێن و دەچن
تۆ تا درەنگانی شەو
بۆ دابینکردنی بژێوی کار دەکەیت
بێئومد لەوەی لە "ئابی"
پەیکەرێکت بەرکەوێ و
هیچ ئومێدێکیش نییە لەوەی تەنانەت
نیو پەیکەری سادەشت بەرکەوێ.
بۆیە سەیر نییە کە منداڵان
خەون بە نووسینی چوارینەیەکەوە دەبینن و
پایسکل و سەیارە و شەمەندەفەریش
بەلاوە دەنێن
شاعیران زیاد لە پێویست
هاندەدرێن و پاڵپشتیان هەیە
هەر بۆیە ئەو نیشتمانە
بەرەو بێئومێدییەوە بەڕێوەیە.

---

_وندی کۆپ (1945_ ) ژنە شاعیری ئینگلیز.
_سەرچاوە: adab.com

# شیعری شاعیرانی یابان

ماریتشی کو

## گوڵی بەیانی

_1_

لە پشت مێزەکەم ڕۆدەنیشم
دەتوانم چیت بۆ بنووسم؟
من نەخۆشی عەشقی تۆم؟
من پەرۆشی بینینی جەستەی تۆم؟
ناتوانم هیچ بنووسم جگە لە:
خۆشمدەوێی
خۆشمدەوێی
خۆشمدەوێی
خۆشەویستی ڕۆچۆتە دڵم و
ئەندامەکانم پاژ پاژ دەکا و
هەڵچوونی خولیا دەمخنکێنێ و ناوەستێ.

_2_

لێمدەپرسێ:

بەر لەوەی

عاشقی یەکتر بین

بیرت لە چی دەکردەوە؟

ئەو وەڵامە ئاسانە

بەر لەوەی پێتبگەم

هیچم نەبوو

بیری لێبکەمەوە.

_3_

من و تۆ

بە تەنیا

لە ماڵە بچووکەکەماندا

دوور لە هەموو خەڵک

دوور لە دنیا..

هیچ شتێ نابیسترێ

جگە لە دەنگی ئاو

لەسەر بەردەکان

لەو کاتەدا پێتدەڵێم:

هەستە گوێ

لە _با_ بگرە

لەنێو درەختەکان.

_4_

پێشنیازی

خۆشەویستییم پێدای

وەک خواردنەوەی ئاو لە دەریادا

هەرچەند زیاترم خواردەوە

تێنووتربووم

تا وای لێهات

تێنوویەتیم بە هیچ شتێ نەشکێ

جگە لەوەی کە هەموو دەریا بخۆمەوە.

_5_

له خەوم
هەڵدەستێنێ و
ماچم دەکا
من خوناوێکت
پێدەبەخشم
خوناوی یەکەم سپێدە
لە دنیا.

_6_

با ئەوشەو
بە یەکەوە
لێرە بخەوین
کێ دەزانێ
بەیانی لە کوێ دەخەوین؟
رەنگە بەیانی
هەڵدرێینە کێڵگەکان
خۆمان و
سەرمان
بکەوینە سەر بەردەکان.

_7_

گڕ
لە دڵم
دادەگیرسێ
نە دووکەڵ
بەرز دەبێتەوە و
نە کەسیش دەزانێ.

## _8_

بریا دەمتوانی
ببمە ئاگردانێک
یازدە سەری هەبووایە
تا ماچم بکردبووای
هەزار باسکی هەبووایە
تا هەتاهایە
لە ئامێزم بکردبووای.

_9_

هاوار دەکەم و

لەرینەوە

جەستەم وشک دەکا

دەڵێی بوومەتە

دوو لەت.

_10_

که لە حەمامی گەرم
گەڕامەوە
بەرانبەر
ئاوێنە ستوونییەکە
لە تەنیشت قەروێڵە نەویەکە
هاتیە لام
لەو کاتەی مەمکەکانم
لەنێوان دەستەکانتدا دەلەرزینەوە
سمتم بەرانبەرت دەلەریەوە.

## _11_

سەرت توند
لە نێو ڕانەکانم گرێدە و
فشار بخە سەر دەمت و
بۆ تاهەتا دوور بڕۆ
بە بەلەمێکی ئەرخەوان
لە ڕووباری بەهەشتدا.

_12_

ناتوانم ئەو بەرەبەیانە عەتراوییەی
نێو خێوەتی پرچی رەشم لە بیر بکەم
کاتێ لە خەو هەستاین
تا چێشت بدەینە خۆشەویستیی
دوای شەوێکی دوور و درێژی
پڕ لە خۆشەویستیی.

---

_ماریتشی کو.. ژنە شاعیری یابانی.
_سەرچاوە: nizwa.com

یۆسانۆ ئەکیکۆ

## چەترە تەنکەکەم

## لە بەلەمێکی بچووکدا

_1_

لەو کاتەی کە جیابووینەتەوە
ئەوە هەزار ساڵە
یا تەنیا لە دوێنێوەیە؟
تا ئەو چرکەیەش هێشتا هەست
بە دەستی پڕ لە سۆزت دەکەم
لەسەر شانم.

_2_

لە گەرماوی گەرممدا غەرقم
وەک سوسنێکی جوان
کە لە بەهاردا دەپشکوێ
جەستەی بیست بەهارییم
یەکجار نەرم و نیانە، یەکجار جوانە.

_3_

قووڵ لەنێو مەزاردا

لەو ئێوارە بەهارییە درێژەدا

پەیتا پەیتا تەرنیمە زیاد دەبێ

ئاهـ، ئەی بیست و پێنج

قوتابییەکەی بوزا

تکاتان لێدەکەم

ئەو گۆرانییە سادەیەم لێ قبوڵکەن.

_4_

دڵۆپەکانی باران بەردەوام

دادەبارنە سەر گەڵاکانی

گوڵەلۆتسی سپی

خۆشەویستەکەم وێنە دەکێشێ و

منیش چەترە تەنکەکەم

لە بەلەمێکی بچووکدا ئاوەڵا دەکەم.

_5_

ئایا راهیبی ڕەنگپەڕیو

ڕاستەوخۆ دوای غروب

ئەو کچە خەواڵوە

لە ژێر درەختی گوڵگرتوودا دەبینێ

لە ئێوارەیەکی بەهاریی دڵڕفێنی ئاودا؟

_6_

کە نەسیمی نەرمی بەهار

گوڵە زەردەکانی گێلاس

بەسەر باڵی کۆترەکانی سێپێدە

لە تەنیشت _باجودا_ پەخشان دەکا

من شیعرەکانی خۆم دەنووسم.

_7_

ئایە تاڵ

یا شیرین بوو

ئەو فرمێسکانەی

کە راهیبێکی لاو

لێرە، لەسەر رێگا

بۆمی هەڵوەراند

کاتێ کە یەکەمجار منی بینی؟

---

_یۆسانۆ ئەکیکۆ (1878_1942) ژنە شاعیری یابانی.

_سەرچاوە: fenni-dz.net

ماتسو باشو

**هایکۆ**

گۆمێکی کۆن
خۆهەڵدانی بۆقێک
دەنگی ئاو.
•

شەوی هاوین
سەدای قاپقاپەم
هەژانی بێدەنگیی.
•

لە بنی کووپەدا
لە ژێر تیشکی هاویندا
ئەختەبوتێ خەون دەبینێ.
•

هیچ کەس
ئەو ڕێگایە نابڕێ
جگە لە غوبارێکی پاییزیی.
•

قەلەڕەش
لەگەڵ بەفری سپێدەدا گەڕایەوە
تا خۆشمبوێ.
•

ئەگەر وشەیەکم بدرکاندبووا
_با_ی پایز
لێوەکانمی دەتەزاند.
•
لە خەو رابە، لە خەو رابە
ببە دۆستی ڕێگام
ئەی پەپوولەی خەوتوو.
•

ساڵ ڕادەبووری
کڵاوم لەسەرمە
لە پێیەکانیشمدا جووت نەعلێ لە کا.

•

لای بەردتاش
گوڵەبەیبون
لەنێو بەردەکاندا دەپشکوێ.

•

---

_ماتسو باشو(1644_1694) شاعیری یابانی.

_سەرچاوە: مختارات من شعر الهايكو الياباني، ترجمة: عبدالقادر الجموسي.

کۆبایاشی ئیسا

**هایکۆ**

نیوەڕۆ
چۆلەکە ستران دەچڕێ
رووبار بەناو بێدەنگییدا رێ دەکا.
•

منداڵان
زۆر نایابتر لە مەلی غاق
لاسایی مەلی غاقیان کردەوە.
•

کارێکی زۆر سەیرە
لەژێر گوڵەکانی دارگێلاسدا
بژیت.
•

ئەو پیاوەی کە توور هەڵدەتەکێنێ
لەسەر ڕێگادا
بە توور ئاماژەیکرد
•

مانگ، گوڵەکانی هەڵوژە
لێرە و لەوێ و
ڕۆژیش ڕادەگوزەرێ.
•

ئەی کێچ هەرچی دەکەی بیکە
تەنیا باز مەدە
ئەوە ئاراستەی ڕووبارە.
•
لەو جیهانەدا
لەسەر سەقفی دۆزەخ ڕێدەکەین و
لە گوڵەکان ڕادەمینێین.
•

بە رووتیی
لەسەر ئەسپێکی رووت
لەژێر لێزمەی باراندا.
•

پشیلەکەم باز دەداتە سەر تەرازوو
خۆی دەکێشێ.
•

دەچمە دەرەوە
ئەی مێشوولەکان بحەسێنەوە
سێکس بکەن.
•

ئەی کوندەبەبۆ
رووخسارێکیتر بپۆشە
ئەوە بارانی بەهارە.
•

لەژێر مانگی ئێوارەدا
حەلەزوون
تا کەمەری رووتە.
•

لە یەنایر لە ناوچەکانیتردا
هەڵۆژە گوڵ دەردەکا.
•

ئەو پەپوولەیە
رووناکیی لە حوجرەی ژنێکدا بینی
سووتا.
•

مێرووەکانیش هەروەها
بەشێکیان دەتوانن ستران بچڕن و
بەشێکیشیان نا.
•

بۆقێکی گەورە و من

لە یەکتر رادەمینێین

هیچ یەک لە ئێمە نابزوێ.

•

هەر کاتێ نوێژم بۆ بودا کردبێ

لە کووشتنی مێشوولە نەوەستاوم.

•

دوای ئەوەی پشیلە خەوی تەواو کرد

باوەشکدەدا، دەچێتە دەرەوە

تا سێکس بکا.

•

مانگ و گوڵ

چل و نۆ ساڵە دەگەڕێم،

کات بە فیڕۆ دەدەم.

•

کوخی سۆزانیی

لە کەناری شار

لە _با_ی پایزدا.

•

مانگی کامل.. کوخی شپرزەم

چۆن بوو هێشتا هەر ئاوایە.

•

مرۆڤ

مێشێکە

لە ژوورێکی گەورەدا.

•

ئاسمانی بەیانی سوورە

ئەی لوولپێچ

تۆ شادمانیت پێی.

•

کوڕەکەی خەوت؟
ئێستا جل دەشوا
لە ژێر ڕووناکیی مانگی هاویندا.

•

لە ژێر بارانی بەهاردا
کچێکی جوان
باوەشک دەدا.

•

کێچەکانی کوخەکەم
زۆر لاواز دیارن.. ئەوە هەڵەی منە.

•

ساقەسۆرەی ئاویی
سووری پۆشیوە
ئامادەیە بۆ ئاهەنگ.

•

ئەی پەڕەسێلکە
دوورکەوە لەسەر رێگا
ئەسپ بەڕێوەیە.

•

فڕۆکەیەکی کاغەزینی گەورە
بەرزدەبێتەوە
لە کوخی سواڵکەر.

•

لە ناوەڕاستی رۆژدا خەوتووم
گۆرانی جوتیاری برنج دەبیستم
شەرم لە خۆم دەکەمەوە.

•

سەگی پیر
گوێ لە گۆرانی
کرمی خاک دەگرێ.

قەلەڕەش
بەوێدا رێدەکا
دەڵێی دەیەوێ پاسەوانیی لە کێڵگە بکا.
•

لە سێبەری جەنگەڵدا
ژنێکی تەنیا
گۆرانی دروێنەی برنج دەچڕێ.
•

سەگی پیر
رێبەرایەتی سەردانی
گۆڕستانەکان دەکا.
•

ئێرەیی
بەو منداڵە دەبەم
کە لە کۆتایی دنیا دەدا.

لوولپێچ لە خەو رادەبێ

بە کەمێ سکاڵاوە

دەچێتە سەر قەروێڵە.

•

شەوی هاوین

هەتا ئەستێرەکانیش

بۆ یەک دەچرپێنن.

•

لەگەڵ باوکم

لە کێڵگە سەوزەکاندا

چاودێریی مانگ دەکەم

•

لە ژێر وێنەی بودا

هەموو گوڵەکان

کەمێ ماندوو دیارن

دارکونکەرە

هێشتا هەڵدەکۆڵێ و

خۆریش ئاوادەبێ.

•

کە پیر دەبین

رۆژ بە تەواوی

دەبێتە سەرچاوەی فرمێسک.

•

لەگەڵ توانەوەی بەفر

دێ پڕبوو

لە منداڵانی دێ.

•

هەتا لەبەرانبەر میریشدا

گۆرانییەکانی ناگۆڕێ

بولبول.

•

---

_کۆبایاشی ئیسا (1763_1827) شاعیری یابانی.

_kikahmagazina.com

ماچی تاوارا

**چاودێری دەکەم**

لە دوورەوە
لەسەر پردی "چینتانگ"
چاودێریی دەکەم
شەمەندەفەرێکی سەوز دەبینم
_با_ دەبڕێ.

**دوای جاز**

دوای بیستنی جاز
بە بازاڕێکی بازرگانی ژێرزەویدا دەڕۆم
هاوار هاواری بازرگانەکان
وەک ژاوە ژاوی دەریا وایە.

## بەرەو بەیانی

بەرەو بەیانی فیراق
من هێلکەیێ
بە تامی فرمێسک
لە رۆن دەکەم.

---

_ماچی تاوارا (1962_      ) ژنە شاعیری یابانی.

_سەرچاوە: adab.com

تانیدا سانتۆکا

## ئەو ڕێگایە تەنگە

ئەو ڕێگا تەنگە
دەگاتە ماڵێکی جوان
کە کوورەی تەرمەکانە.
•

لەپێناو خەڵکدا
پێویستە پەیکەری بودا
لە ژێر باراندا بوەستێ.
•

بە تەنیا خوێندنەوەی
تێکستە پیرۆزەکان بەس نییە
دژ بە ژاوە ژاوی جاز.
•

ژنەکان بە تایبەت ئەو کاتە جوانن
کە بەفر لە بەهارا دادەبارێ.
•

ئاخۆ تیشکی تیژی مانگ دەزانێ
بۆمبەکان لە کوێ دادەبارن؟
•

بەری سووری درەختی خۆخ
لە ناوەڕاستی ژاوە ژاوی
ئالارمی جەنگ.
•

لەگەڵ بەردێکی وەک سەرین
سەرێک دوور بەرزکرایەوە
بە ئاراستەی رۆیشتنی هەورەکان.
•

بە جەستەمەوە

روو لە چیا غەرقبووکان لە باراندا

خۆم هەڵدەدەم.

•

رووخسارم لەوێ بوو

ئاوێنەکە سارد بوو.

•

ژنە سەرخۆشەکە

لە ناوەڕاستی شەقامی زستاندا

سەما دەکا.

•

کە تاریکیی باڵدەکێشێ مانگی سارد

لە نێوان باڵەخانەکاندا دەردەکەوێ.

•

که رۆژ لە لوتکەی خۆیدایە
دەنگی بۆقێ دەبیسترێ
گاڵتە بە مارێک دەکا
لەناو گیای قووڵدا.
•

ئەو رۆژەی کە بێدەنگیمم پێبیداوە
دەگۆڕێ بۆ شەوێ
لە تیشکەکانی مانگێکی خەوزڕاو.
•

عەنکەبوت
تەونی خۆی فراوان دەکا و
منیش خۆم بە خۆم دەسپێرم.
•

مانگ لەوێش هەیە
دیمەنی سرووشتی نوێ
لە قووڵایی رووبار.
•

لە ژێر سێبەری مانگدا
لە تەنیایمدا دەدرەشێمەوە
وەک گوڵەبرنج.
•

---

_تانیدا سانتۆکا (1888-1940) شاعیری یابانی.
_سەرچاوە: adab.com

شونتارو تانکیاوا

**دەکرێ شەرەف بدزرێ**

دەکرێ شەرەف بدزرێ
بەڵام هەرگیز کبریا نادزرێ.
دەکرێ وشەکان بدزرێن
بەڵام هەرگیز شیعر نادزرێ.
دەکرێ ماڵەکان بدزرێن
بەڵام ئاسمانی شین هەرگیز نادزرێ.
دەکرێ جل و بەرگ بدزرێ
بەڵام رووتبوونەوە هەرگیز نادزرێ.
دەکرێ عەرش بدزرێ
بەڵام دڵەکان هەرگیز نادزرێن.

---

_شونتارو تانکیاوا.. شاعیری یابانی

_سەرچاوە: adab.com

## شیعرەکانی دۆگین

ناوەڕاستی شەو
شەپۆل نییە و _با_ش.
بەلەمی بەتاڵ
بە لافاوی ڕووناکیی مانگ داپۆشراوە.

مەلەکانی ئاو دەڕۆن و دێن
شوێنەواریان وندەبێ
بەڵام هەرگیز ڕێگایان لە بیر ناکەن.

لای جۆگەی دۆڵ ناوەستم
لە ترسی سێبەرم
نەوەک بەرەو جیهان بڕوا.

---

_دۆگین (1200-1253) شاعیری یابانی.

_سەرچاوە: adab.com

ریوگین سای

## سروودی باڵندە

لە پێناو گوڵەگەنمێکی باریکەلە
لە پێناو دەستە کەلەپچەکراو و بەستراوەکان
لە پێناو منداڵێکی لاواز و برسی
ئەو مەلەی لە ئاسمانماندا
هەڵفڕ هەڵفڕییەتی
سروودی خوێند:
دەمەوێ بژیم
تا مەلەکان باڵیان نەوەرێ و
تا ترپە ترپی دڵی ئاوە جوانەکان
لای هەموو بوونەوەر و
لە دڵی هەموو ئەو کەسانەیش

کە ماسکی جۆراوجۆر دەپۆشن، نەوەستێ.
مەلێ لە ئاسمانی شارێ کە لێژبووە و
کەوتۆتە ژێر تاوانی سەگێک شەل
سروودی خوێند:
دەمەوێ گۆرانی بچڕم
لە پێناو ئەوانەی لەگەڵ دۆڕاوەکان دەوەستن
لەپێناو دەنگی بەقۆناغ خنکاویان.
ئاسمان هەروا دەمێنێتەوە و
تا ناکۆتاش فراوان دەبێ.
دەمەوێ بژیم
تا تاکە ژیانێ شکۆدار بکەم
لە دڵی زیندەوەرە
ئەبەدی و نەمرەکان گەورە ببێ
ئەو ژیانەی کە لە رەگی وجود پەرشدەبێ
دەمەوێ بژیم، لە پێناو بەرائەتیدا.

---

_ریوگین سای.. شاعیری یابانی.

_سەرچاوە: adab.com

# شیعری شاعیرانی ئەفغانستان

شوکریه عرفانی

## خەممان هەڕەشە لە جیهان و

## زمانی گۆشەگیری ناکا

ژیانم لە راستەوە بۆ چەپ خۆشدەوێ و
هاتنم وەک باران خۆشدەوێ
سادە و بە گوزارشت.
مانەوەم وەک ئاسمان خۆشدەوێ، شین و خۆشحاڵ.
رۆیشتنم خۆشدەوێ، لە کڕنۆش بچێ
خاکیی و ساف.
ژیانم لە لای راستەوە خۆشدەوێ و
نووسینیشم خۆشدەوێ لە گوڵاڵە بچێ و
وەک هەڵاتنی خۆر
هەمیشە لە لای راستەوە.

---

_شوکریە عرفانی (1977_    ) ژنە شاعیری ئەفغانی.

سەرچاوە: alaraby.co.uk

زهێره سەید

## ژووری بەرگدوورین

کچەکان لە پشت جۆرە کۆنەکەی
ماکینەی "سینگەر" دانیشتوون
خڕیلەکان لەسەر دیوار.

کچە بچووکترینەکە
قامچییەکەی دەکوتێ و
داوای پۆشاکێکی وەک کێک دەکا.

دەبڕن،
شێوەیان پێدەدە،
تا دەبێتە کەمەربەند و
بەروانکە و
دەستەجلی نەرمی لە مەخمەڵ
لە شینی درەوشاوەدا.

لە ژووری بەرگدوورین
کچەکان زەمزەمە دەکەن
وەک ئەوەی هێشتا لە رەحمدابن.

لەو نێوەندەشدا
باوکیان لە پشت دیواردا
گۆرانی دەڵێ.

---

_زهێرە سەید.. شاعیری ئەفغانی.
_سەرچاوە: adab.com

زالْمای هرمان

**وەک چاو بە رۆندک دەدوێ**

وەک ژنێ بگری
کە لەسەر قەبری خۆشەویستەکەی
خۆی لە رەشایی هەڵسویوە.

لە پرسەدا
من دابەش ناکرێم
وەک خۆشەویستییەکی گەورە.

هەست بە تەنیایی دەکەم
وەک سێبەری نووری سەر بیابان.

تێنوو دەبم
وەک شاعیرێ
کە وشەکانی پاک دەکاتەوە.

پێداگر دەبم
وەک ژنێکی بێ هیوا
وەک ژنانی "کابول" لە پشت دیواەکاندا
وەک بچووکگەلێ لەگەڵ خانەوادەیان
لەسەر سەهۆڵی سوور.

هەست بە نائومێدی و
شەرمەزاریی دەکەم
چونکە ناتوانم هیچ شتێ بکەم.

---

_زاڵمای هرمان.. شاعیری ئەفغانی.

_سەرچاوە: adab.com

پرتۆ نادری

## دەنگم

لە خاکێکی دوورەوە هاتم
جانتایەکی بیانیم بە کۆڵەوەیە و
لەسەر لێوەکانیشم گۆرانییەکی بێدەنگ
لەو کاتەی دەمویست
رووباری ژیانم بشارمەوە
دەنگی خۆمم بینی وەک یونس
حوتێ قوتیدا و
ژیانیشم ونبوو لە دەنگمدا.

---

_پرتۆ نادری.. شاعیری ئەفغانی.
_سەرچاوە: old.al-aalem.com

ڕەزا موحەمەدی

**تۆپی پێ**

سیاسەت ئەو ڕووبارەیە
کە دێیەکانی لێکجیاکردەوە
مەرحەبا ئەی سەربازەکان
تفەنگەکانتان دانێن
لاسلکییەکانتان داخەن
پێویست بە کەلەبچە و
ئامادەباشیی و بۆسە ناکا
ئێمە لە ئێوە نین
ئێمە لەوانیش نین
تەنیا ویستمان ڕاشکاو بین و
تۆپەکەی خۆمان هێنایەوە.

---

_ڕەزا موحەمەدی.. شاعیری ئەفغانی.
_سەرچاوە: old.al-aalem.com

زاهیدە خانی

**بێناونیشان**

من لە کوێ
کۆتاییم پێدێ و
تۆ لە کوێ
دەستپێدەکەیت؟
کەی لەنێو یەک ڕۆحدا
پەخشان دەبین و
وەک دوو درەختی دێرین
دەتوێینەوە و
تێکدەئاڵێین و
ڕەگمان توند
لە قووڵایی خاکدا
ئاوێتە دەبێ بە پەیمان؟
هەرچییێ کە هەڵیدەکڕێنم
لە تۆوە دێ و
هەرچییێ کە تۆ لەفزی دەکەیت

سەدای لە قووڵایی دەنگی ناخمدایە.
لە بەهاردا
باران دەبارێ
هەر جارێ
کە بە منداڵێ حەملم دەبێ
لە رووناکیی تۆدا
لە دایکدەبێ و
هەر هەناسەیێ
کە دەیدەیتەوە
شەونمی بەیانی
بە نێو لق و پۆپی لەراوەم
پەخشان دەکا.

---

_زاهیدە خانی.. ژنە شاعیری ئەفغانی.
_سەرچاوە: m.ahewar.org

فوزیە رەهکزر

## تۆ و من

تۆ و من و
شەوی دزراو لە گەردوون.
تۆ و من و
باخچەی گوڵدار هەناسە دەدا.
بمخۆوە
قوم.. قوم.. قوم
وەک پێکی شەراب.
هەڵممژە
قووڵ.. قووڵ.. قووڵ
وەک دووکەڵی هێوری جگەرەکەت.
لەو شەوە دزراوەی گەردوون
بەشدارمبە لە خۆشەویستیی و ماچ
من ئەمشەو لەگەڵ خۆمدا بەخشندەم.

## من دەترسم

من دەترسم، دەترسم
لەو چرکەساتانەی کە بیرت دەکەم
لە چرکەساتەکانی ئەندێشە
لە تاریکیی ئاسمان
لە ئێرەیی دوژمنەکان
لە هێزی فیراق
من دەترسم، دەترسم
هەڵممەدە نێو مێگەلی گورگەکان
هەڵممەدە نێو دوژمنە قیندارەکان
ڕێمبدە ڕاکەمە نێو لاولاوەی
هەمیشە سەوزی باسکەکانت و
ئەگەر قەدەریش بێ بمرم
با هەر لەوێدا بمرم.

---

_فوزیە رەهکزر.. ژنە شاعیری ئەفغانی.
_سەرچاوە: m.ahewar.org

# شیعری شاعیرانی تورکیا

نازم حیکمەت

## تەنیایەکەم

تۆ تەنیا کەسمی لەو جیهانەدا
لە دوا نامەتدا دەڵێی:
سەرم خەریکە دەتەقێ
دڵم بە خێرایی لێدەدا
ئەگەر لە سێدارەت بدەن، من دەمرم.

تۆ دەژی ئەی ژنی خۆم
بیرەوەری منیش
وەک دووکەڵی رەش
لە _با_دا پەرشدەبێ.

تۆ بەو پرچە زەردەتەوە دەژی
ئەی خوشکی دڵم
مردووەکان، خەڵکانی سەدەی بیستەم

لە ساڵێک زیاتر سەرقاڵ ناکەن.
ئەی ژنی من
ئەی هەنگی من بەو دڵە زێڕینەتەوە
ئەی هەنگی من بەو دوو چاوەی
کە لە هەنگوین شیرینترن
نازانم بۆچی بۆم نووسی
کە ئەوان داوای مەرگم دەکەن
کێشەکە هێشتا لە دەسپێکە
خۆ ناکرێ وەک چۆن
سەری توور پەلدەدەن
ئاوا سەری ئینسان پەلبدەن
گرنگیی پێمەدە
ئەوە تەنیا گریمانەی مرۆڤەکانە و
ئەوەشت بیرنەچێ
کە هەمیشە ژنی زیندانیکراو
بیرۆکەی رەش راپێچی دەکا.

## پیرەمێرد و دەریا

لە ئاسمانی دەریا
هەورگەلێکی فرەڕەنگ
بەسەر رووی ئاودا تێدەپەڕێ
کەشتی زیوین دەڕوا
لە ئاودا ماسی زەرد مەلە دەکا
لە قووڵایدا، قەوزەی بنەوشەیی سەما دەکا
لەسەر لمی کەناردا پیرەمێرد دەپرسێ:
ئاخۆ دەبمە هەور یا کەشتیی؟
ئایە دەبمە ماسی
یا قەوزەیەکی بنەوشەیی؟
نە ئەم و نە ئەو
ئەی کوڕی خۆم
ببە دەریا،
بە هەور و کەشتیی و ماسی و
قەوزەی بنەوشییەوە.

## گەورەیەك بە دوو چاوی شینییەوە

عیملاقێکی چاوشین هەبوو
ژنێکی بچووکی قاوەیی خۆشدەویست
ژنە خەونی بە ماڵێکی بچووکەوە دەبینی
کە بە بێستان دەورە درابێ و لەو بێستانەدا
گوڵی هەنگوینیی پەرتەوازە بپشکوێ.

عیملاق ئاوا خۆشەویستی دەکرد
وەک چۆن عیملاقەکان خۆشەویستیی دەکەن
دەستەکانی گەورە بوون
تەنیا بە کەلکی کاری گەورە دەهاتن
بۆیە بێگومان نە دەیتوانی
ماڵێکی هێندە بچووک بینا بکا و
نە لە ژێر سەقفێکی ئاوا نەویشدا
کە تێیدا گوڵی هەنگوینیی پەرتەوازە بپشکوێ،
داوای پێشوازی بکا.

عیملاقی چاوشین

ژنێکی بچووکی قاوەیی خۆشدەویست
ژنە کورتە باڵاکە کە خەونی
بە ژیانێکی ئارامەوە دەبینی سەبری نەما و
بیانووی بە ڕێگا سەختەکانی عیملاقەوە گرت
ئەو ڕۆژە ماڵئاوایی لێکرد
تا بچێتە باوەشی
قەزەمێکی سەرسەری زەنگین
لە ماڵێکی بچووکدا
کە بە بێستان دەورە درابێ و لەو بێستانەدا
گوڵی هەنگوینیی پەرتەوازە بپشکوێ.

جا عیملاقی چاوشین تێگەیشت
بەڵام تازە کار لە کار ترازا بوو
ماڵێکی بچووک کە بە بێستان دەورە درابێ
بە کەلک گۆڕستانیش نایە
لەبەر ئەو خۆشەویستییە
مەزن و گەورەیەی عیملاق.

## جوانترین دەریاکان

له هەموو دەریاکان جوانتر ئەو دەریایه
که هێشتا بۆی نەڕۆیشتووین و
جوانترین منداڵەکان ئەوانەن
که هێشتا گەوره نەبووینه و
جوانترین رۆژەکان ئەوانەن
که چاوەڕوانمانن و
جوانترین شیعرەکانیش ئەوانەن
که هێشتا بۆم نەنووسیوی
ئەی بچکۆڵەکەم..
ئەی بچووکەکەی خۆم..

---

_نازم حیکمەت (1902_1963) شاعیری تورك.

_سەرچاوە: adab.com

حسێن فەرهاد

## ئیمرەئول قەیس

زمانی ئەسپ و
راپۆرتی نهێنی ژن دەزانم و
من سەگێکی خوێڕیم
لە چاوی گەوادەکان.

کاروانسەرایێ نەماوە لێی نەخەوتبم و
بێستانێکێش نەماوە
بەرووتیی نەچووبمە ناویی و
ئەو ژەهرەی "امرأ القیس"یشی کووشت
چەندینجار بۆم دانراوە..
بە خێرایی "یثرب"م بڕی و
لە "مەککە" حەسامەوە
تا نیشتمانی شاعیر ببینم
لە "یەمەن"ی کۆن دابەزیم.

یەمەن؛ بە خەتێکی جوان
لەسەر کەتانێکی مصری:
سەد هەزار حوشتری شیردەر،
بەقەد ژمارەشیان نیشانەی سەرسوڕمان.

یەمەن؛ لە دەوروبەری بیابان
لەسەر فەروویەکی راخستراو
سەد هەزار پەرداخی لە قوڕ دروستکراو،
بەقەد ژمارەشیان کللۆ.

سەوزیی قاوە و
شینیی شیری روونم خۆشدەوێ و
لە بازاڕ تێناگەم
لە چاوی بازرگانەکانی خەیاڵ.

"نەجد" کۆتایی ئەسڵ و
"عەدەن" پژوپۆی درەختی غارە و
چاوم تا کاسەم بەرزدەبێتەوە

کاتێ خۆر لە دەریای سوور ئاوا دەبێ
تاوەکو لەرینەوە لەسەر لێوەکانم
دێرە شیعرێکی جوانی دەوڵەمەندە
دوو شت بە گومانەوە زەواج دەکەن
عەشق و شیعر.

"قەیس"رادەستی
ملوانکەی راشەکاوی گەردەنی و
گوارەی پڕ لە خوداوەندی گوێچکەی دەبێتەوە
ئەگەر جارێکیتر گەڕایەوە ژیان
هەموو عەشق وەک شارێ
خۆی لە بەفری شیعرێکی
خۆڵەمێشی حەشار دەدا و
هەروەها رۆژێ لە رۆژان
دڵی منیش لە "ئەنقەرە" لە سێدارە دەدرێ.

---

_حسێن فەرهاد (1954_ ) شاعیری تورک.

_سەرچاوە: adab.com

ئۆرهان وەلی

## بە خۆڕایی

بە خۆڕایی دەژین
هەوا بە خۆڕاییە
هەور بە خۆڕاییە
دۆڵ و بان بە خۆڕایین
تەماشاکردنی سەیارە لە دەرەوە بە خۆڕاییە
بەردەرگای سینەما بە خۆڕاییە
رووی شووشەیی مارکێتەکان بە خۆڕاییە
خۆ وەک نان و پەنیر نین
بەڵام ئاوی سوێر بە خۆڕاییە
ئازادیی دەبێ ژیانتی بۆ دانێی و
کۆیلایەتی بە خۆڕاییە
بە خۆڕایی دەژین
بە خۆڕایی.

## پیاسه

دوای نیوەی شەو بۆچی رووناکیی
لەو ماڵە چیاییەدا داگیرساوە؟
چی روودەدا؟
ئایا دەدوێن یان یاری بینجۆ دەکەن؟
شتێ دەکەن..
ئەگەر دەدوێن
دەبێ لەبارەی چییەوە بدوێن؟
جەنگ؟ باج؟
لەوانەیە لەبارەی هیچەوە نەدوێن
منداڵەکان خەوتوون
باوک رۆژنامە دەخوێنێتەوە
دایک دورمان دەکا
لەوانەیە نە ئەم راستبێ و نە ئەو
کێ چوزانێ؟
لەوانەیە ئەو کارانەی کە دەیانکرد
رەقیب لێیپچڕاندبن.

## دوو قەسیدە لەسەر سەفەر

_1_

کە سەفەر دەکەی

ئەستێرەکان لەگەڵت دەدوێن

زۆرترینجار

قسەی غەمگینت بۆ دەکەن.

_2_

کەسێ کە لە ئێوارەدا

بە سەرخۆشیی

گۆرانییەک لەبەر خۆیەوە دەڵێ

ئاسودە دەبێ

گوتنی هەمان گۆرانی

لە پەنجەرەی شەمەندەفەردا

دڵتەنگی دەکا.

## سوپاس بۆ خوا

کەسێ لە ماڵێیە
سوپاس بۆ خوا
هەناسەیەک
دەنگی هەنگاونان
سوپاس بۆ خوا.

## نووسین لەسەر کێڵ

_1_

لەو دنیایەدا
لە بەدەست هیچ شتێ
هێندە نەیناڵاندوە
بە قەد ناڵەی
لە دەست نینۆکی ناو گۆشتی
هەتا هێندە بەوەش کاریگەر نەبوو
کە بە ناشرینی خولقاوە
هەرگیز ناوی خوای نەهێناوە
لەگەڵ ئەوەش بە کافر دانادریێ
زۆر بەداخەوە
بۆ ئیسماعیلە فەندی.

_2_

مەسەلەکە ئەوە نییە

دەبێ یا نابێ سەبارەت بە ئەو

سەبارەت بە ئەو.

ئەو ئێوارەیە نووست

ئیدی هەرگیز هەڵنەستایەوە.

بردیان

سەڵاواتیان لەسەر لێدا

ناشتیان

ئەگەر خاوەن قەرزەکانی

هەواڵی مردنی ببیستن

بێگومان لێیخۆشدەبن

بەڵام سەبارەت بە دینی

ئەوا ئەو مەرحومە

هەر دینی نەبوو ئەسڵەن.

## هەنگاو

درەختەکانی سپیندار جوانن
بەڵام ئەگەر گەیشتینە
خاڵی کۆتایی
پێمباشترە
ببمە رووبار
نەک درەختی سپیندار.

---

_ئۆرهان وەلی (1914_1950) شاعیری تورک.

_سەرچاوە/myshadowbook.wordpress.com

جەمال ثورەیا

**وێنە**

سێ کەس لە وێستگەدا
پیاوێک و ژنێک و منداڵێک
دەستی پیاوەکە لە گیرفانییەتی
ژنەکە دەستی منداڵەکەی گرتووە
پیاوەکە غەمگینە
وەک گۆرانییە غەمگینەکان، غەمگینە
ژنەکە جوانە
وەک بیرەوەرییە جوانەکان، جوانە
منداڵەکە غەمگینە
وەک بیرەوەرییە جوانەکان و
جوانیشە وەک گۆرانییە غەمگینەکان.

---

_جەمال ثورەیا (1931_1990) شاعیری تورک.

_سەرچاوە:http://al-adab.com/article

# شیعری شاعیرانی چین

دیۆ دیۆ

**بۆ خۆر**

خێزانمان بدێ

حیکمەتمان بدێ

تۆ بووی وات لە منداڵ کرد

بەسەر شانی باوکیدا هەڵزنێ.

رووناکییمان بدێ

"ئاوریشم"مان بدێ

تۆ بووی وات لە سەگ کرد

بە دوای شاعیر لە تەوافدابێ

کاتمان بدێ

لێگەڕێ زەحمەتبکێشین

تۆ بە تاریکیی شەو زۆر دەخەویت و

سەرینت ئەمانمانە

لە تۆدا پشت بە خۆمان دەبەستین و

باوەڕ دێنین

لە چاڵاوی نوورت لە دایکدەبین و دەمرین و

خاکی خەونەکان و

خاکی ئاشتی دەپشکنین

ئەی خاوەن رووخساری بزەئامێز

تۆ وەزیری خوایت

بێ چاوچنۆکیی و غیرەی مرۆڤ

تۆ شاژنی رۆحێکی دادوەری

ناوبانگ ئاسان دەکەیت و

هێز دەبەخشی تا بوێر بین

دەستت بە سەر هەموو خەڵک دادێنی

رێز لە گشت دەگریت و

ژیانت داهێنانە، خەلقە

رووناکیت لە رۆژهەڵاتەوە دەردەکەوێ

خۆ تۆ زەڵکاوێ نیت

وەک پارەی دەستاودەست پێکراو

لە هەموو جیهاندا.

---

_دیۆ دیۆ (1951_ ) شاعیری چینی.

_سەرچاوە: adab.com

هان زۆو رۆنگ

## تایبەتمەندیی

برادێکم پێیگوتم:
لە رۆژانی لاویمدا
دۆستێکم غەمباری کردم
لەو کاتە ی کە یەکترمان خۆشدەویست.
جەستەی ساردی لە چرکەساتێ
خوێنمی لە مندا بەفرین کرد
لە چرکەساتی
خۆشەویستییەکی بە تیندا
دۆستەکەم
بە هێز و جێگیرییەوە
بەرگری لە خۆی کرد و
دواتر پاڵی پێوەنام

بە سووتاوییەوە گریا و گوتی: ببوورە
لەو کاتەی کە منداڵبووم
من قوربانیی ئیغتیساب بووم
دوای گوێ گرتنم لەو قسە ترسناکەی
هەستم کرد گوناهبارم و
لەو کاتەدا هێزی خۆمم
بۆ خۆشەویستی لەدەستدا و
دواتر دۆستەکەم گوتی:
کە ژن نەیویست ئەوە ئیغیسابە و
کە ویستیشی ئەوە خۆشەویستییە.

---

_هان زۆو رۆنگ (1947_ ) شاعیری چینی.
_سەرچاوە: adab.com

هان شان بی

## ڕێگای تەنگ

بۆ گەڕان بە دوای ئەو کچەی
کە بە دوای خەونیدا دەگەڕا
هەنگاوم بەسەر دڕک و داڵی
ڕێگایەکی تەنگەوە نا.
ئای لەو حەسرەتە
ڕۆیشت و خەونی خۆشی لەگەڵ خۆیدا برد
لە کەناری دەریاییێکی ئارام لە سپێدەدا
هیچ شتێ نەما جگە لە تەم.

شەپۆل شوێنپێیەکانی سڕییەوە
هەوری سپیش غەمەکانی لێسەند
کچە خەونی خۆی کۆکردەوە و ڕۆیشت
لە کەناری دەریاییێکی ئارام
هیچ شتێ نەما جگە لە هەندێ لمی سپی.

بۆ گەڕان بە دوای ئەو کچەی
کە بە دوای خەونیدا دەگەڕا
خۆری بەیانی و هەوری شەوانم
بە دیاریی دایە دەریا
بە رێککەوت لە رۆخی
رێگایەکی گەشەسەندوو گوڵێکم قرتاند
بۆ ئەوەی لە گەڕانەوەمدا
گوڵ و شوێنپێیەکانی
ئەوەی کە لە لمی کەناردا بە دەستمهێنابوو
لە نێو دەستەکانمدابێ.

## بۆ دایکم

لەو مەوسیمانەی کە گوڵ دەپشکوێ
لە بەهاراندا کە تەم و باران زۆر دەبێ
هەمیشە لە گوندەکەمان
بە تەنیشت رووبارێکی بچووکدا
روو لە قەبری دایکم رێدەکەم
تا بە بێدەنگی گوڵەکێوییێکی
پێشکەش بکەم و
گوڵەکە جێبهێڵم
تا لەسەر گۆڕەکەیدا بگریێ.

بەڵام ئێستا کە سەفەرم کردوە و دوورم
قامیشەڵان لەسەر گۆڕت رواون
سەر گۆڕت پڕ بووە لە دڕک و داڵ
کێ دێ گیاوگۆڵی زیادە
لەسەر قەبرت هەڵتەکێنێ؟
کێ دێ ئەو گیاوگۆڵە لادا
کە هاتوونەتە سەر گۆڕت؟

ببەخشە دایە
کۆچم لەو وڵاتەی
کە هیلاکیی سەروەریەتی
لەو گوندە شپرزەیە
لە پێناو گەڕان بوو بە دوای ئازادیی
لە پێناو گەڕان بوو بە دوای خەونی جوان.

ئێستا لە مەوسیمی کرانەوەی گوڵدا
تەنیا دەتوانم بچمە سەر چیای (تای بینگ)
تەماشای ئاراستەی گوندەکەم بکەم
تا بە دوای ئەو دۆڵەدا بگەڕێم
کە لە منداڵییمدا
بزن و چێڵم تێیدا بەخێو دەکرد
تا بە دوای ئەو رووبارەدا بگەڕێم
کە بە منداڵیی خۆشحاڵانە
بە دوای ماسیدا دەگەڕام
قەبری دایکم لە کوێیە؟
ئەی بۆچی هەمیشە
هیچ نابینم جگە لە هەور؟
هیچ نابینم جگە لە چیای سەوزی بێژمار؟

منداڵێکی دوورم بیردێتەوە
کە زەمەنی پەخشانبوونی
بۆنی گوڵی بەر دەرگای ماڵانی بیردێتەوە
کاتێ _با_ دەیبرد
من هەمیشە خۆم دەهاوێشتە باوەشت
چاوەڕوانی دەرکەوتنی
یەکەم ئەستێرەی درەوشاوەم دەکرد
لە لای رۆژهەڵاتەوە.

ئێستا هەوری ئاوابوون
لە گوندێکی غەریبدا
هێشتا بزەیەکی رەنگپەڕیووی بە کۆڵەوەیە
لە گوندێکی غەریبدا
گوڵ هێشتا پەڕەکانی دەکاتەوە
بەڵام دایکی خۆشەویستم
من لەو دنیای هیلاکییەدا کۆچم کرد
بەرەو دەڤەرێ کە جەوهەری ناناسم و
خەمۆکیشە.

بیری پەرشم
وەک هەور و
دەریاکانە
دوورە.. گەورەیە
شەپۆلەکانی دڵم
وەک شەپۆلی دەریایەکی یاخین و
هەرگیز ئەو ئێوارە غەمبارەم بیرناچێتەوە
کە خوشکە بچووکەکەم
لە باوەشکرد و
لە قەبردا ماڵئاواییمان لێکردی
خوشکم هێشتا
لە غەم تێنەدەگەیشت
بە درێژایی رێگای گەڕانەوە
ئەو گۆرانییەی دەچڕی:
دایکم بەیانی دەگەڕێتەوە
سەبەتەیێ میوەی بە دەستە و
منداڵێکی بچووکیشی لە ئامێزە.

چرای زەیتیی هەڵدەگرم
لە پەنجەرەوە
گوێم لە دەنگی
مەل و مێروولە و کژەبارانە دەبێ
دایە لەگەڵ خۆتدا
هەموو گەرم و گوڕییێکی ژیانت برد
هیچت جێنەهێشت
هیچت جێنەهێشت
جگە لە بۆشاییەکی مەزن.

تۆ دەزانی کە خوشکم
لە چرکەساتە نایابەکانی غروبدا
دەچێتە باڵکۆن و
دەستی بۆ ئەو رێیە باریکە درێژ دەکا
چونکە دڵنیایە رۆژێ دادێ
لەو باریکەرێیەی
کە لە تەمدا ونبووە
دەگەڕێیتەوە.

ئێستا وەرز و مەوسیمێکیترە

گوڵەکان پەڕەکانیان دەکەنەوە

گەڕانەوە ڕەدناکەمەوە

تا سەردانی قەبری دایکم بکەم

تا گوندە دێرینەکەمان ببینمەوە

بەڵام ڕێگای گەڕانەوەم پچڕاوە

لە نیشتمانی مندا

هەر بستە خاکێ

خوێنی لێدەچۆڕێ و

تەنیایش گوندی منی پڕ کردووە.

دایه..

گوێ هیچ شتێکی باش نابیستێ

جگه له گریانی رووباری "چیانگ"

نازانم له چ ساڵێ

له چ رۆژێ

له چ وەرز و مەوسیمێ

که تێیدا گوڵەکان پەڕەکانیان دەکرێتەوه

دەتوانم زیارەتی قەبرت بکەم!

تا گوڵەکێویێکت پێشکەش بکەم و

لێیگەڕێم ئەو گوڵه

تێر لەسەر قەبرتدا بگریێ.

---

_هان شان بی (1938_ ) شاعیری چینی.

_سەرچاوە adab.com

فراسوا چانگ

## له خاکێکی فانیدا

چ شتێ دەتوانێ بتترسێنێ
لەو خاکە فانییەدا؟
تۆ ئەو نەیزەکەی
کە لە تەقینەوەی یەکەم و
لە کەوتنی بێکۆتایی رزگارت بوو
چ شتێ دەتوانێ بتترسێنێ
جگە لە لوغزی تایبەتی خۆت؟

---

_فراسوا چانگ (1929_ ) شاعیری چینی.

_سەرچاوە: adab.com

شی ژی

## تووڕەیی

ئیدی تووڕەییم فرمێسک نییە وەک باران
ئیدی گڕێکی بێزار نییە، ناتوانم بینووسم
ئیدی لە پێناو تۆڵە ئومێدی کۆمەک لە غەریبێ ناخوازم
لەگەڵ ئەوەیش هەستم بەو هەستەم کردووە
ئیدی تووڕەییم بێزارییەکی سەرسەخت نییە
ئیدی هەمیشە رەخنە ناگرێ.. ئیدی هاوار ناکا
لەگەڵ ئەوەیش هەستم بەو هەستەم کردووە
لەگەڵ ئەوەیش هێشتا پاکیی منداڵییم بە کۆڵەوەیە
لەگەڵ ئەوەیش هێشتا دڵنیا نیم کە من بەهێزم
بەڵام لەو دڵەم کە ئێستا ساویلکە نییە
تووڕەیێ هەیە بۆتە بێدەنگییێکی ترسناک.

---

_شی ژی (1948-  ) شاعیری چینی.

_سەرچاوە: adab.com

شو هۆ سینگ

## شەیتانەکان

لە تەنیشت رووناکیی بەخیلی مۆمەکان
لە گۆشەیەکی پڕ لەتاریکیی
خەون دەبینن
جۆرە خەونێ
کە تەمەنی هەزار ساڵە
ئەی خۆشەویستم
بە تۆی دەڵێم:
ئەوان لە ژێر خۆری رۆژدا
لە دڵی مرۆڤەکان
وەکو تنۆکی خوناو دەبنە هەڵم.

## شیعر

شیعر زێڕ و زیومان پێشکەش ناکا
شیعر هیچ شتێ پێشکەش ناکا
جگە لە دڵێکی جوان.

## حەق

حەق ئاگرە
کێ دەتوانێ لە شقارتەدا زیندانی بکا؟
کێ دەتوانێ لە ڕووناکییدا ببیەستێتەوە؟

## ژنێکی موسافیر

کۆترێکی وێڵ

لەو ئاسۆیە غەریبەدا

بە دوای رێی

گەڕانەوەیدا دەگەڕێ.

موسافیرێ

لە وڵاتێکی غەریبدا

ئاهـ..

لە دڵی ئەو موسافیرە

نیشتمانەکەی دەژیێ.

## پاڵەوان

لە گۆڕەپانێکی فراواندا
لەسەر پایەکی بەرز
پەیکەری بڕۆنزی
پیاوێکی زەنگین دەبریقێتەوە
بە خۆمم گوت:
ئێ هەروایە
لە دنیادا
ماسی گەورە
ماسی بچووک دەخوا.

## خەڵووز

ئاگرێکم پێببەخشە
وام لێبکا نوور و
گەرمیم لێبچۆڕێ
من خەڵووزی رەشم
نەک بەفری سپی.

## ئەو

ئەو منداڵێکە
بێ ماندووبوون
لەگەڵ منداڵەکانیتر
چاوشارکێ دەکا.
ئەو گەنجێکە و
سبەی بە دڵێکی
وەک شەپۆڵە بێ ئۆقرەکان
سەفەر دەکا.
ئەو جوامێرێکە
ئایە هەست بە تەنیایی دەکا؟
نەخێر،
چونکە بیرەوەری
لە تەکی دانیشتوە.

## ماسی

بەو نزیکانە
کێ لە ئاپۆرەی ئەو بازاڕە دەمبا
خەڵک نرخی منیان لا گرنگە
نەک فرمێسکم
نەک خەمەکانم
بیری ژیانی دەریا دەکەم
بیری ژیانی دەریا یا مەرگ دەکەم
ئاهـ؛ چەند موشتاقی مەرگێکم
لەو دەریایانەی
کە شەپۆلەکانیان
تۆڵەسەندنەوەن.

---

_شو هۆ سینگ (1921-1999) شاعیری چینی.
_سەرچاوە: adab.com

شو جی مو

## بەشێک لە قەسیدەی درێژی

## شەو

دەنگێ پێیگوتم:

مەترسە

من لە پێشت رێدەکەم.

_تۆ کێیت؟

_مەپرسە، لەگەڵ من بیت رێ وnناکەیت.

من تەوەری کەونم

سەرچاوەی نوورم

من کانیی رۆحم

من ژیانی ژیانم

من رێبەری شەیتانی شیعرم

ڕاڕا مەبە، لەگەڵ من بیت ڕێ ونناکەیت.

_من ناتناسم

_با، دەمناسی

خۆر و درەختەکان و

ئەستێرەکان و مانگ و

کیسەڵەکان و

باڵندەکان و

ئاژەڵ و

هەموو ڕەگەزەکانی مرۆڤ و مێرووولەکان

هەموو ئەوانە لە دایک و باوکێکن

هەموویان لە منەوە ژیان وەردەگرن

هەموویان لە خۆشویستییم و

چاودێری من پیرۆزیی دەبەن

من خۆرم بۆ خۆر و

ئاتونی ژیانی ئەبەدیم

هیچ مەکە تەنیا

گوێ لە ئامۆژگاریم بگرە

گومان مەکە

فێرت دەکەم بە چیادا هەڵزنێیت و

لە سامناکییەکان نەترسیت.

فێرت دەکەم لە دەریاکاندا بڕۆیت و

لە نوقمبوون نەترسیت.

فێرت دەکەم لەسەر ئاگر بڕۆیت و

لە پڕووکان نەترسیت.

فێرت دەکەم دوام بکەویت و

لێم نەپرسیت من کێم.

من نە لێرەم و نە لەوێ

بەڵام لە هەموو شوێنێکدام

هەرچی بوونەوەرە وەهمی فراوانن

تەنیا من نەبێ کە لە ئەزەلەوە

حەقیقەت و بوونی نەگۆڕم.

بەر لە کەمێ سەرم لە شوێنەوارێدا

لە ژێر باڵی تاریکیی

دەبێ تۆش پەنهان و

زێڕە شاراوەکانیت بینیبێ

بەر لە کەمێ کاتێ

لە کەناری گەورەی دەریا دەڕۆیشتی
فرمێسکی چاوێکت نەبینی
وەک ئەستێرەیەکی درەوشاوە؟
ئەوە هی من نییە
ئەگەر چەقۆی راستەقینەت دەوێ
ئەوا بە بوێرییەوە خۆت بخە نێو
دڵی گەردەلوول و برووسک و گەواڵە.
ئەگەر دەتەوێ لەگەڵ حەقدا بگونجێی
خۆت بخە نێو دڵی فەوزا.
ئەگەر ئاشتی راستەقینەت دەوێ
خۆت بخە نێو دڵی کودەتاییێکی تەواو و
شۆڕشی گەورە.
ئەگەر بەختەوەریی راستەقینەت دەوێ
خۆت بخە نێو دڵی ئازارێکی ساف.
ئەگەر وجودی راستەقینەت دەوێ
خۆت بخە نێو دڵی بۆشاییەکی تەواو.

ئەگەر ژیانێکی راستەقینەت دەوێ
خۆت بخە نێو دڵی سامناکیی.
ئەگەر بەهەشتی راستەقینەت دەوێ
خۆت بخە نێو دڵی ئاگر.
ئەوە رێگا و قسە و ئامۆژگاری و ئیلهامی منە.
ئێستا تۆم گەڕاندەوە خاڵی دەسپێک لە فزولت
دەتبەمە ناو دڵی شەو
نابینی کە ئەو گیا سەوزانە حەقیقەتن و
ئەو رووبارەیش کە دەڕوا بەخێوکار؟
زۆر حەز دەکەم واز
لە گومانەکانت بێنیت و
گوێ لە قسەکانم بگریت
ئەو کاتە هەرگیز رێ وناکەیت و
منیش هەمیشە بە تۆوە دەورە دراوم.

---

_شو جی مو (1897_1931) شاعیری چینی.
_سەرچاوە: adab.com

شو تینگ

## گوڵێک لەسەر گۆڕی دایکم

-1-

پەنجە رەنگپەڕیوەکان پرچم دادێنن
ئەوەتە من مناڵێکم لە نوێوە
لچکێکی کراسەکەت دەگرم
سەیری رووخساری جوانت دەکەم
لەگەڵ ئەوەی کە بەرەبەیان
خەونەکانمی پارچە کرد
هێشتایش دەترسم
کاتێ چاوەکانم دەکەمەوە
وێنەی تۆ لەبەر چاوەکانمدا نەمێنێ
شاڵە سوورەکەتم هەڵگرتووە
هەرگیز نەمشۆریوە
چونکە بە شۆرینی
بۆنی خۆشی تۆی لێنامێنێ.

-2-

ئای دایە گیان

زەمەن رووبارێکی دڵڕەقە و

زاکیرەش وەک گوڵەکان دەژاکێ

ئاخر من چۆن دەشێم

ئەو سندووقە رەنگاوڕەنگەی

بیرەوەرییەکان بکەمەوە؟

-3-

کاتێ دەرزیت خەزن دەکرد

بۆت دەگریام

ئێستا بۆم گرنگ نییە

تاجی دڕکینیش لەسەرکەم

بەرانبەر وێنەت ئازار ئەچێژم

بەڵام ئەگەر هاوارم دنیاش وێرانکا

دەزانم هەرگیز خەوت لێتێکنادەم.

-4-

ئاهـ.. لەگەڵ ئەوەی

گۆرانیم بۆ دەریا و گوڵ و

رووخساری رۆژ نووسیوە

بەڵام هێشتایش نازانم

چۆن خۆشەویستیی خۆم بۆ تۆ

لای خەڵک بەیانکەم.

-5-

ئەی دایکی من شەوقم بۆ تۆ

نە تاڤگەیە و نە رووبار

بەڵام بیرێکی قووڵە لە رەحمی خاک

بیرێک لە ئاوی گوڵ

لە بێدەنگییدا گۆرانی دەچڕێ.

---

_شو تینگ (1952- ) ژنە شاعیری چینی.

_سەرچاوە: adab.com

خان تزوا رونج

## کوشتنی ماسییێک

سەریم گرت و
ویستم ریشۆڵەکانی ببڕم
کلکی ماسی بە توندی لە ئاویدا
هێڵێکی خوێنینی تەنکی جێهێشت و
پەڕەکانیم بڕی و
هەندێ خوێنی ڕەش ڕژا
دڵیم دەرهێنا بەڵام هێشتا لێیدەدا
کوڕم گوتی: سەری ببڕە تا بمرێ..
سەریم بڕی و
ماسییەکە هێشتا زیندووبوو
بیرم کەوتەوە لە منداڵییمدا
بینیم پیاوێ سەری مریشکێکی دەبڕی و
مریشک بە بێ سەر هەنگاوی دەنا و
دوای خۆی چەند هێڵێکی خوێنی سووری
لەسەر بەفر جێدەهێشت

خوێنی سووری.
گۆشتی ماسی سپییە و
چەقۆش ساردە
زەیتی هەڵقرچاو
ئەو ماسییە
خۆی هەڵدەدایە نێو مەقلی و
لام وایە ئەو ماسییە
رقی لەو چەقۆیە دەبێتەوە
چەقۆ حەتمەن
رقی لە دەسکی خۆی دەبێتەوە
بەڵام دەسکی ئەو چەقۆیەی
کە لە داربوو
هەرگیز ناتوانێ
رقی لە من ببێتەوە.

---

_خان تزوا رونج (1947_ ) شاعیری چینی.
_سەرچاوە: adab.com

ژی خیان

**ئــەو**

خۆشبەخت نەبوو
هەرگیز خۆشحاڵ نەبوو
هەوڵدەدا بگاتە ترۆپک
بەڵام ناتوانێ
کاتێ لە هەڵزنان
دەستەوەستان وەستا
تەنیا بە سەیرکردنی خوارەوە
لە ناکاو سەرکەوتنی بینی.

دوای کەمێ گەورە دەبم و
پرچم خۆڵەمێشیی دەبێ
چونکە ئازایەتیم لەدەستداوە
کەمێ سەرما و دواتر
بەفر دەتوێتەوە
تا خۆر هەڵبێ.

هەموو ژیانت
بە پێیەکانت و
بە خەونی کەم و
کەمێک لە شێتبوون لە عەشق
مەخە سەر خاک
پێدەچێ ئەوە بۆم
حاڵەتێکی تەندرووستربێ.

بیر لە خۆشبەختیم دەکەمەوە
لە ترسم
لە رۆژەکانم
بە درێژایی و کورتییانەوە
بەڵام ئەوەی کە بیرم لێ نەکردۆتەوە
ئەو شتەیە کە هەمیشە
خۆشبەختیم بۆ دێنێ.

## پەیکەرتاش

خەمم پەیکەرتاشێکی بەهرەدارە
هەموو ئێوارەیێ دێتە لام و
ناشیبینم.

شفرەیەکی بێ ئەدگار بەکار دێنێ
قووڵایی هێڵەکانی نێوچەوانم زیاد دەبن
هەندێ هێڵیتر دەکێشێ و
بەرە بەرە پەڕپووت دەبم
تا هێور هێور
توحفە هونەرییەکەی تەواو دەبێ.

---

_ژی خیان..شاعیری چینی.
_سەرچاوە: adab.com

وای مینگ

**دیـــدار**

لە ئەسڵدا
بە دڵ دەگوترا
شووشە
دوێنێ لە قاوەخانەدا
یەکترمان بینی
رێک لەو چرکەساتەدا
گوێم لە دەنگی
شووشەیێ بوو
دەشکا.

## مەزندەکردن

دڵم لەت لەت بوو
لەبەر ئەو هەموو
زامە زۆرەی کە تێیدایە و
وەک زمانێکی لێهاتووە
لەسەر ئێسک نووسرابێ
دوای ساڵانێ
دڵم لە ناخی زەوی دەردەهێنن
تا بە بایەخەوە
توێژینەوەی لەسەر بکەن.

---

_وای مینگ.. شاعیری چینی.
_سەرچاوە: adab.com

جودی کینگ

## لەگەڵ سێبەرم سەما دەکەم

لەگەڵ سێبەرم
لە شادی و
لە خۆردا
سەما دەکەم
پەنجە باریکەکان
حیکایەت و خەیاڵان دەچنن
وێنەکان وندەبن و دەردەکەون و
جنۆکە بە باڵە باریکەکانی دەفڕێ
پەپوولەکان لە ترسدا هەڵفڕ هەڵفڕیانە
قرژاڵ لە هەوای نەرمدا دەخزێ
دولفینەکان بە جوولەیەکی لەسەرخۆ دەخولێنەوە
فیلەکان سەمای ڤاڵتس دەکەن
کیسەڵەکان سەمای دارکوونکەرە دەڕەقسن
پێنگوینەکان بە پەڕەشووت دادەبەزن

شێرەکان تێکەڵی کەروێشکەکان دەبن
ورچە جەمسەرییەکان
جەستەیان دەلەرێننەوە
خەیاڵاتێکی تێپەڕ..
سێبەرم بە خۆشییەوە لە شەودا
سەمام لەگەڵ دەکا
لە ئاسمانێکی بێ ئەستێرەدا
وێنەی خەم دەکێشێ
سیحر بە شەپۆلەکان دەبەخشێ
زەمزەمە دەکا
لەسەر چیا ناپەیوەستەکان
لە فەرشدا
تەنیا دەبێ
شەقارێ لە ترازانێکی زبر
بێئاگا لە ئاگایی
چنارێکی گریاو..
قەیرەکان ئاهە ئاهی سکاڵایانە
دەلەرزن لە بینینی

وجودی لەرزۆکیان
دولفینە سەماکارەکان..
کچانی گەنج بە سەرنجی پاڵەوانەکانیان
دەدرەوشێنەوە
پەنجەکانم وەک گەڵای درەختەکان
لارە لار دەلەرنەوە
لە چرکە پیرۆزەکانی مەستیی لوولدەدرێن
نایابە وەک یاقوت لە مرواری پاکترە
پوختترە لە وجوی شپرزەم
هەورە خەمگینەکان
بۆ تیشکە شینەکانی خۆر پاکدەکاتەوە
خۆشیی لە وجودم دەبەم
خۆشیی لە ژیانم دەبم لە ئێستادا
من و سێبەرم یەک بوونەوەرین.

---

_جودی کینگ.. شاعیری چینی.
_سەرچاوە: adab.com

سینگ مین ژوو

## **کەنناس**

گەسک دەگرێتە دەست
تا ئەو ئەستێرانە رابماڵێ
کە ئاسمانیان پڕ کردوە.
دەنگی پێیەکانت هێمنیی پەرت دەکا و
بەرەبەیان لە خەو هەڵدەستێنێ.
لە ژێر خۆری سووتێنەر
چاوەکانت ئارەقە دەشۆرن و
لە زستاندا سەرمای زۆر سارد
ئێسکت بەهێز دەکا.
گۆرانییەکی جوان ناچڕیت و
ئاوازێکی کاریگەر ناژەنیت
بەڵام گەسک دەگریتە دەست و
لە دەنگی ئەو پێیانەت
کە بێ وەستان کار دەکەن
شەقامێکی پاکمان پێشکەش دەکەیت.

## پرچی درێژت

پرچی درێژت
وەک لاولاوە لار دەبێتەوە
_با_ وەک تەمی سپێدە دوور دەیبا
وەک گوریسێکی بێ شێوە
دڵم گرێ دەدا و
هەموو هەستی خۆشەویستییم لوول دەدا.
کۆت و پێوەندت
لە دەورم زێترکە
من ناترسم
تەنیا تاکە ئومێدم ئەوەیە
ببمە پەپوولەیێ
تا هەمیشە بە دەورتدا هەڵفڕم.

---

_سینگ مین ژوو..شاعیری چینی.
_سەرچاوە: adab.com

## _هایكۆ_

## كۆمەڵە شاعیرێك

لە ژێر چەترێکی کۆندا
شەمشەمەکوێرەیەک
بە نهێنیی دەژیێ.

•

خۆر لەسەر بەردەکانی
خاکێکی وشکەڵاتوودا
دەبریقێتەوە.

•

کە _با_ی باکوور هەڵدەکا
گەڵا مردووەکانی باشوور
دەبنە برا.
•

بارانی زستان ئەوە دەردەخا
کە چاوەکانمان دەیبینێ
دەڵێی شتێکی کۆنە.
•

بە _با_ی خۆراوا پاڵنراوە
گەڵا مردووەکان
لە رۆژهەڵاتدا کۆدەبنەوە.

_بوزون.
•

پیاسەیەکی شەوانە
بەفر دادەبرێ
بۆ ماڵئاوایی کردن لە ساڵ.

_شارا.
•

ساڵ تێدەپەڕێ
پرچی سپیم
لە باوکم شاردەوە.

_ئەتسوجین.
•

کاتێ لەسەر ڕێی ئێوارە دەوەستین
بەفر بە پێداگیرییەکی زیاترەوە
دادەبارێ.
_کیتۆ.
•

تۆپەڵەی بەفر لە ئەخیریدا
گەورە دەبێ.

_ئومارۆ.
•

لە بەفر ڕادەمینێین
یەک لە دوای یەکترەوە وندەبن
لەنێو ئەو بەفرەی کە دادەبارێ.

_کتسوری.

نە ئاسمان ما و نە زەمین
هیچ شتێ لە ئارادا نییە
جگە لەو بەفرەی کە بێکۆتایی دادەبارێ.

_هایتن.

•

سێبەری درەختەکان
سێبەری من دەبزوێ
لە ژێر مانگی زستاندا.

_شیکی.

•

له بەفر ساردتر
مانگی زستانە
لەسەر هەستێکی سپی.

_جوسو.
•

شەوی زستان
بەبێ هۆ
گوێ لە دراوسێم دەگرم.

_کیکاتو.
•

چۆلەکە ستران دەچڕێ و
بەفر لە کازیوەدا
بێدەنگ دەبێ.

_ئارۆ.

•

ئەو گەڵایانەی کە دەوەرن
لەسەر یەکتر کۆدەبنەوە
باران لە باران دەدا.

_گودی.

•

له گەردەلوولێکی ساردا
مانگێکی تەنیا
بە ئاسماندا غلۆر دەبێتەوە.

_میسیتو.

•

داهۆڵ
دەڵێی مرۆڤە
کاتێ دەگری.

_سیبی.

•

پایز هەنگاو دەنێ
داهۆڵ بە گەڵا مردووەکان
دادەپۆشێ.

_روسیوی.

•

دوای ئەوەی لە مانگ وردبوومەوە
من و سێبەرم
گەڕاینەوە ماڵ.

_سودو.

•

لە ناکاو لێزمە بارانێکی هاوینی
چۆلەکەکان توند
بە گیاوە دەنووسێن.
•

ئەی بەیبونی سپی
رەنگێکی نایابی وەک رەنگی تۆ
هەرگیز نادۆزرێتەوە.
•

ئەی چێنەری بەیبون
تۆ خۆت
کۆیلەی بەیبونی.
•

مانگێکی پایزیی ساف و پڕ
لە تاریکیی سێبەرەکاندا
گوێ لە دەنگی مێرووەکان

•

دوێنێ دوور فڕین
ئەوڕۆ دوور فڕین
شەو بێ قازەکێویلە ماوەتەوە.

_بو سون

•

دوور دوور لێرەوە
دەنگی کاتژمێرەکان بە نێو
تەمێکی بەهاریی رۆشەن کۆچدەکەن.

•

زوو، لە رۆژێکی بەهاریدا
چۆلەکەکان لە باخچەکەدا
خۆیان بە لم دەشۆرن.

_ئەونیت سورو
•

درەختی خۆخی گوڵگرتوو
گوڵی نوێ لەسەر گوڵ دەپشکوێ
چ میهرەبانییێکە ئەو گەرمییە.
•

یەکەم رۆژی ساڵ
لە ژێر ئاسمانێکی سافدا
چۆلەکەکان قسە دەکەن.

_رانسیتسو
•

به گوڵ مەستە

سەرسامە بە رووناکیی مانگ

ئاهـ، ئەی پەپوولەی چکۆلانە.

_تشو را

•

بەیانیان دوای گەردەلوولی پایز

تەنیا شووتی

تێبنی هیچ شتێ ناکا.

_سو دو

•

---

سەرچاوە: almothqaf.com

faroukit.blogspot.com

# شیعری شاعیرانی ئیتاڵیا

میلانە میلانی

**نەخۆشیی**

لە شارە دوورەکانەوە
دۆستانم بانگم دەکەن
دەیانەوەێ ئاگاداری ئاهـ و ناڵەکانم بن
لە رۆما
لە میلانۆ
لە ڤینیسیا
لە دەریای بیسولا
پێشنیازم بۆ دەکەن تاوێ بحەسێمەوە
بەڵکو چاک ببمەوە
نازانن من لە ململانێدام لەگەڵ مەرگ و
هەموو شتێکیش ئامادەیە بۆ رۆیشتنم.

---

_میلانە میلانی (1917_2013) ژنە شاعیری ئیتاڵی

_سەرچاوە: adab.com

گیاکۆما لیۆپاردی

**گـــەڵا**

_ئاوا دوور لە لق و پۆپت
بەرەو کوێ دەڕۆیت ئەی گەڵای بچووک؟
_با_ دوور لە داربەڕوو
لەو شوێنەی کە تێیدا لەدایکبووم
غەریبی کردم و وام لێهاتوە
وەک خولانەوەی ئەو دەخولێمەوە و
لە دارستانەکانەوە دەمگوازێتەوە مێرگەکان و
لە گردەکانەوە بەرەو دۆڵەکان،
بێکۆتا لەگەڵیا لە سەفەردام.
لەگەڵیدا هیچ شتێ نازانم و
کاتێ هەموو شتێ دەڕوا منیش دەڕۆم
کاتێ گەڵا و گوڵەکان دەڕۆن، منیش دەڕۆم.

---

_گیاکۆما لیۆپاردی (1798_1837) شاعیری ئیتاڵی.

_سەرچاوە: adab.com

ئەلدا میرینی

**لە رابردوودا چۆلەکەیەک بووم**

لە رابردوودا چۆلەکەیەکی
زگ سپی نەرم بووم
بەڵام یەکێ هات سەری بڕیم
لەوانەیە دیمەنی سەری بڕاوم
بە پێکەنینی هێنابێ.. چوزانم
نەورەسێکی گەورەبووم
لەسەر دەریاکان هەڵفڕ هەڵفڕم بوو
بەڵام یەکێکیان بێ هیچ ئاگادارکردنەوەیەک
رێگای لێ بڕیم
بەڵام من ئا ئەلێرە
لەسەر راڕەوی شێتخانەیەکی ساردم
بەردەوام دەبم
لە دانانی گۆرانییەکانی خۆشەویستییم.

## لەگەڵ دەستم دەگریم

## _هەڵبژاردە_

سەبارەت بە من
هەموو خۆشەویستییێک
ئیغتیسابە.
•

کە خۆشەویستیی
بە چاوانی بە شەوقەوە لێیڕوانیت
ئەوە یانی سعاتی مەرگ گەیشت.
•

بێسنوور نیگەرانبە
کاتێ بە شوێنێکەوە
دەبەسترێیتەوە.
•

هەوڵمەدەن شاعیران دەستگیربکەن

ئەوان بە نێوان پەنجەکانتاندا

دزە دەکەن.

•

من جوان نیم

تەنیا ئیرۆتیکیم.

•

گۆشەگیریی هیچ نییە

جگە لە ئیدیعا.

•

لە جەنگدا

هەر ئەسپێک

هاوشێوەی خۆی هەیە.

•

هیچ کەس

لە _با_

شێوەیەکی باشترم

پێنابەخشێ.

•

کە دەخەوم، گوێ دەگرم.

•

زۆرترینجار

ئەوانی دیکە رەت ناکەمەوە

بەڵام من

هەمیشە لە تاریکییدا دەمێنمەوە.

•

ماڵی زەمەن

لە ئێسکماندایە.

•

بەر لەوەی ئەوانیدی قسە بکەن

لێیگەڕێ با ئاژەڵی وەحشییی ناخت

بخەوێ.

•

---

_ئەلدا میرینی (1931_ ) شاعیری ئیتاڵی.

_سەرچاوە: adab.com

گابرییێله دانونتزیو

## حەوت خوشک

حەوت خوشکبووین
وێنەی خۆمان
لە ئاوی نافورە دەبینی
هەموومان جوانبووین
_گوڵی قامیش، نانی لێدرووست ناکرێ
تووی جەنگەڵ، شەرابی لێدرووست ناکرێ
ریشاڵی گیا، قوماشی لێدرووست ناکرێ
دایکی کچەکان ئاوای دەگوت.

وێنەی خۆمان

لە ئاوی نافورە دەبینی

هەمووومان جوانبووین

یەکەمیان بۆ ئەوەی بڕێسێ

تەشی زێڕینی دەویست

دووەمیان بۆ ئەوەی بچنێ

سوژنی زێڕینی دەویست

سێیەم بۆ ئەوەی بدوورێ

دەرزی زێڕینی دەویست

چوارەم بۆ ئەوەی سفرە دانێ

کوپی زێڕینی دەویست

پێنجەم بۆ ئەوەی بخەوێ

نوێنی زێڕینی دەویست

شەشەم بۆ ئەوەی خەون ببینێ

خەونی زێڕینی دەویست

حەوتەم بۆ ئەوەی گۆرانی بچڕێ

هەر تەنیا بۆ ئەوەی بچڕێ

وەڵامی هیچ شتێکی نەدەدایەوە.

_گوڵی قامیش، نانی لێدرووست ناکرێ
تووی جەنگەڵ، شەرابی لێدرووست ناکرێ
ریشاڵی گیا، قوماشی لێدرووست ناکرێ
دایکی کچەکان ئاوای دەگوت.

ئێمە حەوت خوشکبووین
وێنەی خۆمان
لە ئاوی نافورە دەبینی
هەموومان جوانبووین
یەکەمیان تەشی و
دڵی خۆی شکاند و
سەریهەڵگرت
دووەمیان و قوماشێکی لە ئازار چنی
سێیەمیان کراسێکی لە ژەهر دووری
چوارەمیان خوانێکی بۆگەنی راخست
پێنجەمیان لەسەر تەختی مەرگ خەوت
شەشەمیان لەنێوان
دەستەکانی مەرگ خەونی بینی

دایکی منداڵ لەدەستچوو گریا
بۆ ئەو چارەنووسە کەساسە گریا
تەنیا حەوتەمیان نەبێ
گۆرانی چڕی تا گۆرانی بچڕێ
تا گۆرانی بچڕێ و
تەنیا گۆرانی بچڕێ
چارەنووسی زۆر جوان بوو
بووکەکانی دەریا
کردیان بە خوشکی خۆیان.

---

_گابریێلە دانونتزیو( 1863_1938) شاعیری ئیتاڵی.

_سەرچاوە: adab.com

کلاودیو بوتسانی

## من دوورخراوەیەکم

من دوورخراوەیەکم لە دەرەوەی یاسا
مەلعونێکم  کە تەسلیم نابێ
من پاڵەوانێکم
کە لە لاپەڕەی یەکەمدا دەمرێ
من پشیلەیەکی کوێرم
کەس نایەوێ یاری پێبکا
من ئاژەڵێکی ترسنۆکم لە ترسی ئاو
من ئەو لێکتێنگەیشتنەم
کە دەبێتە شەڕ
من ئەو شەیتانەم
کە حوبردانی لۆسەری بە قاچاغ برد
من شریتی ئەو فیلمەم
کە لە ترۆپکی رووداودا دەپسێ

من ئەو گۆڵەم
کە لە دواچرکەدا لێم دەکرێ
من ئەو منداڵەم کە بەرانبەر
توندڕەویی دایکیدا دەحیلێنێ
من ترسی ئەو گیایەم
کە لەسەروبەندی بڕینەوەدایە
من نازانم ئەوە دەریایە
کە شەپۆل دروست دەکا
یا بەرگری دەکا
نازانم من رۆشنفکرم
یا بیرۆکەیەکی بەربەست!

---

-کلاودیو بوتسانی (1961- ) شاعیری ئیتاڵی.

-سەرچاوە:antolgy.com

ئیملیا روسیللی

## خەندەکانت

نازانم کە لە برسان دەمرم یا نا
نازانم کە لە ترسان دەمرم و
چاوەکانم وەک پەرجوو کراوەن یا نا
نازانم کە هاوینی سەوز جیاواز دەبێ
لە جیاوازییە سەوزەکانت یا نا
نازانم لەبەر مەفتوونییە یا ئازار
شیعر دەنووسم
نازانم لەبەر مەفتوونیی
یا حیکمەتە دەنووسم
نازانم تۆ دەزانی
من تەنیا لەبەر تۆ دەنووسم یا نا

تەنیا و تەنیا لەبەر تۆ دەنووسم
نازانم کە تۆ دەکەوی یا دەلەرزی
تۆ نازانی کە من دەگریم
یا نائومێد دەبم
نائومێدی.. نائومێدی.. نائومێدی
هەمووی داهێنانە
تۆ نازانی کە من دەگریم
یا نائومێد دەبم
منیش نازانم کە بزەکانت
لەنێو بەردە رەنگپەڕیوەکانن یا نا.

---

_ئیملیا روسیللی (1930_1996) ژنە شاعیری ئیتاڵی.

_سەرچاوە:adab.com

# شیعری شاعیرانی ئەفریقیا

گابریل ئۆکارا

**هەبوو نەبوو**

ئەی کوڕی خۆم
هەبوو نەبوو
خەڵکانێ هەبوون
لە دڵەوە پێدەکەنین و
بە چاوەکانیان پێدەکەنین
بەڵام ئێستا تەنیا
بە ددانەکانیان پێدەکەنن
لەو کاتەی کە چاوە ساردەکانیان
وەک لەوحی سەهۆڵ
لە پشت سێبەری مندا دەپشکێندرێن.

زەمانێ هەبوو
خەڵک بە حەق لە دڵەوە
تەوقەیان دەکرد
بەڵام ئەوە بەسەرچوو ئەی کوڕی خۆم
ئێستا ئەوان بە بێ دڵ
تەوقە دەکەن و
دەستی چەپیان
گیرفانی بەتاڵم دەپشکنێ.

پێمدەڵێن
وا هەست بکە لە ماڵی خۆتی
جارێکیتر بگەڕێوە
کاتێ جارێکیتر دەگەڕێمەوە
جارێک
دووجار
هەست دەکەم لە ماڵی خۆمم
جاری سێیەم ئەو هەستە وجودی نییە
چونکە دەرگاکان هەمووی داخراون.

بۆیە ئەی کوڕی خۆم
فێری زۆر شت بووم
فێربووم رووخساری زۆر بپۆشم
وەک پۆشاک و شێوەکانی ماڵ
شێوەکانی نووسینگە و
شێوەکانی جادە
رووخساری میوان و
رووخساری ئاهەنگێ
بە هەموو بزە هاوشێوەکانییەوە
کە لە بزەی تابلۆیەکی هەڵواسراو دەچێ.
فێربووم
تەنیا بە ددانەکانم پێبکەنم و
بە بێ دڵ تەوقە بکەم
فێربووم کاتێ کە دەڵێم: ماڵئاوا
ئەوە یانی ئیتر پەیوەندیمان تەواو.
کاتێ کە دەڵێم: خۆشحاڵم بە دیدارت

ئەوە یانی هیچ خۆشحاڵ نیم
کاتێ کە دەڵێم: قسەکردن لەگەڵ تۆ جوانە
ئەوە یانی من وەڕسم.
بەڵام باوەڕم پێبکە ئەی کوڕی خۆم
دەمەوێ ئاوابم
وەک ئەوەی کە پێی ڕاهاتبووم
وەک ئەو کاتەی کە وەک تۆ بووم
نامەوێ فێری ئەو شتە مارئاساییانە بم
دەمەوێ جارێکیتر فێربم چۆن پێبکەنم
چونکە پێکەنینم لە ئاوێنەدا تەنیا ددانەکانم دەردەخا
وەک کەڵبە ئامادە و دەرکەتووەکانی مار.
هەر بۆیە ئەی کوڕی خۆم
نیشانمدە چۆن پێبکەنم
نیشانمدە چۆن پێبکەنم و بزە بکەم
لەو زەمانەی کە وەک تۆ بووم.

---

_گابریل ئۆکارا (1921_ ) شاعیری ئەفریقی.

_سەرچاوە:ahewar.org

جان جۆزیف رابیاریفولو

**شوێنەوارت**

هیچت نەکرد جگە

لە گوێگرتن لە گۆرانیی.

هیچت نەکرد جگە

لە گۆرانیی هەڵگوتن بە خۆتدا.

نە گوێت لە خەڵک گرت

کە قسەیان دەکرد و

نە تۆیش قسەیەکت کرد.

چ کتێبێکت خوێندۆتەوە

جگە لەوانەی دەنگی ژنان و

شتە وەهمییەکان خەزن دەکەن؟

گۆرانیت چڕی بەڵام نەدوای
پرسیاری جەوهەری شتەکانت نەکرد و
نایشتوانی لە بارەیەوانەوە بزانیت
وتاربێژ و نووسەرەکان دەڵێن:
ئەوەی بە گەورەکردنت پێدەکەنێ
پەرجووی دەریا و ئاسۆی رۆژانەیە.

بەڵام هێشتا گۆرانیی دەڵێیت و
سەرسام دەبی
کاتێ لە سینگی کەشتییدا
بیر لەو گەڕۆکە دەکەیتەوە
کە بە رێگایەکی نەکێشراو
لەسەر ئاوێکی وەستاودا
بەرەو کەنداوە نادیارەکاندا دەڕوا.

سەرسام دەبیت کە بە چاوەکانت

بە  شوێن ئەو چۆلەکەیە بکەویت

کە لە بیابانی ئاسمان ون نابێ و

لە _با_دا

ئەو رێگایانە دەدۆزێتەوە

کە دەگەڕێنەوە لای دارستانی دایک.

ئەو کتێبانەی کە دەینووسیت

دوای مەرگت بە شتگەلێکی وەهمی

بە فیڕو دەچێ

وەهمییە چونکە لە رادەبەر حەقیقەتە

رێک وەک خەونەکان.

---

_جان جۆزیف رابیاریفولو(1901-1937) شاعیری مەدەگەشقەری.

_سەرچاوە: adab.com

ئەلیۆن بادارا کولیبالی

**سان لوی**

بەسەر _سان لوی_دا
هەڵفڕیم لە رۆژدا
بەسەر _سان لوی_دا
هەڵفڕیم لە شەودا
لە هیچ شوێنێ
ئەو فریشتەیەم نەبینی
کە ئەفسانەی خۆی دەخولقێنێ
لە هیچ شوێنێ هەستم
بە وجودی ئەو فریشتەیە نەکرد
کە دەیپارێزێ.
ئایا لەبەر کەمتەرخەمیی دانیشتوانی
بەرانبەر ماڵە شاراوەکانی
جێیهێشتوون و
خۆی لە دارستانە پیرۆزەکان
حەشارداوە؟

بەسەر _سان لوی_دا

هەڵفڕیم لە رۆژدا

بەسەر _سان لوی_دا

هەڵفڕیم لە شەودا

لە هیچ شوێنێ

ئەو فریشتەیەم نەبینی

کە ئەفسانەی خۆی دەخولقێنێ

لە هیچ شوێنێ هەستم

بە وجودی ئەو فریشتەیە نەکرد

کە دەیپارێزێ.

## نـوێــژ

له نیانترین شادیدا ژیاوم
ئەی خودایمن
له تاڵترین غەمدا ژیاوم
ئەی خودایمن
له شەمەندەفەری
_گینگینیو_ رزگارم بوو.
له ماری ژەهراوی
_گادیاک_ رزگارم بوو
له کاتی پیاسەکرنمدا لەو ئێوارەیەدا.
ئەی خودایمن
ئایا دەشێم ئەو شه بخەوم
خەوێکی قووڵ
خەوێکی بێکۆتایی
لەسەر قەروێڵەی ئاسماناویم؟

## سەما

وام لێ مەکە سەما بکەم
سەمایێ کە سەماناکرێ
ناتوانم ئەو سەمایە
سەمابکەم:
هەنگاوێ بەرەو پێشەوە.. باوکم دەمرێ
هەنگاوێ بەرەو دواوە .. دایکم دەمرێ
کاتێ لە شوێنی خۆم سەما دەکەم.. بە خۆم دەمرم.
ناتوانم ئەو سەمایە سەمابکەم
وام لێ مەکە سەما بکەم
ئەو سەمایەی کە سەماناکرێ.

---

_ئەلیۆن بادارا کولیبالی.. شاعیری سنیگالی.
سەرچاوە:nizwa.com
aztagarabic.com_

جارید ئەنجیرا

## گفتوگۆ

لێیپرسیم: بۆچی ئەو کارە دەکەم کە دەیکەم؟
سەیری خۆرم کرد بینیم
ئەو کاتە خۆر هەڵدێ
کە خۆی دەیەوێ هەڵبێ.

لێیپرسیم: کەی هەموو
ئەو کارانە ئەنجام دەدەی
کە پێویستە ئەنجامیان بدەی؟
بیرم لە باران کردەوە
باران کەی خۆی بیەوێ داباری
ئەو کاتە دادەباری.

لێیپرسیم: بۆچی وەفادارنابم
بەرانبەر بەڵێنەکانم؟
دەفتەرەکانی حیساب بە شەرمەوە
لە بەرانبەرم جوولان.

لێیپرسیم: بۆچی ئاوا
وەک گەمژەیەک دانیشتووی؟
بیرم لەو خوێنانە کردەوە
کە وشەکانی کۆتایی جێیاندەهێڵن.

لێیپرسیم: بۆچی هیچ کاتێ پێناکەنی؟
بیرم لەوانە کردەوە
کە لەگەڵ پێکەنیندا
فرمێسک دەوەرێنن.

لێپپرسیم: بۆچی سەمای تانگۆ ناکەی؟
ئەو دانیشتووانەم هاتەوە یاد
کە هەرگیز نەیانزانی
بە پێوە وەستان چییە.

لێپپرسیم: بۆچی وازت لەو خووەت هێنا
کە وەک بزنی کێوی بازتدەدا؟
سەیری ڕۆژئاوام کرد
خۆرم بینی وردە وردە ئاوا دەبوو.

لێپپرسیم: بۆچی ئیدی بەختەوەر نیت؟
لە ئاسماندا پەلکەزێڕینەیەکی لار و
لە ڕێگادا ترووسکانەوەی سەرابم بینی
کاتێ خێرا وندەبوو
خەونی شەوی ڕابردووم دەهاتەوە یاد
دەیویست باشترین شت
لە گەردوون بەدەستبێنێ
بێهێز و مافخوراوەکانم هاتەوە یاد.

لێیپرسیم: بۆچی وازت لە ژیانت هێناوە
ئاوا بکەوێتە نێو دۆڕان و شکست؟
ئەو قەبرانەم هاتەوە یاد
کە لە دۆڵێکی مەهجوردا ناژمێردرێن.

---

_جارید ئەنجیرا.. شاعیری کینی.

سەرچاوە:ahmed-elhadary.blogspot.com

ئیڤی ئەمادیومی

## تاڵـــیی

ئەگەر گەمارۆتدام و منت شۆری
گەمارۆتدام و منت شۆری
گەمارۆتدام و منت شۆری
تا ناخم لە هەموو
ئەو شتانەی
کە تێیدایە بەتاڵ کرد
وەک گەڵای درەختێکی تاڵ
کە دوای چاوەڕوانییەکی زۆر دەوەرێ
هەرگیز ناتوانی
تاڵیی لە ناخم بپچڕێنی.

---

_ئیڤی ئەمادیومی.. شاعیری نێجیری.
_سەرچاوە:ahmed-elhadary.blogspot.com

رینیه فیلومبی

**ئەو مرۆڤەی لە تۆ دەکا**

ئەمڕۆ لە دەرگات دەدەم
وەتەرەکانی دڵت دەلەرێنمەوە
داوای قەروێڵەیەکی گەرمت لێدەکەم
تا چەند شەوێکمی تیا بەسەر بەرم
تا گڕی گەرما وەڵامی دڵم بداتەوە
سەرمایێ کیانم دەتەزێنێ
دەرگا بکەرەوە.. دەرممەکە
من براتم
من لە سەردەمی ئادەمەوە براتم.

دەرگا بکەرەوە و دەرممەکە
دەرگا بکەرەوە و لێم مەپرسە
تۆ ئەفریقی یا ئەمەریکی یا ئەوروپیت
من لەسەردەمی ئادەمەوە براتم.

ئەی برام لێم مەپرسە:

بۆچی لووتم درێژترە؟

بۆچی زمانم گرانترە؟

بۆچی پێستم رەشە؟

بۆچی پرچم گروازەیە؟

لێم مەپرسە:

من لەسەردەمی ئادەمەوە براتم.

من نە رەشم و

نە سوور

نە زەردم و

نە سپی

من مرۆڤم

دەرگاکە بکەرەوە

من مرۆڤم.

---

_رینیە فیلومبی.. شاعیری کۆنگۆیی.

سەرچاوە: ibtisamah.com

ئینگرید جۆنکەر

## من لەگەڵ ئەوانەم

من لەگەڵ ئەوانەم
کە بێژمار سێکس دەکەن
چونکە شتی تاک ناژمێردرێ.

لەگەڵ ئەو سەرخۆشانەم
کە لە دۆزەخی عەقڵ رایانکردوە و
دژی وەهمی ئەو باوەڕانەیشم
کە لایان وایە ژیان جوانبوو
یا باشە،
یاخود مانایەکی هەیە.

دژی ئاهەنگگەلی رووالّەتیی باخچەکانم
دژی ئەو بێدەنگییەم
کە پەرستگەکان دادەپۆشێ.

لەگەڵ ئەو هەژار و پیرانەم
کە لەگەڵ مەرگ لە ململانێدان و
لەگەڵ بۆمبی ئەتۆمی رۆژگاریش.

لەگەڵ ئەوانەم
کە ئالوودەی مادەی هۆشبەرن و
لە نەخۆشخانەکانی چاکسازی
تیشکی کارەباییان لێدراوە و سڕکراون.

لەگەڵ ئەوانەم
کە وەک رەنگگەلی هێماکانی ترافیک
لە دڵەکانیان مەحرومن
لەگەڵ ئەفریقییەکانم
بە پێستی رەنگاوڕەنگی نەفرەتلێکراویانەوە.

لەگەڵ ئەوانەم کە دەکوژرێن
چونکە هەر مردنێ
لە نوێوە درۆی ژیان دەسەلمێنێ و
تکایە..عەدالەت لە بیرکە
چونکە هیچ وجودێکی نییە و
برایەتی لە بیرکە
چونکە تەنیا فێڵە و
خۆشەویستیش لە بیرکە
چونکە قەدەغەیە.

---

_ئینگرید جۆنکەر (1933_1965) ژنە شاعیری ئەفریقی.

_سەرچاوە: adab.com

# شیعری شاعیرانی کۆلۆمبیا

ماریا کلیمێنسیا سانچێز

**سۆناتا لە پێناو هاتنی رۆژدا**

من
لە ژێرەوەی
کەشتییێکی تێکشکاوم
لە ناوەڕاستی دەریاییێکی درزبردوو
لە لێواری ئاسمانێکی کوندا.

من
بۆشاییێکم
لە ناوەڕاستی کەشتیدا
درزێکم لە ژێرەوەی ئاسمان
تێکشکاوێکم لە لێواری دەریا.

من

له ئاسمانێکم

که ژێرەوەی تێکشکاوە

له کەشتییێکم

به ترسێکی کون کون

له دەریاییێکم

لێوارێکی

درزبردووی هەیە

بەو نزیکانە رۆژ دەبینم.

_ماریا کلیمێنسیا سانچێز (1970_ ) ژنەشاعیری کۆلۆمبی.

_سەرچاوە: adab.com

خوزیە مارتی

## گوڵێکی سپی دەڕوێنم

بۆ برادەرێکی دڵسۆز
کە بە ڕاستگۆییەوە دەستم دەگرێ
گوڵێکی سپی لە یولیۆ
وەک چۆن لە یەنایر
دەڕوێنم و
بۆ ئەو دڵڕەقەیش
کە دڵم دەشکێنێ
ڕق و دڕک نا
بەڵکو گوڵێکی سپیم ڕواند.

---

_خوزیە مارتی (1853_1895) شاعیری کوبی.

_سەرچاوە: adab.com

خورخی دوران

**ئومێدمە**

سەرما بە خێرایی وەک مۆسیقا، وەستا
مەلەکان و سەوزایی بەنێو ساردیدا تێپەڕین
پێیانگوتم: تۆ دەمریت
نەخۆشییەکەت کووشندەیە.
تەنیا موعجیزە
ئەوەی کە تۆ ڕەتیدەکەیتەوە
دەتوانێ ڕزگارت بکا..

بەڵام من تەنیا ئومێد دەکەم
وەک خۆرێکی سوور
لە جەستەی سپیتدا بسووتێم.

---

_خورخی گیتان دوران (1925_1962) شاعیری کۆلۆمبی.
_سەرچاوە: adab.com

رافائیل مایا

## **رۆژێ لە رۆژان مەرگ دێ**

رۆژێ لە رۆژان مەرگ
لە شوێنێکی نادیارەوە دێ
لەو کاتەدا من خەوتووم و
مەرگ پێمدەڵێ:
نامەوێ واگات بێنم.
بە هێوریی دێ
وەک دایکێ
کە منداڵە نەخۆشەکەی
لەسەر قەروێڵە دەلاوێنێتەوە.
چاوەکانم دادەخەم و
دەستەکانم دەخەمە سەر سینگم
بانگم دەکەن: لە خەو هەستە

کاتی هات رۆژت دەسپێبکەیت

دڵت ئامادەیە بۆ پێشوازی بەرەبەیان

چونکە ئیدی هەر رۆژێکی نویێ پشووە

گوێت لە دەنگی کەسێ نییە لە ماڵ؟

گوێت لە دەنگی ئاوی کانی نییە؟

گوێت لێیان نییە خواردن

لەسەر مێزی سادەیان دادەنێن؟

خەڵکانی ساکار و قاپی دڵخۆش

وەک ئەوەی ئەوڕۆ

رۆژی زاوایەتیت بێ و

تۆش خەوتوویت

دەی هەستە

چاوەکانت بەرانبەر

شەوی فێڵباز دامەخە

هەستە لەسەر ئەژنۆت رۆنیشە و

ئەو نوێژە دێرینانە بخوێنە

کە لە رووناکیی

ئەو چرایەدا فێری بووی

بڕۆ ئەو جیهانەی

کە چاوەڕوانتە

بڕۆ نێو رووناکیی

سەر ئەو گردەی

کە لەوێوە ئەستێرەکان

دەکوژێنەوە و

مێرگەکان دەحەسێنەوە.

ئەو شوێنە تەنگەت

کە گەرمییەکەی تادارە جێبێڵە

منداڵییت نەمردووە

هێشتا دەتوانی

بۆنی عەتری شتەکان بکەیت

وا بە پێداگرییەوە

لە ژێر رووناکیی ئەو چرایەدا

بیر لە چی دەکەیتەوە؟

ئەگەر _با_ دەیتوانی
تەفسیری شتەکان بکا
دەنگت دەکوژێتەوە
تا سڵاو بۆ رۆحت بنێرێ
لە ئێوارەدا
دەمبەنە گۆڕستانی گوند
لەو شوێنەی
کە دەستە داپۆشراوەکان
لە ژێر سێبەری داربی دێریندان.

---

_رافائیل مایا (1897_1989) شاعیری کۆلۆمبی.

_سەرچاوە: alittihad.ae

جییرمو بایان ئارتشر

## شەو

کێ لە پشت شەودا بۆمان دەدوێ؟
کێ ناوەکانمان دەخوێنێتەوە و
پێماندەڵێ ئێمە کێین و دەبینە کێ؟
مێژووی ئەزەلی بۆ گەشتێ
کە کۆتایی نایە
یەکێکیان بانگمان دەکا و
بەدبەختیی ژیانمان دەزانێ
رۆژی شێتیی
رۆژی تووڕەیی
رۆژی بێئومێدیی
رۆژی ئارەزووکردنی
چرکەساتی حەقیقەت و
چرکەساتی درۆ و

ئەو خۆشەویستییە پاکیزەی
کە بە ماچێ خیانەتی لێدەکەین
یەکێکیان لە کۆتایی شەودا
بانگمان دەکا
دڵت بەرەو کوێ دەچێ و
قەدەرەکان روو لە کوێ
راپێچمان دەکەن؟
کێ باسی ئەبەدییەتمان بۆ دەکا
کاتێ جەستەم هەڵدەلەرزێ؟

---

_جییرمو بایان ئارتشر(1921_1993) شاعیری کۆڵۆمبی.

_سەرچاوە: alittihad.ae

ئیلسیاس جونجورا

## کووشتن لە تاریکییدا

ئەوە من بووم
لە تاریکییدا کووشتییان
مەرگێ بە قەد درێژیی و
پانیی جەستەم
من رەشترم لە رەشای شەو
لە شوێنێکی نەزانراوی
سەرزەمیندا نیشتەجێم
شوێنێ ئاڵۆزتر لە ئاڵۆزیی مەرگم
ئەوە من بووم
لە تاریکییدا کووشتییان
هیچ کەس ناوم نازانێ
هەتا خۆشم ناوی خۆمم لەیادکردووە

هەرگیز گوڵێکیان
لەسەر ئەو گۆڕەم دانەناوە
کە جێی ئێسکەکانمی لێنابێتەوە
کەس لە فیراقمدا نەگریا
چونکە کەس نازانێ کە من زیندووم
من، ئەوەی کە لە تارکییدا کووشتییان.
زەنگێ بۆ مەرگم نەزرنگایەوە
کێڵم نییە و
ناومی لەسەر نەنووسراوە
چونکە گەر من ناوم هەبووایە
ئەوە لەمێژە دەسڕایەوە.

---

_ئیلسیاس مارتان جونجورا (1920_1984) شاعیری کۆلۆمبی.

_سەرچاوە: alittihad.ae

هیکتۆر هیراسومثل

## دوو نێچیروان

گوڵەبەڕۆژە لە شەودا
چراکانیان هەڵدەگرن و بزە دەکەن.
وەک خەون
عەتری خۆیان
هەڵدەگرن و
بە وشەگەلێ کە دەنگیان نییە
بە گوێی یەکتردا دەچرپێنن
بەڵام دەریا دەریایە
گوڵەبەۆژەکان ئەوە باش دەزانن.

---

_هیکتۆر روخاس هیراسومثل (1920_2002) شاعیری کۆڵۆمبی.

_سەرچاوە: alittihad.ae

# شیعری شاعیرانی ئێران

ناهید کەبیری

## قسەکردن لەگەڵ تۆ

بەهار بەهانەیێ بوو
تا پێتبڵێم: خۆشمدەوێی
تا گوڵی سووری قسەکانم
بە تەوێڵی کێڵگەی بەرهەمدارت هەڵواسم.

بەهار بەهانەیێ بوو
تا بە جۆشبم و
چۆلەکەی سەر شانەکان
روو لە کەرنەڤاڵی دەریاکان هەڵفڕێنم
تا ناونیشانی _با_یە نامۆ و موهاجیرەکان
بدەمە چیا ئەزەلییە خۆڕاگرەکان.

بەهار بەهانەیێ بوو
تا بگەڕێمەوە کۆتایی شەقامەکە
ئەو شوێنەی ماڵە کۆنەکەمانی لێبوو
تا بە پەرۆشەوە
لەو دەرگا ناسراوە بدەم
کە ئاسمانی پڕ بوو لە گومبەت
تا رێک لە سەعات چوار و نیوی
دوای نیوەڕۆی بەهار
منداڵییم لەگەڵ ئایس کرێم و
چەرەز و تەمەرهندی ببەمە سینەما
تا لەگەڵ خۆشەویستیی پێبکەنم و
لەگەڵ وەحشییەکاندا بجەنگم و
پەلکی فستق بە بێباکیی
فڕێدەمە بن کورسییەکان
تا لە دارستان خەونەکانم
لەگەڵ "جیمی" و گوریسی"تارزان"
بە قاچاغ ببەمە لاکەیتری جیهان.

بەهار بەهانەیێ بوو تا بڵێم:
شێت، شێت، شێت، من شێت بوومە.
تا نامەکانی خۆشەویستیی، رۆژنامە،
فاتوورە، بەڵگەنامەکانی خوێندن،
تەڵاقنامە و هەموو هیلاکی و بەدبەختیم
پارچە پارچە بکەم.
تا خۆم لە هەموو پەژموورەدەییێک
لە هەموو ئەو شتانە کە زستانن
لە هەموو ئەو شتانەی کە رەشن، ئازاد بکەم

بەهار بەهانەیێ بوو تا پێتبڵێم:
ئەی بێڕەحم لە پشت تووڕەییەکانەوە
وەرە سەردانم.
ئاهـ.. بەهانەبوو
تا پێتبڵێم:
بێ هیچ بەهانەیێ خۆشمدەوێی.

## ژنێ قسەی بۆ سێبەری خۆی دەكرد

تارماییەکان بەردن
شەو لە دەرگاکانمان دەدەن.
کاتێ لەگەڵمی
هیچ ترسێ لە ئارادا نییە
بەڵام کە تەنیام
لەگەڵ تاریکیی دەجەنگم
تا لە ژێرزەمینی غەریبیکردن رابکەم.

ئاهـ
لێرە کە هەوا پڕە بە بۆنی غوربەت
چەندین سەعات
لە ژێر ئەو بارانە دادەنیشم
کە شانی کەنارەکان دەشۆرێ و
جەستەم دەبەخشمە ئاسمانی باراناوی.

ئەو رۆژە ماندووەت دێتەوە بیر
کە لەسەر رێی بازاڕی کۆندا
ژنێ خۆی ونکرد؟
قسەی لەگەڵ سێبەری غەریبی خۆی دەکرد
تا بە جامگەلێکی بەتاڵ
کە کەمترین دڕدۆنگیی تیابێ بگەڕێتەوە.

ترس کۆچدەکا کاتێ لەگەڵمی
ئەستێرە دەبێتە مانگ و
لە پەنجەرەکەمەوە هەڵیدەدەمە نێو دەستت
دەیبەخشمە _با_
تا لە کۆڵانەکانی شاردا بگەڕێ.

---

_ناهید کەبیری (1948_      ) ژنە شاعیری ئێرانی.
_سەرچاوە: adab.com

فروغ فروغزاد

## دیـــاریی

من لە کۆتایی شەودا قسە دەکەم
من لە کۆتایی تاریکیی
من لە کۆتایی شەودا قسە دەکەم

ئەگەر هاتییە ماڵم
ئەی میهرەبان
چراییێک و پەنجەرەیەکم بۆ بێنە
تا سەیری قەرەباڵغیی
کۆڵانی خۆشبەخت بکەم.

---

_فروغ فروغزاد (1935_1967) ژنە شاعیری ئێرانی.
_سەرچاوە: adab.com

عەلی عەبدوڵڵا

**مامەڵە**

بڕیاریاندا نرخی هەرچەند گرانیش بێ
ژیانی بکڕن
پێداگرییان لەسەر فرۆشتنی کرد
بە بێ هیچ باجێ کووشتیان
گۆرانی خۆشەویستیی
وێنەی تۆی لەنێو دۆلابێکی بێکون و
کراسی تۆی لەنێو کەنتۆڕێکی جل حەشاردا
کە ئاوێنەیەکی لەسەریدا هەڵواسراوە.
تاڵەکانی قژت لەسەر لێواری پەنجەرە
روو لە _با_، سەما دەکەن.
لە ژوورەکەمدا هەمیشە کورسییێک بەتاڵە.

---

_عەلی عەبدوڵڵا (1973-    ) شاعیری ئێرانی.

_سەرچاوە: adab.com

# شیعری شاعیرانی هیندستان

**نەمریی**

هەزاران شاعیر
شیعریان نووسی و
لە بیرکران
تەنیا یەکێکیان
لە زاکیرەدا ماوە
من وام لا باشترە
لەگەڵ هەزاران هاوڕێم
لە بیر بکرێم
نەک وەک
تاکە نەمرێ بمێنمەوە.

## سەر

جەستە
لە لمدا نێژراوە
تەنیا سەر دیارە
هەوڵدەدا رێگایێ
بۆ رزگارکردنی
جیهان بدۆزێتەوە.

## له بارەی شورەی چینی مەزن

_بۆ وانج منج_

باوەڕم بە دیوار نییە
ئیمانم بە ئاو
بە ئاو
بە رەگەکان
بە خۆشەویستیی هەیە
چونکە ئەوانەن دژی دیوارەکان کار دەکەن.
هەموو دیوارەکان لەسەر خوێن بنیاتنراون
خوێنی پیاوەکان و
خوێنی ئاژەڵەکان و
خوێنی رووەکەکان و
پاسەوانیی لە سنوور ناکەم
ئەوانەی بە حەماسەتەوە
پاسەوانیی لە سنوور دەکەن
هەر ئەو کەسانەن سنووریان

لەو سەرابە خولقاند
کە سەدەیێ
لە سەدەیێ جیادەکاتەوە
ئاسانشکاوی
ئەو سنوورەمان بینی
کە خۆمان کێشابوومان
لە نەخشەی ئەو جیهانەی
دووبارە نەخشەی بۆ کێشرابۆوە
شکۆی نەزۆکی ئەو دیوارەی
کە ناتوانێ هیچ شتێ بپارێزێ دەبینین
لەوانەیە هەرگیز بە خەیاڵی
ئیمپراتۆرەکاندا نەهاتبێ
کە رۆژێ لە رۆژان
ئەو شورەیە
دەبێتە شوێنێ
بۆ راکێشانی گەشتیاران و
دەبێتە جوانییێک
کە مناڵان سەریدەکەون.

له كاتی گەڕانەوەمان
چەند نمونەیێكی قوڕی وشك
كە لە شورەی مەمكەكانی دەچێ
بۆ دراوسێكەمان
كە كێڵەكانی "لاو تسی" هەیە،
دەبەینەوە.

_ساتچیداناندان (1946_ ) شاعیری هیندی.
_سەرچاوە: adab.com

کمالا ثرەیا

**نـــــانی**

_نانی_ خزمەتکاری زگپڕ
ئەو رۆژە لە حەمام
خۆی هەڵواسیبوو
تا گەیشتنی پۆلیس
بە درێژایی سێ سەعات
هەر لەوێ هەڵواسرابوو
بووکەشووشەیەکی شپرزەبوو
_با_ بە نەرمیی
لەسەر گوریسەکە
دەیخولاندەوە

ئێمە ئەو کاتە منداڵبووین

واماندەزانی _نانی_

سەمایەکی کۆمێدیمان بۆ دەکا

تا دڵخۆشمان بکا

دەوەنەکان خێرا گەشەیان کرد

بەر لە کۆتایی هاوین

گوڵە سپییەکان

داڵان و دیوارەکانیان لە ئامێزگرت

دوای ئەوەی

ئەو شوێنەمان جێهێشت

ئەو کات ببووە پەرستگە

ببووە مەزارێکی خۆرین

خواوەندێکی مردوو

دوای ڕەتبوونی ساڵێ یا دوو ساڵ
ڕۆژێ لە داپیرەمم پرسی:
نانی ئەو ژنە
تێکسمڕاوە ئەسمەرەت
نایەتەوە یاد
کە نزیک بیرەکە
سەری دەشووشتم؟
داپیرە
چاوێلکەی خوێندنەوەی
لەسەر کەپووی جوولاند
لێم ڕاما و پرسی:
نانی..نانی کێیە؟

بەو پرسیارە نانی کۆتایی پێهات

هەموو حەقیقەتەکان

بەو جۆرە پرسیارانە کۆتاییان پێدێ

ئەو لاڵییە بە ئەنقەستە

کە فەنا بۆ نەمریی و

سنووردارییی

بۆ بێسنووریی دڵڕفێن دەگۆڕێ.

---

_کمالا ثرەیا (1934_2009) ژنە شاعیری هیندی.

_سەرچاوە:rasseen.com

**بۆچی؟**

_بۆچی چراکە کوژاوە؟
_لە ژێر پاڵتۆکەمم دانا
تا لە _با_ بیپارێزم
بۆیە کوژاوە.

_بۆچی گوڵەکە وەری؟
_لەبەر خۆشەویستییەکی ڕاڕا
توند بە سینگمەوەم نووساند
بۆیە وەری.

_بۆچی ڕووبارەکە وشکبوو؟
_بەنداوێکم درووستکرد
تا تەنیا خۆم سودی لێوەرگرم
بۆیە وشکبوو.

_بۆچی وەتەری ئەو ئامێرە پسا؟
_هەوڵمدا ئاوازێکی پێبژەنم
بەرزتر لە تواناى ئەو
بۆیە وەتەرەکەی پسا.

## شیعرخواردن

کە حوبر بە دەوری
دەمم دادێتەخوار
هیچ بەختەوەریێ نییە
وەک بەختەوەریی من
من شیعر دەخۆم
ژنە فەرمانبەری کتێبخانە
باوەڕ بەوە ناکا کە دەیبینێ
چاوەکانی غەمبارن
دەڕوا و دەستەکانی
لەنێو فستانیدایە
قەسیدەکان ڕۆیشتن
ڕووناکیی کزبوو
سەگەکان بە پەیژەکانی
قاتی خوارەوە سەردەکەون

چاوی سەگەکان دەوردەدەن
پێی سەگەکان وەک درەخت رەگدادەکووتن
ژنەفەرمانبەری هەژاری کتێبخانە
بە پێیەکانی لە عەرد دەدا و
دەناڵێنێ
ئەو تێناگا.
کە دەکەومە سەر ئەژنۆ و
دەستی دەلێسمەوە
ئەو هاوار دەکا
من پیاوێکی نوێم
رووبەڕووی ژنە هەرا دەکەم و
دەحەپێنم
شاد دەبم و رادەبوێرم
لەو تاریکییەی کە لە کتێبدایە.

---

_تاگور (1861_1941) شاعیری هیندی.
_سەرچاوە:raia.ba7r.org

# شیعری شاعیرانی پاکستان

عەبدوڵڵا ئەکبەر خان

## مەرگ نیعمەتە

نە دژی خەون و
نە دژی ئەو مرۆڤەم
کە رۆژ و شەو دڵ و عەقڵی خستۆتەگەڕ
بەڵام من دژی لەبیرکردنی کۆتاییەکانم
جوانترین ئاوات ئەوەیە
کار بۆ مەرگت بکەی
مەرگ نیعمەتە
ئەی مرۆڤ لێی مەترسە
بە هێوریی بیخۆوە لە ژیانتدا
ئاگادارییە لەو کاتەی کە تۆ
بە لێهاتووییەوە زەمین ئاوەدان دەکەیتەوە.

---

_عەبدوڵڵا ئەکبەر خان.. شاعیری پاکستانی.

_سەرچاوە: aljasad.org

کیشوەر ناهید

**کۆشێک لە مۆم**

بەر لەوەی شوو بکەم

دایکم نۆبەتگری کابوسەکان بوو.

هاواری تۆقێنەری رایدەچڵەکاندم

بە ئاگام دەهێنا و

لێمدەپرسی: چی روویداوە؟

بە چاوە بۆشەکانی لێمڕادەما و

نەیدەتوانی خەونەکانی بێتەوە یاد.

ئەو رۆژە
لەبەر کابوس بە خەبەر هات
بەڵام نەیقیژاند
خۆی بە منەوە نووساند
ترسێکی بێدەنگ دایگرتبوو
لێمپرسی: چی روویداوە؟
چاوی کردەوە
سوپاسی خوای کرد و گوتی:
_لە خەودا بینیم نوقم دەبوویت
خۆم هەڵدایە نێو رووبار
تا رزگارت بکەم.

لەو شەوەدا برووسک
گامێشەکەمان و
دەستگیرانمی کووشت.

لە شەوی دواتر

دایکم خەوت و

من واگابووم

چاودێریم دەکرد

دەستی دەکردەوە و دایدەخست

هەوڵی دەدا شتێ بگرێ و سەرنەدەکەوت

هەمدیس زۆری لە خۆی دەکرد بیگرێتەوە

بە ئاگام هێنا

بەڵام رازی نەبوو خەونەکەیم پێبڵێ.

ئیدی لەو کاتەوە

بە ئارامی ناخەوم و

گواستمەوە بۆ گۆڕەپانیکیتر.

ئێستا من و دایکم هەردووکمان
لەبەر کابووس دەقیژێنین.

ئەگەر یەکێکیش لێمان بپرسێ
تەنیا بەوە وازدێنین:
_ئێمە ناتوانین
خەونەکانی خۆمان بێتەوە یاد_.

---

_کیشوەر ناهید (1940_ ) ژنە شاعیری پاکستانی.
_سەرچاوە: فەیس بوک Nizar saratawi

فەخار زەمان

## چوونە لای دکتۆری دەروونی

فەرموو وەرە
لەسەر قەنەفە دانیشە
باشترە رابکشێیت و
سەرین بخەیتە ژێر سەرت و
چاوت داخەیت.

لەو چرکەیەوە
هەموو شتەکان لە یادکە
ئازارەکان، خەمەکان،
تووڕەیی
ئەشکەنجە
خۆشەویستیی و رق..

هیچم لێمەشارەوە و

هەموو شتێکم لەبارەی خۆتەوە پێبڵێ

هەر ئەزیبەتێکی منداڵییت

دایکت یا باوکت

کامیان خۆشتری ویستی؟

ڕووداوێکی ناوێزەی نەوجەوانیت؟

ڕووداوێکی عاتیفی

لەگەڵ کچێ

لێرە و لەوێ؟

هەر هاوڕەگەزبازیێ؟

شتێ دوای زەواج؟

جۆری خەونەکان

ترسناکن یا پڕ لە خۆشین؟

باشە، ئەوە تەواوی مێژووی ژیانتە.

بەڵێ

ترسێ

کە دواجار تووشی هێستریات بکا

مێشک تێکچوون

پارچەبوون

شێتی

شیزۆفرینیا

نا نا، تۆ هیچ شتێکت نییە و

زۆر ئاسایی و سرووشتیت.

_من هیچ نەخۆشییەکم نییە؟

ئەوە چی دەڵێیت ئەی بۆچی هاتوومەتە لای تۆ؟

من هەست بە بێئۆقرەیی دەکەم

هەست بە نائارامی دەکەم

تەنیایی دەملێسێتەوە

دەگریم

پەرتم لە کاتی خەودا
ئارەزووی قسەکردنم لەگەڵ هیچ کەس نییە
هەموو خەڵک وەک مار
زمانی توونیان بۆم دەردێنن
لە گۆشەیێ گۆشەگیرم
من گۆشەگیرم
پشتم دیوارە و لە بەرانبەرمدا مار هەیە
من بەرەو کوێ بڕۆم؟
_ئەوە زاتێکی شێواوە
هەموو شتێ بخەیتە ئەستۆی خۆت
بە خواردنی لیبیریۆم و ڤالیۆم
شتەکان زۆر ناگۆڕدرێن
کۆڵی گرانی ئەعسابت سووک بکە.

لیبیریۆم؟
ڤالیۆم؟
وێسکیم خواردەوە.

## شانازییکردن

بەڕاستی من ناشرینم و
باش دەرناکەوم
کاتێ لە تەنیشتدا رێ دەکەم
بەڵام با شتێکت پێبێڵم
زوو دەرخی بکە
هیچ کەس لە من زیاتر خۆشیناوێی.

## پڕووشک

شەوی رابرد
کچێکی زۆر مۆدێرنیان
کردە بووک بۆ قوتبێ
لە قوتبەکانی شار
لە هوتێلێکی گەورەی شار
شتومەکی بووکیان رێکخست
قەروێڵەی ئیسفەنجی و
گوڵی بریقەدار
نووری تەماوی و
پڕژانی کۆلۆنیا
شیری، وێسکی، شەمپانیا، کۆنیاک
ژووریێ بە گەرمیی مەرکەزییەوە
سەرباری هەموو ئەو شتانەش
هێشتا پڕووشک نەیتوانی
لە دوو جەستەی ساردا بدرەوشێتەوە.

## **ڕێپێو**

من ڕێپێوی تاکسیم
هەموو دەمبینن
کاتێ مەودایێ دەبڕن
چونکە من
کرێ دیاری دەکەم.

## **نرخ**

سەگەکان دەحەپێنن
گۆشتیان بۆ هەڵدە
بێدەنگ دەبن.

## ژووری سڕکردن

کەس نابینێ
یەکێ دەدوێ
کەس نابزوێ
یەک یەک
بە نۆرە
دەمانخەنە
ژووری سڕکردن.

---

_فەخار زەمان (1943-    ) شاعیری پاکستانی.
_سەرچاوە: adab.com
_nizwah.com

# شیعری شاعیرانی ئیسرائیل

یەهودا عمیحای

## جەستە هۆکاری خۆشەویستییە

جەستە هۆکاری خۆشەویستییە
دوای ئەوە دەبێتە قەڵا و پارێزەری
دوای ئەوە دەبێتە زیندانی
بەڵام کاتێ جەستە دەمرێ
خۆشەویستیی بە ئازادییەکی گەورەوە
لێی دەردەچێ
رێک وەک چۆن ئامێرێکی بەخت
کە دەشکێ و
چی پارەی چاخەکانی بەخت هەیە
لە چرکەیەکدابە لەرینەوەیەکی بەهێز
لەناویدا دەڕژێ.

## یەکەم باران

یەکەم باران
غوباری هەڵزناوی هاوینم
دێنێتەوە یاد.

باران
بارانی ساڵی رابردووی
نایێتەوە یاد.

ساڵ وەحشێکی راهێنەری
بێ زاکیرەیە.

## سەگێ بۆ تاقیبکردنی خۆشەویستیی

کە ڕۆیشتی سەگێکم هێنا
تا زگ و سینگم بۆن بکا
تا لووتی پڕ لە بۆن بێ و
دەست بکا بە گەڕان دواتدا
بە ئومێدی ئەوەی
گونی خۆشەویستە نوێیەکەت
پارچە پارچە بکا
گەززە لە کیری بدا
یا بە لایەنی کەم
گۆرییەکانتم بە ددانەکانی بۆ بێنێ.

## شوانێکی عەرەب لەسەر چیای سەهیۆن
## بە دوای گیسکەکەیدا دەگەڕێ

شوانێکی عەرەب
لەسەر چیای سەهیۆن
بە دوای گیسکەکەیدا دەگەڕێ و
لە گردەکەی بەرانبەری
منیش بە دوای کوڕە بچووکەکەم.

شوانێکی عەرەب و
باوکێکی یەهودیی
هەردووکیان
لە ڕەشبینییێکی کاتیدا غەرق.

دەنگمان لە بەرزاییەکان ئاوێتەبوو
لە دۆڵی نێوانیشماندا
چۆمی سوڵتان راکشاوە.

کەسمان نامانەوێ
منداڵ یان گیسک بکەونە
ژێر تایەی ماکینەی "هاد جدیا"

دواتر لە جەنگەڵدا ئەوانمان دۆزییەوە و
دەنگەکانمان گەڕانەوە ناخمان
تا پێبکەنن و بگرین.

گەڕان بە دوای گیسک یا منداڵ
بەردەوام دەسپێکی ئاینێکی نوێ بوو
لەو چیایانەدا.

## پیاوێ دەناسم

پیاوێ دەناسم
لە پەنجەرەی ئەو ژوورەی
کە سێکسی تێیدا کرد
وێنەی ئەو دیمەنەی گرت کە بینی
بەڵام وێنەی رووخساری
ئەو ژنەی نەگرت کە سێکسی
لەگەڵدا کرد.

## دەریا و کەنار

دەریا و کەنار هاوسێن
هەردووکیان دەیانەوێ فێری قسەکردن بن
هەردووکیان دەیانەوێ
فێری گوتنی تەنیا یەک وشە بن
دەریا دەیەوێ بڵێ: کەنار و
کەنار دەیەوێ بڵێ: دەریا.
ئەوان ملیۆنان ساڵە
لە قسەکردن نزیک دەبنەوە
لە گوتنی یەک وشە نزیک دەبنەوە
کاتێ دەریا دەڵێ: کەنار و
کاتێ کەنار دەڵێ: دەریا
قوربانیدان  دێتە دنیا و
جیهان بەرەو فەوزا دەگەڕێتەوە.

---

_یەهودا عمیحای (1924_2000) شاعیری ئیسرائیلی.

_سەرچاوە: adab.com

ئیسحاق شپیگل

**دواینجار**

بۆ ریبیکا

ئەخیرجار تۆم

لە فارگۆنی شەمەندەفەرێ

کە هێشتا دەرگای کراوە بوو

لە نێوان هەندێ کەسی ترساو و

رووخساری مناڵانی جوولەکەدا بینی

نەمتوانی دەستمت بۆ درێژ بکەم

تا لەو سەفەری ئەخیرەدا

ماڵئاواییت لێبکەم

دەرگای شاحینە داخرا
تا بمباتە سەر رێگە سەرەکییەکە و
نەمدەزانی ئەوە ئەخیرجارە
ئەوە گەشتی کۆتایی
هەموو خەونەکانمە
بە ئاراستەی ئەو چیایانەی
کە لەبەر سەرما شین دەچوونەوە و
لە نزیکیانیشەوە
ژوورە گازاوییەکان
دووکەڵیان بەرەو ئاسمان دەنارد.

---

_ئیسحاق شپیگل (1906_1990) شاعیری ئیسرائیلی.
سەرچاوە: elaph.com

# شیعری شاعیرانی ئەرجەنتین

بۆرخیس

## دادپەروەرەکان

مرۆڤێ لە باخچەکەی کار دەکا

وەک ئەوەی ڤۆلتێر دەیویست

ئەوەی کە سوپاسگوزارە

چونکە لە زەویدا مۆسیقا هەیە

ئەوەی خۆشحاڵ دەبێ

بە دۆزینەوەیەک لە ریشەناسیدا

دوو کارمەندی یاریزانی شەترەنج

لە کافتریایەکی بچووک لە (شەقامی باشوور)

ئەو هونەرمەندەی دروستکاری سیرامیکە و

رەنگ و شێوە لە دیزاینیدا دەبینێ

ئەو چاپڤانەی دەزانێ پەڕەکان رێکبخا و
لەگەڵ ئەوەشدا هەرگیز هیچی بە دڵ نییە
ژن و پیاوێ کە پەرەگرافی ئەخیری
سروودێکی دیاریکراو دەخوێننەوە
ئەوەی دەست بەسەر ئاژەڵێکی خەواڵوو دادەهێنێ
ئەوەی پاساو دێنێتەوە
یا دەیەوێ پاساو بۆ ئەو زوڵمە بێنێتەوە
کە راوی ناوە
ئەوەی کە سوپاسگوزارە
چونکە لە زەویدا ستیڤنسن هەبوو
ئەوەی کە لای باشترە ئەوانیدی لەسەر حەق بن
هەموو ئەو خەڵکانە
کە یەکتر ناناسن
جیهان رزگار دەکەن.

## هاوبەش لە گوناح

ئەوان لە خاچم دەدەن و
دەبێ من ببمە خاچ و بزمار.
پێکم پێدەبەخشن و
دەبێ من ببمە ژەهری بکوژ.
فریوم دەدەن و
دەبێ من ببمە درۆ.
دەمسوتێنن و
دەبێ من ببمە دۆزەخ.

هەر چرکەیەک
پێویستە ستایشبار و
سوپاسگوزاربم
من بە هەموو شتێ دەژیم
جا ئەو شتە هەر چییەک بێ
بارگرانی گەردوون،
زەلیلبوون،
شادمانیی..
دەبێ بەهانە بدەمە
ئەو شتانەی کە لە مندا
بریندار دەبن.
بەختەوەریی و دۆزەخم
لە حیسابدا نییە
من شاعیرم.

## خۆکوژ

لەو شەوەی کە تەنانەت
یەک ئەستێرەش نامێنێ
شەو نامێنێ
دەمرم و
هەموو قورساییەکانم لایە
قورسایی ئەو گەردوونەی
کە لە کۆڵناکرێ
ئەهرام و پارە کۆنەکان و کیشوەرەکان و
رووخسارەکان وێران دەکەم
مێژوو دەکەمە خۆڵەمێش و
غوباریش بە غوبار
سەیری دوا غروبی
خۆری ئەخیر دەکەم
گوێ لە دوا باڵندە دەگرم و
عەدەم تۆمار دەکەم
بەڵام بۆ هیچ کەس نا.

## چرکەسات

ئەگەر لە نوێوە ژیانم بژییەمەوە
زیادکردنی گوناحەکانم لە چرکەیەکدا
تاقیدەکەمەوە
پێگەیشتنم تاقیناکەمەوە
زیاتر دەحەسێمەوە
خۆم لە ئێستا تێرتر دەکەم
شتەکان کەمتر جدی وەردەگرم
کەمتر پابەندی تەندرووستیم دەبم
سەرکێشیی زیاتر دەکەم
سەفەری زۆرتر دەکەم
زیاتر سەیری چرکەساتەکانی غروب دەکەم
زیاتر بەسەر بەرزاییەکاندا هەڵدەزنێم
زیاتر لە رووبارەکاندا مەلە دەکەم
زیاتر بە تیغی چاو
لە ئایس کرێم دەڕوانم و
کەمتر لە خەیاڵدا نغرۆ دەبم

من یەکێک بووم لەوانەی
ژیانێکی حەکیمانە
ژیانێکی بەرهەمدارانە دەژیام
لە هەر چرکەیێکی ژیانمدا ژیام
بێگومان لە کاتەکانی شادمانی
بەڵام ئەگەر کرا بگەڕێمەوە
ئەو کات تەنیا چرکەساتە
شیرینەکان تاقیدەکەمەوە
ئەگەر نازانی ژیان دەلالەت لە چی دەکا
چرکەساتەکانی ئێستات مەدۆڕێنە
من لەوانە بووم
کە ناچنە هیچ شوێنێ
بە بێ گەرمیپێ و
بە بێ بتڵێ ئاوی گەرم
بە بێ چەتر و پەڕەشووت

ئەگەر کرا لە نوێوە بژییێم
بە پێخواسی کارکردن
لە ترپەی دڵی بەهارەوە
تا کۆتایی پایز تاقیدەکەمەوە
زیاتر سواری
عارەبانەی ئەسپەکان دەبم و
زیاتر گەمە
لەگەڵ منداڵان دەکەم
ژیانم نێچیر دەکەم
لەگەڵ ئەوەیش کە ئێستا
هەشتا و پێنج ساڵم و دەزانم
من مردووم.

---

_خۆرخی لویس بۆرخیس (1899_1986) شاعیری ئەرجەنتینی.

_سەرچاوە: adab.com

خوان گیلمان

**هەڵبژاردە**

گەڵای سوور و سەوز/ گەڵا وشکەکان/
گەڵا خوناوییەکان/ لە دەنگتەوە دەکەون/
خەوتووە/ لە ژێر خۆر دەخەوێ/ لە ژێرت/
تەماشا چەند چاوەڕوانە ترسناکیی بیکوژێنێتەوە/
خۆر گوێ لە کەوتنی گەڵاکانت دەگرێ/
ئەوەی لە شەودا دەلەرزێ
ئەوەی دارستان دادەگیرسێنێ.

•

ئازاد، ئەوەی بیرکردنەوە وێران دەکا
ئەوەی خۆی وێران دەکا لە کاتی بیرکردنەوەدا/
نوور لە ماچەکانتدا هەڵدەلەرزێ و رێگا دەوەستێنێ/
زەمەن دەوەستێنێ/ دوور/ ماچەکان بکەوە/
گیا لە دڵی سووتاوت جێبێڵە/
باران لە چۆلەکەیەک هەڵسێنە
کە لە دەریادا چاوەڕوانی دەریایە.
•

کە دەمرم هێشتا لە بیستنی لەرینەوەی فیستانت

لە _با_دا بەردەوام دەبم

یەکێ ئەو دێرانەی خوێندەوە و پرسی:

(ئەوە چۆنە؟/ گوێ دەگری؟ لەرینەوەی چی؟

/ چ فیستانێک؟/ چ _با_یەک؟/

پێمگوت: بێدەنگبێ/ لەسەر مێزەکەم دانیشێ/

شەرابی من بخواتەوە و

ئەو دێرانە بنووسێ:

کە دەمرم هێشتا لە بیستنی لەرینەوەی فیستانت

لە _با_دا بەردەوام دەبم.

•

ناوت چییە؟/
من کوێرێکم لەناو فەنای ئارەزووم دانیشتووم/
لە کات دەپارێمەوە/
لە خەمدا پێدەکەنم و
لە شادی هەر وشەیەکدا کە دەیدرکێنی دەگریم؟/
چیت ناو بنێم؟
•

چاوەکانت چەند جوانن/
لەوان جوانتر نیگاکانیانن/
لەوەش جوانتر بینینیانە کاتێ تەماشای دوور دەکەیت/
لە کەشدا بە دوای چرای خوێنت/
خوێنی سێبەرت/ سێبەرت لەسەر دڵم دەگەڕێم.
•

---

_خوان گیلمان (1930_ ) شاعیری ئەرجەنتینی.
_سەرچاوە: adab.com

# شیعری شاعیرانی چیللی

پابلۆ نێرۆدا

## سۆنێتەی حەڤدە

بێئەوەی بزانم
چۆن و کەی و لە کوێ،
خۆشمدەوێی.
بێئاڵۆزیی.. بە سادەیی خۆشمدەوێی.
بێ هیچ غرورێک خۆشمدەوێی.
بەو شێوازە خۆشمدەوێی
چونکە من هیچ شێوازێکیتر نازانم
بۆ خۆشەویستیی
بە شێوازێ کە هەردوو وشەی
من و تۆ بوونیان نییە
بە شێوازێ کە هەموو شتەکان تەبا و کۆکن
بە شێوازێ هەتا ئەگەر دەستت
لەسەر سینگم دانێی دەبێتە دەستی من
هەتا کاتێ کە من دەخەوم
تۆ پێڵوەکانت دادەخەیت.

## شیعرێک کە هەمیشە نوێیە

تۆ کە پیاوێکت بە کۆڵەوەیە، وەرە.
کە سەد پیاوت بە پرچت گرێداوە، وەرە.
کە هەزار پیاوت لە نێوان سینە و
قاچەکانت هەڵگرتووە، وەرە.
وەک رووبارێکی لێوانلێو لە نوقوومبوو
کە دەڕژێتە نێو دەریایەکی هار و
دەبێتە کەفی دەریا و زەمەن، وەرە.
کاتێ چاوەڕوانتم هەموویان بێنە
ئێمە هەمیشە تەنیا دەبین
من و تۆ هەمیشە تەنیا دەبین لەو زەمینەدا
تا بە یەکەوە ژیان دەسپێبکەین.

---

_پابلۆ نێرۆدا (1904_1973) شاعیری چیللی.

_سەرچاوە: drbugnah.net

نیکانور پارا

## بارودۆخ هەستیاری زیاد دەکا

پێویست نییە هیچ بیکەیت
جگە لەوەی لە رێی شووشەی
داپۆشراو بە دووکەڵ
تەماشای خۆر بکەیت
تا بزانیت بارودۆخ خراپە
یا هەموو شتەکان باشن.

من دەڵێم: پێویستە لەسەرمان
بگەڕێینەوە بۆ ئەو سەیارانەی
کە ئەسپ رایاندەکێشان
بۆ ئەو فڕۆکانەی
کە بە هەڵم کار دەکەن
بۆ ئەو تەلەڤزیۆنانەی
کە لە بەرد لێکراونەتەوە.

بە تەمەنەکان لەسەر حەقبوون
کە دەیانگوت:
پێویستە دووبارە بۆ شیولێنان
دار و درەخت بە کار بێنینەوە.

## زەمەنە نوێکان

لەو کاتە مەرگەساتاوییەی تێیدا دەژین
ناتوانی بدوێیت بێئەوەی تووشی دژیەکبوون بێیت
یا هێمنیی بپارێزیت
بێئەوەی لەگەڵ_پنتاگۆن_ تووش بێیت.
هەموو دەزانن کە هیچ بەدیلێک نییە
هەموو رێگاکان دەچنەوە _کوبا_
هەوا پیسە.. هەناسەدان کارێکی سەختە
دوژمن دەڵێ: خەتا هەمووی لە وڵاتە
وەک ئەوەی وڵاتان کۆمەڵە پیاوێک بن.
هەورە نەفرەتییەکان لەسەر
بورکانە نەفرەتییەکان هەڵدەفڕن
کەشتییە نەفرەتییەکان
هەڵمەتی نەفرەتیی ئەنجامدەدەن
درەختە نەفرەتییەکان
مەلە نەفرەتییەکان لەت لەت دەکەن
هەر لەسەرەتاوە هەموو شتێ پیس بوو.

## هەڵوسان

نان گران دەبێ
بۆیە دیسان دووبارە
نان گران دەبێتەوە
کرێ بەرز دەبێ
ئەوە وا دەکا
هەموو کرێیەکان
دووقاتیان لێبێ
نرخی پۆشاک گران دەبێ
بۆیە دیسان دووبارە
نرخی پۆشاک گران دەبێتەوە
چار نییە
ئێمە لە بازنەیەکی بۆشدا دەخولێینەوە
لە قەفەزدا خواردن هەیە
زۆریش نەبێ بەڵام فراڤین هەیە و
لە دەرەوەش تەنیا
رووبەری فراوانی ئازادیی راکشاوە.

## خواردنەوەی نەخبی ئەخیر

حەزمان لێبێ یا نا
هیچمان لەبەردەمدا نییە
جگە لە سێ بژاردە:
_دوێنێ_ و _ئەوڕۆ_ و _بەیانیی_.

سێ بژاردەش نییە
چونکە وەک فەیلەسوف دەڵێ:
_دوێنێ_ دوێنێیە و
لە زاکیرەدا نەبێ
ناتوانین دەستگیری بکەین
وەک گوڵێکی قرتاو
کە ناتوانێ پەڕی زیاتر دەربکا.

ئەو کارتانەی کە دەتوانرێ
یاریان پێبکرێ تەنیا دوانن:
_ئێستا_ و _ئاینده_.

تەنانەت دوو بژاردەش نین
چونکە حەقیقەتێکی زانراو هەیە
_ئێستا_ وجودی نییە
تەنیا ئەو کاتە نەبێ
کە کەم کەم بەرەو پێشەوە دەڕوا و
وەک تەمەنی گەنجیی بە کاردەبردرێ.

لە کۆتاییدا هیچمان بۆ نامێنێتەوە
جگە لە _بەیانیی_.

پێکت هەڵدە
نەخبی ئەو ڕۆژەی کە هەرگیز ناگا و
ئەوە هەموو شتێکە
کە لە ژێر دەسەڵاتی ئێمەدایە.

## له هەموو ئەو شتانەی گوتم

## پاشگەز دەبمەوە

بەر لەوەی بڕۆم

حەقی خۆمە دوا ئارەزووم بەدەستبێم

ئەی خوێنەری میهرەبان

هەرگیز ئەوە نەبوو

کە دەمویست بیڵێم

بەڵام ئەو کتێبە بسووتێنە

لەگەڵ ئەوەیش کە بە خوێن نووسراوە

هەرگیز ئەوە نەبوو

کە دەمویست بیڵێم

ناکرێ حاڵێکی خراپتر هەبێ لە حاڵم

دۆڕانی خۆمم

لەسەر دەستی سێبەرم بەدەستهێنا

وشەکانم تۆڵەیان لێکردمەوە

بمبوورە ئەی خوێنەر

ئەی خوێنەری میهرەبان

ئەگەر نەمتوانی بە باوەشێکی گەرم

ماڵئاواییت لێبکەم

ئەوا من بە بزەیەکی غەمگین

ماڵئاواییت لێدەکەم

لەوانەیە ئەوە سەراپای من بێ

بەڵام گوێ لە دوا قسەم بگرە

من لە هەموو ئەو شتانەی کە گوتم

پاشگەز دەبمەوە

بە تاڵییێکی زۆر لەو جیهانەدا

لە هەموو ئەو شتانە

پاشگەز دەبمەوە کە گوتم.

## تاقیکردنەوە

شاعیری دژیەک چییە؟
بازرگانی چەکمەجە و تابووتە؟
کاهینێکە باوەڕی بە هیچ نییە؟
جەنەڕاڵێکە سەرقاڵی گومانکردنە لە خۆی؟
دەربەدەرێکە گاڵتە بە هەموو شتێ دەکا
هەتا بە پیریی و بە مەرگیش؟
وتابێژێکی تەبیعەت ناخۆشە؟
سەماکارێکە لە کەناری پەراوێز؟
نەرسیسێکە هەموو کەسی خۆشدەوێ؟
گاڵتەجاڕێکی خوێناوییە
مەبەستییەتی کەساس بێ؟
شاعیرێکە لەسەر کورسی دەخەوێ؟
کیمیاییەکی چاخە نوێیەکانە؟
شۆشگێڕێکی گیرفانە؟
بۆرژوازییەکی بچووکە؟
جادووکارە؟

خوایە؟
کەسێکی بێتاوانە؟
دێهاتییێکە لە سانتیاگۆ دی چیللی؟
خەتێ بە ژێر ئەو وەڵامە دابێنە
کە تۆ بە راستی دەزانی.

شیعری دژیەک چییە؟
گەردەلوولە لە فنجانی چا؟
پەڵە بەفرێکە لەسەر بەردێکی بەرز؟
تەبەقەیەک پیسایی مرۆڤە
وەک باوکە_سالفاتیرا_باوەڕی وایە؟
ئاوێنەیەکە حەقیقەت دەڵێ؟
زللـەی سەرۆکی نووسەرانە لە ڕوومەت؟
_خوا رەحمی پێبکا
لە مەلەکوتی خۆیدا_
ئاگادارکردنەوەی شاعیرە گەنجەکانە؟
تابووتی ساحیرە؟
تابووتێکە بە هێزێکی پاڵنەر؟

تابووتێکە بە گازی برافین؟
ژووری مردووانە
کە مردووی تێدا نییە؟

نیشانەی _X_
بەسەر ئەو پێناسەیەدا بێنە
کە تۆ بە راستی دەزانیت.

---

_نیکانور پارا (1914_2018) شاعیری چیللی.

_سەرچاوە:atinrenational.com

_wehda.alwahda.gov.sy

ئۆسکار هاهن

## گۆرانی ئاوگست

خۆشەویستم دەکرا زۆر شت
لە ئاوگستدا رووبدا بەڵام روویندا.
دەکرا زۆر پەپوولەی رووناکیی
لە چاوەکانت بدرەوشێنەوە بەڵام نەدرەوشانەوە.
ئاوگست بە بێ رێورەسم و بەها و
بە بێ گوڵ و کەژاوە دەنێژرێ
وەک زۆر لەو رۆژانەی
هەرگیز نەیانتوانی ببن بە درەخت
وەک زۆر لەو درەختانەی
هەرگیز نەیانتوانی ببن بە مەل
وەک زۆر لەو مەلانەی
هەرگیزا و هەرگیز نەیانتوانی بفڕن.

---

_ئۆسکار هاهن (1939_    ) شاعیری چیللی.

_سەرچاوە: adab.com

گابریلا میسترال

**ئەوانە سەما ناکەن**

منداڵێ بە دانیشتنەوە گوتی:
_چۆن دەتوانم سەما بکەم؟
_لێگەڕێ با دڵت سەما بکا
ئاوا وەڵاممان دایەوە.

نەخۆشێکی پەککەوتە پرسی:
_چۆن دەتوانم گۆرانی بڵێم؟
_با دڵت گۆرانی بڵێ
ئاوا وەڵاممان دایەوە.

دڕکێکی پەژموردەی گوناح بە چرپەوە گوتی:
_ئەی من چۆن دەتوانم سەما بکەم؟
_لێگەڕێ با دڵت لەگەڵ _با_دا هەڵفڕێ
ئاوا وەڵاممان دایەوە.

خوا لە بەرزاییەکانەوە دوا
_چۆن دەتوانم لە ئاسمانمەوە دابەزم؟
-وەرە لەگەڵ ئێمەدا
لە رووناکیدا سەما بکە
ئاوا وەڵاممان دایەوە.

هەموو دۆڵەکە بە یەکەوە
لە ژێر خۆردا سەما دەکەین و
دڵی کەسێ کە بەشداریمان ناکا
بووە غوبار .. غوبار.

---

_گابریلا میسترال (1889_1957) ژنە شاعیری چیللی.
_سەرچاوەalqasidah.com

# شیعری شاعیرانی سویسرا

فیلیب جاکوتیت

## دەیانبینین کە دەڕۆن

هاتوهاوار ڕووناداا لە ژووری مردووان
چرا بەرز دەکەینەوە و دەیانبینین کە دەمرن.
لەبەر دەرگا کەمێ دەنگم بەرز دەکەمەوە و
چەند وشەیێ دەدرکێنم
تا ڕێگایان ڕووناک بکەمەوە
بەڵام ئەوانەی کە هەتا
لە ژێر بەفریشدا نوێژیان کرد
چۆلەکەی بەرەبەیان دێ و
دەنگیان دەگۆڕێ.

---

_فیلیب جاکوتیت (1925_ ) شاعیری سویسری.
_سەرچاوە: adab.com

جان کوتا

## گۆرانیی ئێشکگر

چاوەڕوانیی و
چاوەڕوانیی لە ژێر باراندا..
ئایە تەواوی تەمەن
هەر باران دەبارێ؟
سەربازێ لەنێو فرمێسکەکانیدا
خەون بە کفنێ لە گیا و قوڕ دەبینێ
چەکدارێکی تەنیا
کە هەمیشە تەنیایی زیاد دەبێ و بیردەکاتەوە:
_کەی دەمرین ئەی سەرۆک؟
باران دەبارێ
باران دەبارێ و من دڵتەنگم
باران دەبارێ و
باران هەتا لە نێو قەسیدەکانیشم دادەبارێ..

## گۆرانیی سەر سنوور

بە نائارامیی لەنێو _با_یەکانی سنوودا
بیرت لێدەکەمەوە
ئەی دایکی خۆشەویستم.
ئەگەر ئەوجارە رۆژێ بتبینمەوە
تەنیا رۆژێ.. لەو رۆژەدا
دەبمەوە بچووکێکی سەرشێت
بەڵام کوا سەربازەکان حەقیان هەیە
تەنیا و تەنیا دەبێ لە ژێر رێژنەی باران و
لە گەردەلوولدا ئەرک راپەڕێنن.
هیچ دەنگێ نییە بڵێ: بەسە
هیچ دەستێ نییە بمانلاوێنێتەوە و
کاتیش وەک خودە قورسە.

---

_جان کوتا (1916_1992) شاعیری سویسری.
_سەرچاوە: nizwa.com

ئان بیرییه

## **ئەوە شوێنمە**

تاهەتایە

ئەوە شوێنمە:

کورسییەکی نەوی لە _کا_

بێدەنگیی و

هاوین

دیوارێکی وەک جادە

کە خۆر

شەقی کردبێ و

رۆحم

کە عادەتی گرتووە

بڵێ: تۆ.

## ئەگەر دۆڵێکی قووڵبام

ئەگەر دۆڵێکی قووڵبام
لە لێشاومدا حەشارم دەدای
ئەگەر دەریابام
دەمهێنایتە نێو فەزام
ئەگەر برووسکبام
خۆم لە تۆ دەگرت
ئەگەر رێگابام
دەڕۆیشتم
تا لە ژێر پێیەکانتدا راکشێم
ئەگەر ترێ و شەرابیام
تەواوی شەو مەستم دەکردی
ئەگەر گەنمی پێگەیشتووبام
بە زێڕ دامدەپۆشیت

ئەگەر هەنگی حوزەیرانبام
ئەگەر دڵ شەرمندەی تۆ بێ
ئەگەر شادرەختێکی دڕکداربام
منت لەنێو دیوارەکانتدا دەدۆزییەوە
بەڵام هەر بەڕاست من کێم؟
هیچ شتێ
هیچ شتێ نیم
جگە لەو رووخسارە گریاوەی
کە تاهەتایە
لەنێو دەستەکانتدا
حەشاردراوە.

---

_ئان بیرییە (1922_      ) ژنەشاعیری سویسری.
_سەرچاوە: nizwa.com

فرانسوا دوبلو

**ریسوواپی**

ئەو ئێوارەیە بەشی خۆمم
لە دادپەروەریی دەوێ
ئەو ئێوارەیە دەمەوێ
لە برادەرانم دوورکەومەوە
دەمەوێ خۆشەویستییم ریسووا بکەم
ئەو ئێوارەیە دەمەوێ تووڕەییم داگیرسێنم
دەمەوێ برینم ژەهراویکەم
دەمەوێ هەموو شتێ بکوژم
دەمەوێ تێپەڕێنم و ببمە گەردەلوول
دەمەوێ هەموو شتێ وێرانکەم
هەموو شت.. هەموو شت
هەتا بەردیش.

---

_فرانسوا دوبلو (1950_ ) شاعیری سویسری.

_سەرچاوە: nizwa.com

جان – جۆرج لوسییه

## ناکۆتـا

وجودی هەمووان هێڵی تەباشیرە
لەسەر تاریکایی رۆژگار
کتێبی هەمووان
گوڵێکە بەیانی لە نێو لاپەڕەکاندا وشکدەبێ.
خۆشەویستیی هەمووان
خەونێکە لە خەون دەچێ
لە ژێر ئامێری وشەکاندا
ژاوە ژاوی لە دایکبوون و مەرگ
هەموو وجود و کتێب و
خۆشەویستیی لوولدەدا.

---

_جان – جۆرج لوسییه (1911-2004) شاعیری سویسری.

_سەرچاوە: nizwa.com

# شیعری شاعیرانی سوید

کارین بۆیە

## مەرگ وەک تۆیە

لام وایە مەرگ وەک تۆیە
باڵابەرزێکی
رەنگ کاڵ و
هەمیشەیش ئامادەیە وەک تۆ
چاوەکانی وەک دەریان
دووریشن وەک چاوەکانی تۆ
لێوەکانی وەک لێوی تۆ لە پڕ ئازاریدا
خۆیان کۆکردۆتەوە.
مەرگ تۆیت و
من موڵکتم
دەستەکان و
عەقڵم هی تۆن

وات لە ژیان کرد
بە خامۆشیی خونچە بکا و
بەرەو خەوێکی خەمبار
لایلایەت کرد
خەون و کرداریش بە دەگمەن
باڵەکانی خۆیان تاقیکردەوە..
سەرباری ئەوەیش
خۆشمدەوێی
ئەی مەرگم
تۆ ئەی ئەو مەرگە درێژ و تاڵەم
کە لەنێو دەستتدا
ژیانم دەتوێتەوە
تۆ ئەی مەرگی شیرین شیرینم
هەموو رۆژ
ئەشکەنجەکانت پیرۆز دەکەم.

## به هۆی دەزگەکانی راگەیاندنەوە

جارێ داوای شادییەکی بێسنوور و
جارێ داوای خەمێکی بێکۆتایی
مانەندی فەزام کرد..
شادی جوانە و
خەمیش جوانە
بەڵام لە هەردووکیان جوانتر ئەوەیە
بە زەینێکی جێگیر
لە خاکی جەنگی ئازارەکاندا
بوەستیت و لە خۆر بڕوانیت
کاتێ کە تیشکدەدا.

---

_کارین بۆیە (1900-1941) ژنە شاعیری سویدی.

_سەرچاوە: adab.com

ئیدیث سۆدەرگران

## پاکیزەیەکی هاوچەرخ

من ژن نیم
من بێلایەنم
نە نێرم نە مێ
من منداڵێکی خزمەتگوزارم
بڕیارێکی بوێرم
من تیشکی خۆرێکی بریقەدارم
کە پێدەکەنێ
من تۆڕم بۆ هەموو ماسییێکی برسی
من نۆشی خواردنەوەیەکی بەخشندەم
بۆ هەموو ژنان
من هەنگاوێکم
روو لە رێککەوت و وێرانەیی
من خۆهەڵدانێکم لە خود و ئازادیی
من ئەو خوێنەم کە لە کونە گوێی پیاو
ژاوەژاو دەنێتەوە

من پارێزەری ڕۆحم،
شەهوەتی گۆشت و بەرگریکاریشی
من ئاماژەیەکی هەڵواسراوم
لەسەر دەرگای فیردەوسە نوێیەکان
من مەشخەڵێکی ئاشکراکراوی جەسوورم
من ئاوێکی قووڵم
بەڵام ترسناکیی ئەو ئاوە
لە چۆک تێپەڕ ناکا
من ئاگر و ئاوێکی یەکگرتووم
بە دڵسۆزیی و ئازادییەوە.

---

_ئیدیث سۆدەرگران (1892_1923) شاعیری سویدی.

_سەرچاوە: adab.com

گوننار ئیکیلۆف

**جەللاد**

ئەی جەللاد چی لە باسکم دەکەیت؟
ئەوەیان ببڕە و ئەوەیتریش
چاوەکانم سەیرت دەکەن.. ئیغتیسابت کردووم؟
ئەوەم بیر نایە لەگەڵ ئەوەش
گومانم لە شتێکی نامۆ کرد
ئێستا قاچم دەبڕیَ
سەرەتا یەکەم و دواتر دووەم و
دەشزانیَ چاوەکانم زیندوو دەمێننەوە
دەبینی چاوەکانم چۆن زیندوون و
ئێستا سەرووی رانم کەمێک ببڕە
ئەی جەللاد تۆ چی دەڵێی
ئەو کارەت لەززەتت پێدەبەخشیَ؟

---

_گوننار ئیکیلۆف (1907_1968) شاعیری سویدی.

_سەرچاوە: adab.com

# شیعری شاعیرانی هۆڵەندا

تۆن هێرمانس

## من

من خۆرم

باران

بەفر

من جیهانێکی نوێم.

فیردەوسێکی ونبوو

من خۆشبەخت و بەدبەختیشم

من بێدەنگیی و هاواریشم

من دەریا و

دوورگە و

شاعیر و جووتیارم

من ئەو بەشەم کە دەمێنێ و

هەموو شتێکی دەوریشم

ئەو بەشەیە کە هەموو هەناسە پێکدێنێ

من ئەو پارچەیەم کە قەرەبوو ناکرێتەوە

من رۆحی گەردوونم.

## زیرەکیی

ژیان وابووە و وایش دەڕوا

خراپ

یا باش

یا باشترین

کێ زیاتر دەژیێ

کێ کەمتر دەژیێ؟

ئەگەر زۆر زیرەکیش بی

یەک مەتر هاوکاریت ناکا.

## گۆرانی

رۆژێکی بێ تۆ
وەک باخچەیەکی بێ گوڵ وایە
ناکرێ رۆژێکی بێ تۆ
ناو بنێیم رۆژ
رۆژێکی بێ تۆ
رۆژێکە بێ رووناکیی و رووخسار
ئەگەر گوێم لە دەنگت نەبێ
ماڵ چۆل و ساردە
مێزی خواردن.. کورسییەکان.. قەروێڵە
هیچ مانایەکیان نییە بێ تۆ
وەک درەختێکی بێ گەڵا
وەک ئاسمانێکی بێ شینیایی
ئەوە ژیانمە، ئەو رۆژەی کە بێ تۆمە.

## گریان

ئەگەر کات ناکاتێ بگریت
هەندێجار
لەسەر مرۆڤ
پێویست دەبێ
فرمێسکەکانی دەربخا.
بەڵام جار ناجارێ هاوار دەکەم:
بوەستە
زێدەڕۆیی مەکە
دەتوانی...
بۆیە لە گریان وەستام
بەڵام هێشتاش
بە دەنگی بەرز دەگریم.

## بیرکردنەوە

لە دەسپێکدا
دەمویست
بیرنەکەمەوە
پێشتر وامدەکرد
دواتر دوای دوو چرکە
لە نۆژەنەوە
دەستم بە بیرکردنەوە دەکردەوە
نەخێر..هەروا ئاسان نییە
ئەگەر هیچ بیرکردنەوەیەکیش نەبێ
تۆ دەزانی کە بیردەکەیتەوە.

---

_تۆن هێرمانس (1916_2000) شاعیری هۆڵەندی.

_سەرچاوە: adab.com

تۆماس بیرنهارد

## گۆڕت

دەبێ ئێستا
قەبرت لە باشوور هەڵکەنرابێ و
_با_یەکانیش تا ئەوێ
لە مەراسیمی مەرگت بەشدار دەبن.
دەبێ ئێستا
دڕکەکان رووخسارتیان لەت لەت کردبێ و
درەوشانەوەشت،
باڵندەکان وێرانیان کردبێ.

دەبێ ئێستا
قەبرت لە باشوور هەڵکەنرابێ و
_با_یەکانیش تا ئەوێ
لە مەراسیمی مەرگت بەشدار دەبن و
دۆڵ نەبوونت لەبیر دەکا
چونکە ئیدی هەرگیزاو هەرگیز ناگەڕێیتەوە.

## پایــز

سبەی هەمدیس دێنەوە
نانەوا
بەرگدروو
درۆزن
کەنناس
ئێرەییم پێدەبەن
لەبەر ئەو ئاوازەی
کە وشە بۆ رۆحی هیلاکم دەدانێ.

سبەی هەمدیس دێنەوە
ئێوەی باڵندەکان و ئێوەی درەختەکان و
زیندانی هاوینی جوان
ئەوەی کە باوکم
لە چیای رەشەوە بۆی ناردم.

سبەی هەمدیس دێنەوە

برادەرە مردووەکان و

خەونە وشکهەڵاتووەکان

گوێ لە دەنگی چۆلەکە دەگرن

سێبەرت لە رووباردا رادەکا و

ئیدی هیچ کەس حەز ناکا

شادییت بۆ بگەڕێنێتەوە.

## مەرگم دێ

بەو زووانە مەرگم بە هیلاکییەوە
لە کێڵگەکانەوە دێ
کاتێ سێبەری قەلەڕەشەکان
دادەبارێتە سەر بەروبووم و
درەختی پشت ماڵ
مەرگ پێڵوەکانی لە بەفر و
نزیک زستان دادەخا و
وشەکان باهۆزئاسا هەڵدەکەن..
رۆحی نەخۆش بە خێرایی
دوور بەرەو لاکەیتر رادەکا و
نایەوێ ئیتر گوند ببینێ.

## بارانی هاوین

بەسە ئەی مەلەکان
ئیتر ئێوارە شادیی ناخاتە دڵم.
لەسەر پرد
باران بەسەر خەمەکانم دادەبارێ و
مەستیی هاوین ناتوانێ بمگۆڕێ و
_با_یەکانیش بە ئاگام ناهێننەوە.

لە سپێدەدا
نامەوێ لە ژێر درەختەکانەوە رێبکەم
پێڵوەکانم گران و خەواڵون
دوای زستان و بەفر
گەڕانەوەم بەرەو گەڵاکان و
سندووقە رەشەکان
لە باران دەوێ.

بەسە ئەی مەلەکان
ئەی سەرمای تەزێنەر
سێبەرم لە شەودا گەشە دەکا و
لەوێ لە دارستانەکان
لە ژێر گوڵی
مردووە ڕەشەکان
ئارام دەگرێ.

## مەرگ روونە لە خشتەدا

مەرگ روونە لە خشتەدا
کێوییە لە مانگدا و
بۆم روونە وەک ئەستێرە..
لە ئێوارەدا غەریبێ
بەرانبەر دەرگای ماڵم مووچڕکی پیا دێ
مەرگ وەک هەنگوینی مانگی ئاب رۆشنە
بەو شێوەیە مەرگ بۆم روون و دڵسۆزە.
ئەی خودا کە زستان دێ
مەرگێکم بۆ بنێرە تا هەست بە ساردیی و
هاتنی زمانێک لە دەریا و نزیکیی ئاگر بکەم.
ئەی خوایمن مەرگ لە ئێوارەدا
هێرش دەکاتە سەر قەدی درەختەکان و
هەندێ لە چۆلەکە خەوتووەکانی نێو تاریکیی.

---

_تۆماس بیرنهارد (1939_1989) شاعیری هۆڵەندی.

_سەرچاوە: adab.com

# شیعری شاعیرانی کەنەدا

ئیمێلی نیلیگان

## ئێوارەیەکی زستانە

ئاهـ، بەفر هێشتا دادەبارێ
پەنجەرەکەم باخچەیەکە لە شەختە
ئاهـ، بەفر هێشتا دادەبارێ
ژیان گرژ دەبێ بۆ ئازارم بۆ ئازارم.

دەریاچە هەمووی
سەهۆڵبەندانبوو بەرانبەرم
لە کوێ بژیم؟ بۆ کوێ بڕۆم؟
هیواکانم هەمووی
سەهۆڵبەندانبوو بەرانبەرم
من نەرویجێکی نوێم
ئاسمانە کاڵەکان جێیانهێشتم.

ئەی باڵندەکانی فبرایەر بگرین
بۆ بزەی بەدی شتەکان بگرین
ئەی باڵندەکانی فبرایەر بگرین
فرمێسکەکانم بگرین،
گوڵەکانم بگرین
بۆ پژوپۆی داری عەرعەر بگرین.

ئاهـ، بەفر هێشتا دادەبارێ
پەنجەرەکەم باخچەیەکە لە شەختە
ئاهـ، بەفر هێشتا دادەبارێ
ژیان گرژ دەبێ بۆ دڵتەنگیم بۆ دڵتەنگیم

---

_ئیمێلی نیلیگان (1879_1941) شاعیری کەنەدی.

_سەرچاوە: mobile.dudasite.com

هەموو

مانگێ

خوێنم لێدەچۆڕێ

بەڵام

نامرم

چۆن

نابمە

ساحیر.

•

خۆشەویستیی
دڵڕەق نییە
ئێمە دڵڕەقین
خۆشەویستیی یاری نییە
ئێمەین خۆشەویستییمان
کردۆتە یاری.
•

من مۆزەخانەیەکی پڕ لە هونەرم
بەڵام چاوەکانت داخراون.
•

سەیرم دەکا و دەگریێ
هەموو شتێ بە ئازارە
لە ئامێزت دەکەم و دەچرپێنم:
هەموو شتێ چارە دەکرێ.
•

لە شەوی دوای ڕۆیشتنت
لە خەو هەستام
تەواو شکابووم و
تاکە شوێنیش بۆ دانانی پارچەکانم
ئەستووریی ژێر چاوەکانم بوو.
•

چ سوودێکی هەیە خۆشتبوێم
یا غەریبیم بکەیت
یا پێویستیت پێمبێ
مادەم هیچ ناکەیت
تا لە نزیکم بیت؟
ئەگەر نامکەیتە
خۆشەویستی ژیانت
لە بەرانبەردا
من دەبمە
لە دەستچووی ژیانت.
•

ئەگەر بە بێهێزیی خولقابم
تا بکەوم
ئەوا بە هێزەوەش لە دایکبوویمە
تا هەستمەوە.
•

هەڵە نەبووی کە ڕۆیشتی
کە گەڕایتەوە و
بیرت لەوە کردەوە
دەتوانی بمکەیتە موڵکت
لە دەرفەتێکتدا و
کە دەرفەتیشم نەدای جێمبێڵی
هەڵەت کرد.
•

چ بەهێزە
دڵی مرۆڤ
جار لە دوای جار
وێران دەبێ و
لەگەڵ ئەوەشدا
هێشتا دەژی.
•

شێوازی
ڕۆیشتنیان
هەموو شتێکت
پێدەڵێ.
•

کە دەتبینم
لە نوێوە لە غەم غەرق دەبم.
•

جەستەت

مۆزەخانەی

کارەساتە سرووشتییەکانە

دەتوانی تێبگەی

کە ئەوە چەند نایابە؟

•

هەر جارێ بێخۆشەویستیی

قسە لەگەڵ کچەکەت دەکەیت

بە روویدا هاوار دەکەیت

فێری دەکەیت غەزەب تێکەڵی بەزەیی بکا

رەنگە ئەوە بیرۆکەیەکی باش بێت

تا کاتێ کە گەورە دەبێ

متمانە بەو پیاوانە بکا

کە ئازاری دەدەن

چونکە ئەوانە

زیاتر بە تۆ دەچن.

•

کاتێ تووڕە دەبم

هاوار ناکەم

بەڵکو دەسووتێم

دەبێ بمبینی کە دڵم دەشکێ

غەمگین نابم

بەڵکو وێران دەبم.

•

پەنجەکانت

لە پرچم لوولدا و

جەزبت کردم

ئا بەو شێوەیە

مۆسیقا لە منەوە دەردەچێ.

•

پشتمان
چیرۆکگەلێک دەگێڕنەوە
کتێبەکان
بڕبڕەیان نییە
تا هەڵیانگرن.

•

لەبەر فێڵ
دڵ و
رۆحم
لێدەچۆڕێ و
هێشتایش
چاوەڕوانیت
بەختەوەریی بدۆزمەوە.

•

لەبەر لە دەستدانت

زمانم وشکبووە

لە غەریبی کردنت.

•

بە خۆشەویستییم

بۆ خۆم

فێردەبم

چۆن خۆشمبوێ.

•

پێویستە لەسەرت

لەو بەشەی کە ژیانتدا ماوە

داوای دادگا بکەیت

یەکەمجار لەگەڵ خۆت.

•

تۆ زۆر قسە دەکەی
ئەو لە گوێمدا دەچرپێنێ
دەتوانم بیر لە باشترین
رێگاکان بکەمەوە
بۆ بە کار هێنانی ئەو دەمە.
•

هەموو شۆڕشێ
دەستپێدەکا و
کۆتایی دێ
بە لێوەکانی.
•

پێوست بوو بزانیت من ئاگرم
هەرگیز تێنەگەیشتم
بۆ هێندە بە منەوە پەیوەستی
مادەم ئاوا لە گەرما دەترسیت.
•

چرپاندی

بمێنەوە

لەو کاتەی تۆ

دەرگاکەت دوای خۆت

دادەخست.

•

ئەوەی

بە دەستمهێنا

بە دەستمهێنا و

من خۆشحاڵم

ئەوە

لە دەستمدا

لە دەستمدا و

من هێشتاش

خۆشحاڵم.

•

جیهان

زۆر ئێشت پێدەدا و

تۆش دەتەوێ

لەناو ئەو زێڕەدا دەرچیت.

•

پێیانبڵێ

کە من

گەرمترین شوێن بووم بۆت

تۆش من کردە شەختە.

•

لەگەڵ یەکتر هەست

بە بەختەوەریی ناکەین

هەردووکیشمان

حەزمان لە جیابوونەوە نییە

بۆیە بەردەوام دەبین

لە یەکتر وێرانکردن

ئەوەش ناو دەنێین خۆشەویستیی.

•

تۆ پێویستیت بە منە

یا پێویستیت بە کەسێکە

جیاوازیی هەیە لە نێوانیان.

•

---

روپی کوار (1992_ ) ژنە شاعیری هیندی_کەنەدی.

سەرچاوە: thaqafat.com

# شیعری شاعیرانی پۆڵۆنیا

زبیگنیف هێربێرت

## باران

کاتێ برای گەورەم لە جەنگ گەڕایەوە

ئەستێرەیەکی زیوینی بچووکی

لەسەر نێوچەوانیدا بوو

لە ژێر ئەستێرەکەشدا چاڵێ

کە پارچە ساچمەکان

لە "ڤێردون"

یا لەوانەیە

لە "گرونفۆلد"، پێکابوویان

_وردەکارییەکانی بیر نەماوە_

عادەتیگرتبوو

درێژدادڕ بە زمانانی زۆر قسە بکا

بەڵام لەنێو هەموو زمانەکاندا

تا هەناسەکانی وەستان

عاشقی زمانی مێژووبوو.

داوای لە هاوڕێیانی چەک دەکرد
ئەوانەی مردن خێرابن
"رۆناڵد کوفالیسکی هانیپال"
بە دەنگێکی بەرز ئاوای گوت
ئەوە دوا حەملەی خاچپەرستییە و
"قرتاجنە" لە ئاوزینگی کەوتن دایە
دواتر بە گریانەوە دانی پیانا
کە ناپلیۆن خۆشیناوێ
تەماشامان کرد خەریکبوو دەبوورایەوە و
هەستەکانی وازیان لێی دەهێنا
وردە وردە دەگۆڕا و دەبووە پەیکەر
دەبووە گوێچکەیێکی
وەک سەدەفێکی مۆسیقی
بەڵام لە ناوەڕاستی دارستانێ لە بەردا
توێکڵی رووخساری داخرابوو
لە ژێر چاوانی کوێری و
وشکەڵاتوو وەک خونچەکان و
هیچی نەمابوو جگە لە لەمسێکی خێرا..

ئەو چیرۆکانەی کە بە دەستی گێڕایەوە
رۆمانسییەکان بە دەستی راستی و
بیرەوەری سەربازکانیش بە دەستی چەپی
براکەمیان راپێچی دەرەوەی شار کرد
پایزان لاواز و کپ دەگەڕایەوە
حەزی بە هاتنە ژوورەوە نەدەکرد
تا ئاگادارم بکاتەوە لە پەنجەرەکەمی دەدا
دواتر دەچووینە شەقامەکان و
حیکایەتی بێسەروبەری بۆ دەگێڕامەوە و
بە پەنجەکانی بارانێکی کوێر
دەستی بە رووخسارمدا دەهێنا.

## ترسمان

ترسمان
نە جلی خەو دەپۆشێ و
نە چاوانی کوندەپەپۆشی هەیە
نە شەپقە لە سەریدا بەرز دەکاتەوە
نە مۆم دەکوژێنێتەوە و
نە رووخساری پیاوی ماڵیشی هەیە.
ترسمان
چەند پارچە کاغەزێکە
لە گیرفانمانە و دەڵێ:
"فویسکی ئاگادار بکەوە:
ئەو ماڵە لە شەقامی دلۆگا گەرمە"
ترسمان
بە باڵەکانی گەردەلوول بەرزناکرێتەوە و
لەسەر بورجی کڵێسە رۆنانیشێ
ئەو تا بڵێی واقیعییە و
وێنەی چەپکێکی هەیە

لە سەرابدا شێوە دەگرێ
بە هۆی بژێوی
کە پۆشاکی گەرم و زەخیرەیە.
ترسمان
رووخساری پیاوی مردووی نییە
مردووەکان هاوسۆزمانن
ئێمە بە شانەکانمانەوە هەڵیان دەگرین و
لەگەڵیان لەسەر یەک قەرویڵەدا
لە ژێر یەک سەرچەفدا رادەکشێین و
چاویان دادەخەین و
لێوەکانیان بە یەکەوە دەنووسێنین و
دواتر خاکێکی وشکەڵاتوو هەڵدەبژێرین و
لەو خاکەدا، نە لە قووڵاییە دوورەکان و
نە پانتاییە نزیکەکانی رووی زەویدا دەیاننێژین.

---

_زبیگنیف هێربێرت (1924_1998) شاعیری پۆڵۆنی.
_سەرچاوە: adab.com

**سێبەر**

سێبەرم وەک گاڵتەجاڕێ
دوای شاژن دەکەوێ
کە شاژن لەسەر کورسی هەڵدەستێ
گاڵتەجاڕ دەچێتە سەر دیوار و
سەری گەمژەی لە سەقف دەدا
لەوانەیە ئەوە جۆرێک لە جۆرەکان
بە ئازار بێ لە جیهانی دوو ڕەهەندیدا..
لەوانەیە ژیان بۆ گاڵتەجاڕ
لە کۆشکدا نەگونجێ و
دەیەوێ ڕۆڵێکیتر ببینێ..
شاژن لای پەنجەرە
خۆی خوار دەکاتەوە و
گاڵتەجاڕ لە پەنجەرەکەدا

خۆی هەڵدەداتە خوارەوە

ئاوا تەواوی کارەکانیان دابەشکردووە

بەڵام نیوە بە نیوە نا

ئەو ساویلکەیە بە هەموو نەنگی و

روتووشێکەوە وای داناوە

هیچ شتێ دەسەڵاتی بەسەر دانەبێ

تاج

گۆچانی دەسەڵات

پۆشاکی شاهانە

بە هێوری جوولە بە دەستم دەکەم

سەرم بە هێوری لەوێستگەی شەمەندەفەر

بۆ شا وەردەسوڕێنم

لەو کاتەدا لە پێناوتدا ئەی شا

لە پێناوتدا ئەی شا

گاڵتەجاڕ لەسەر سککە

لەسەر پشت رادەکشێ.

# ڕێکلام

من حەبێکی ئازارشکێنم
لە ئاپارتمان کاردەکەم
لە فەرمانگە بەرهەمدەهێنم
لە تاقیکردنەوە ڕۆدەنیشم
لە دادگا دەوەستم و
ئەو قاپە شکاوانەی
کە تەنیا من دەتوانم بە کاریان بێنم
بە وردی چاک دەکەمەوە
لە ژێر زمانت بمتوێنەوە
قووتمدە و دوای قووتدانم ئاو بخۆوە
دەزانم چی لەگەڵ بەدبەختیی دەکەم
دەزانم چۆن بەرگەی قسەڵۆک دەگیرێ
دەزانم چۆن لە زوڵم کەمبکەمەوە
دەزانم چۆن غیابی خوا ڕۆشن بکەمەوە
دەزانم چۆن شەپقەی پرسە هەڵبژێرم
کە لەگەڵ ڕووخساردا بگونجێ.

چاوەڕێی چیت؟
متمانە بە میهرەبانی کیمیایی بکە
هێشتا بچووکی
پێویستە دەست بە رێگایێ بگریت
کێ گوتی:
پێویستە لە ژیاندا ئازایانە بژیت؟
رووخانتم رادەستکە و
بە خەوی دەسپێرم
لە کەوتنت بۆ سەر چوار ئەستونگە
_مەبەستم رۆحتە_
سوپاسگوزارم دەبیت
ئیتر کڕیارێکیتر نادۆزیتەوە
ئیتر هیچ شەیتانێکیتر وجودی نییە.

---

_ڤیسلاڤا سزیم بۆرسکا (1923_ ) ژنەشاعیری پۆڵۆنی.

_سەرچاوە: adab.com

تادیوش روجیڤیتچ

**وەرچەرخان**

کوڕە بچووکەکەم

دێتە ژوورەوە و دەڵێ:

تۆ هەڵۆیت و منیش مشک.

کتێبەکەم لە لایەک دادەنێم

باڵ و چنگم لێدەڕوێ

سێبەرەکە بە ترسناکییەوە

لەسەر دیوار رادەکا

من هەڵۆم و ئەویش مشک.

کوڕە بچووکەکەم دەڵێ:
_تۆ گورگیت و منیش بزن.
من گورگم و
بە دەوری مێزدا دەخولێمەوە
شووشەی پەنجەرەکان
وەک کەڵبە دەبریسکێنەوە

لەو کاتەی کوڕە بچووکەکەم
بۆ خۆپاراستن
رایدەکردە لای دایکی
سەری لەنێو گەرمیی کراسی دایکیدا ونبوو.

## شاعیر کێیە

شاعیر ئەوەیە
شیعر دەنووسێ و
ناشینووسێ
شاعیر ئەوەیە
پێوەند دەشکێنێ و
خۆشی پێوەند دەکا
شاعیر ئەوەیە
ئیمان دێنێ و
ناشتوانێ خۆی رازی بکا
ئیمان بێنێ
شاعیر ئەوەیە
بەردەوام و تا ئێستاش
درۆ دەکا و
بەردەوام و تا ئێستاش
درۆی لەگەڵ دەکرێ

شاعیر ئەوەیە
هێشتا لەسەر رۆخی
کەوتنەخوارەوەیە و
هێشتاش هەر خۆی دەگرێتەوە
شاعیر ئەوەیە
دەڕوا و
ناشتوانێ غایب ببێ
شاعیر ئەوەیە
کە دەیەوێ رابکا و
ناشتوانێ رابکا.

# دەنگ

ئەوان
بە وشە
بە بێدەنگیی
یەکتر لەکەدار دەکەن و
ئەشکەنجەی یەکتر دەدەن
وەک ئەوەی جارێکیتریش بژین
ئەوان دەمێ ئەو کارانە دەکەن
کە بیریان دەچێ
جەستەکانیان بۆ مەرگ لاربۆتەو.
شکاندنی ناخی پیاوان ئاسانە
رەحم بە یەکتر ناکەن
ئەوان لە رووەک و ئاژەڵەکان لاوازترن
دەکرێ بە وشەیەک
بە خەندەیەک
بە نیگایەک بکوژرێن.

## رزگاربوون

بیست و چوار جار
برامە کووشتارگە و
رزگارمبوو.

ئەو شتانەی دوای ئەوە روویاندا
تەنیا وشەی هاوواتای بۆشبوون
مرۆڤ و ئاژەڵ
خۆشەویستیی و رق
دۆست و دوژمن
تاریکیی و نوور.

شێوازی کوشتنی پیاو و ئاژەڵەکان هەمان شتن
ئەوەم بینی: شاحینەیێ پڕ لە پیاوی پارچە پارچە
نەیانپاراستبوون

فکرەکان وشەگەلێکی رووتن

چاکە و تاوان

حەقیقەت و درۆ

جوانیی و ناشرینیی

ئازایەتی و ترسان

لووتکەی چاکە و تاوان هەمان شتن

ئەوەم لە پیاوێ بینی

لە هەمان کاتدا تاوانبار و چاکەکار بوو

بە دوای مامۆستا و گەورەیەکدا دەگەڕێم

کە بینایی و بیستن و دوانم بۆ بگەڕێنێتەوە

ناونانی شتەکان و هزرەکانم بۆ بگەڕێنێتەوە

تاریکیی و نوورم بۆ لە یەکتر جیاکاتەوە

بیست و چوار جار

برامە کووشتارگە و

رزگارمبوو.

## وای لەو ئەفسونە

چ ئەفسونێکە
کە دەتوانم لە دارستان
میوە کۆبکەمەوە
لەگەڵ ئەوەی باوەڕم وابوو
نە دارستان هەیە و نە میوە.

چ ئەفسونێکە
کە من ئێستا لەگەڵ تۆم و دڵم لێدەدا
لەگەڵ ئەوەی کە من باوەڕم وابوو
مرۆڤ دڵی نییە.

---

_تادیوش روجیڤیتچ (1921_2014) شاعیری پۆلۆنی.
_سەرچاوە: alqasidah.com
adab.com:

فیسوافا شیمبورسکا

## ئەو سێ وشەیەی غەریبترینن

کاتێ دەڵێم _ئاینده_
وشەکانی بەر لە _ئاینده_
بوونەتە _رابردوو_.

کاتێ دەڵێم _بێدەنگیی_
بێدەنگیی وێران دەکەم.

کاتێ دەڵێم _هیچ شتێ_
شتێ درووست دەکەم
هیچ کائینێ ناتوانێ بیگرێ.

---

_فیسوافا شیمبورسکا (1923_ 2012) ژنەشاعیری پۆڵۆنی.
_سەرچاوە: drbugnah.net

# شیعری شاعیرانی  بەلجیکا

جاک بریل

**زانجرا**

ناوم زانجرایە و مولازمم
لە سەنگەری _بیلونزیو_
ئەو شوێنەی کە دەڕوانێتە سەر پێدەشت
ئەو شوێنەی کاتێ کە دوژمن دێ
دەمکاتە پاڵەوان.

هەندێجار لە چاوەڕوانیی
هاتنی ئەو ڕۆژەدا
هەست بە بێتاقەتیی دەکەم
بۆیە دەچمە گوند
تا تەماشای کچان بکەم
بەڵام ئەوان خەون
بە خۆشەویستییەوە دەبینن و
منیش بە ئەسپەکان.

ناوم زانجرایە و ئێستا کاپتنم
لە سەنگەری _بیلونزیو_
ئەو شوێنەی کە دەڕوانێتە سەر پێدەشت
ئەو شوێنەی کاتێ کە دوژمن دێ
دەمکاتە پاڵەوان.

هەندێجار لە چاوەڕوانیی
هاتنی ئەو رۆژەدا
هەست بە بێتاقەتیی دەکەم
ئەو کاتە دەچمە گوند بۆ بینینی
_کونسیلو_ی کچ
بەڵام ئەو باسی
خۆشەویستییم بۆ دەکا و
منیش باسی ئەسپەکان.

ناوم زانجرایە
بوومەتە کۆلۆنێلێکی پیر
لە قەڵای _بیلونزیو_
ئەو شوێنەی کە دەڕوانێتە سەر پێدەشت
ئەو شوێنەی کاتێ کە دوژمن دێ
دەمکاتە پاڵەوان.

هەندێجار لە چاوەڕوانیی
هاتنی ئەو رۆژەدا
هەست بە بێتاقەتیی دەکەم
ئەو کاتە دەچمە گوند
بۆ بینینی _پیدرۆ_ی بێوەژن
دواجار من
باسی خۆشەویسیی بۆ دەکەم و
ئەویش باسی ئەسپەکانم بۆ دەکا.

ناوم زانجرایه و
دوێنێ بوومه جەنەڕاڵێکی پیر و کەنەفت و
_بیلونزیو_م
ئەو شوێنەی کە
دەڕوانێتە سەر پێدەشت
لە ژێر دەستی دوژمندا
جێهێشت و
نەشبوومە پاڵەوان.

---

_جاک بریل (1929_1978) شاعیری بەلجیکی.

_سەرچاوە: nizwa.com

هنری میشۆ

**ڕۆژانە خوێنپژان زیاتر دەبێ**

بەدبەختیی فیکەی
بۆ منداڵەکانی لێدا
ئاماژەی بە من کرد و پێگوتن:
_ئەوە هەوە، وازی لێ مەهێنن
وازیان لێ نەهێنام.

بەدبەختیی فیکەی
بۆ منداڵەکانی لێدا و پێیگوتن:
_ئەوە هەوە، وازی لێ مەهێنن
هەرگیز وازیان لێ نەهێنام.

---

_هنری میشۆ (1899_1984) شاعیری بەلجیکی.
_سەرچاوە: هنري میشو.. مختارات، ترجمة: سامي مهدي.

# شیعری شاعیرانی پورتوگال

فەرناندو پیسوا

## دەخەوم.. ئەگەر خەون ببینم

دەخەوم، ئەگەر خەون ببینم
کە خەبەرم دەبێتەوە
ئەو شتانە لە بیر دەکەم
کە خەونم پێیانەوە بینیوە.
دەخەوم ئەگەر بە بێ خەونی بخەوم
خۆم لە گۆڕەپانێکی کراوە دەبینم
کە نایناسم.
ئێستا من لەناو نەزانراوێکدا
خەبەرم دەبێتەوە
جا چ جیاوازییێکی هەیە
خەون ببینم یا نەیبینم
مادەم باشتر وایە
کە هەرگیز خەبەرم نەبێتەوە.

## من هیچ نیم

من هیچ نیم و
نابمە هیچ و
نەشمویستووە ببمە هیچ
دوور لە هەموو ئەو شتانەش
چی خەونی دنیا هەیە
هەمووی لە ناخی مندایە.

## ژیاننامە

ئەگەر دوای مەرگم
یەکێ ویستی ژیاننامەم بنووسێ
لەوە ئاسانتر نییە
جگە لە مێژووی
لە دایکبوون و مردنم
هیچ شێکی دیکە لە ئارادا نییە
لە نێوان ژیان و مەرگم
هەموو رۆژەکانم موڵکی منن.
ناسینم ئاسانە
وەک مەلعون ژیام
بێ عاتیفە شتەکانم خۆشویست
هەرگیز هەستم
بە ئارەزوویێ نەکردوە
بەدەستم نەهێنابێ
چونکە من هیچ کات کوێر نەبووم.

لای من هەتا بیستن
قەد یاوەری بینین نەبووە
لە هەموو شتە راستەقینەکان و
جیاوازییەکانیان تێگەیشتم
تێگەیشتم یانی:
هەرگیز بە فکرم نا.
تێگەیشتن بە بیر
هەموو شتەکان یەکسان دەکا.
رۆژێ لە رۆژان
وەک هەر منداڵێ
خەوی پێبەخشیم
چاوم داخست و خەوتم
جگە لەوە من
تاکە شاعیری سرووشت بووم.

## من کەسێکی راکردووم

من کەسێکی راکردووم
دوای لە دایکبوونم
لە ناخی خۆمدا زیندانییان کردم
بەڵام رۆیشتم
رۆحم
لە دۆڵەکان و
گردەکاندا بە دوامدا دەگەڕێ
ئومێدمە
رۆحم
هەرگیز نەمدۆزێتەوە.

---

_فەرناندو پیسوا (1888_1935) شاعیری پورتوگالی.
adab.com_
*alqasidah.com* _

سۆفیا دی میللۆ

## یاداشت

هەندێ هاوڕێم هەبوو
بەردەوام دەمردن
هەندێ هاوڕێ
بەردەوام کۆچیان دەکرد
ئەوانیدی رووبەڕووی زەمەن
رووخساری خۆیانیان دەشکاند.
من رقم لە شتی ئاسان دەبۆوە و
لە رووناکیی و
لە دەریا و
لە _با_دا بە دوای خۆمدا گەڕام.
کتێبی شەشەم
بووکی شیعر
بووکی شیعر
سروودی گەورە و دێرینم فێرکە.

سرووود لە پێناو هەمووان و
گشتگیر بۆ هەموو شتێ.
بووکی شیعر سروودم فێرکە
کە برای حەقبێ بۆ شتەکان
شەو و پەنهانی ئێوارە دابپۆشێ.
بووکی شیعر سروودم فێرکە
لەو ساتەی کە دەمەوێ
بێ دواکەوتن و
قسەی نابەجێ خۆم بگۆڕم و
ببم بە رووەکێ یاخود بەردێ
یا دیوارێ بۆ ماڵێکی سەرەتایی
یا گمەیێ بۆ ئەو دەریایەی کە لێی رادەما
_عەردی شوراو و بۆنی ئەو کەپرەم
دێتەوە یاد کە بە ناخمدا گوزەری دەکرد_

بووکی شیعر فێری سروودم بکە
لەو ساتەی کە دەریای رازاوە
بە شەوق
هەناسە دەدا.
بووکی شیعر سروودم فێرکە
لە پەنجەرەیەکی چوارگۆشە
لە ژوورێکی سپی
ئای ئەگەر دەمتوانی بڵێم کە لێرە
ئێوارە چۆن لەمسی
خوان و دەرگا و
ئاوێنە و جەستەی دەکرد و
چۆن بۆ خۆشی گەڕاندنەوە
زەمەن دەمخەڵەتێنێ
دابەشم دەکا زەمەن
زەمەن دامدەشارێ و
بە زیندوویەتی لە خۆڵ و
دیواری ماڵە سەرەتاییەکە دامدەبڕێنێ.

بووکی شیعر سروودی

گەورە و دێرینم فێرکە

تاترووسکایێ لەو بەیانییە سافە بگرم

کە بە هێوریی پەنجەکانی

لەسەر گرد دادەنا و

هەمدیس بەسەر دیوار

بەرەو ماڵە پاک و سپییەکە تێدەپەڕێ

بووکی شیعر سروودم فێرکە

ئەو سروودەی بۆ من

گەردن سەر دەبڕێ.

---

_سۆفیا دی میللۆ (1919_2004) ژنە شاعیری پورتوگالی.

_سەرچاوە: adab.com

# شیعری شاعیرانی نیوزلەندا

ریموند روسیلف

**چاوەڕوانبە**

ئەی خۆشەوستم
لە دڵی شاردا
لە تەنیشت سعاتەکەدا چاوەڕوانبە
لەو کاتەی رۆحەکان دەخەون
من دادەبەزم.

ئەی خۆشەویستم
لە تەنیشت رێگادا چاوەڕوانبە
لەو شوێنەی کە رێگا
روو لە باشوور پێچدەکا
لەوێ دەبم
لەگەڵ مانگێ کە دەکەوێتە سەر دەمم.

ئەی خۆشەویستم
لە تەنیشت بەرد چاوەڕوانبە
من وا دێم
بە مەشخڵەکەمانەوە چەسپاوم
تا ناوت ڕووناک بکەمەوە.

---

_ریموند روسیلف.. ژنەشاعیری نیوزلەندی.
_سەرچاوە: adab.com

دۆگلاس برۆگتۆن

## ژوان

لە کۆتاییەکانی

پەنجا ساڵیدا

شپرزە

بێوەپیاو

پرچی خۆڵەمێشیی

بەڕێوەبەری دەزگایەکی ساماندار

ئەو دەڵێ:

ئەوە خۆشەویستیی ڕاستەقینەیە.

لە کۆتاییەکانی پەنجا ساڵیدا

وشک

قەیرە

دڵناسک

ژنی ماڵەوە

ئەو دەڵێ:

ئەوە خۆشەویستیی راستەقینەیە.

بێ منداڵ

کەس نایەتە ماڵی

کەس خواردنی بۆ لێنانێ

کەس هاوبەشی کێشەکانی ناکا

کەس پشتگیری لێناکا

پیاوە پێدادەگرێ

کە ئەوە خۆشەویستیی راستەقینەیە.

بێ هاوڕێ

کەس بایەخی پێنادا

کەس خواردنی بۆ لێنانێ

هیچ نییە بیکا

پارەی نییە خەرجی بکا

ژنە پێدادەگرێ

ئەوە خۆشەویستیی راستەقینەیە.

هەفتەی رابردوو
دەزگیرانبوونی خۆیان راگەیاند و
دەست لەناو دەست
قۆڵ لەناو قۆڵ
دەم لەسەر گۆنا
لەوێوە بە هەنگاوی سست
شەقامێکیان هێنا.

---

_دۆگلاس برۆگتۆن شاعیری نیوزلەندی.

_سەرچاوە adab.com

# شیعری شاعیرانی  وڵاتانی جیا جیا

پاول سیلان

**فوگەی مەرگ**

شیری رەشی سپێدە ئێمە ئێواران دەیخۆینەوە
نیوەڕۆیان و بەیانیان دەیخۆینەوە
ئێمە شەوان دەیخۆینەوە
دەخۆینەوە و دەخۆینەوە
گۆڕێک لە هەوادا هەڵدەکەنین
یەکێ تێیدا رابکشێ تەنگەبەر نییە.
پیاوێک لە خانوویێک دەژیێ
یاری لەگەڵ مارەکان دەکا، دەنووسێ
ئەو دەنووسێ کە ئەڵمانیا تاریک دادێ

قژی زێڕینت مارگەریتا

ئەو ئەمە دەنووسێ و دێتە دەرەوە

بەرانبەر خانووەکە ئەستێرەکان دەبریسکێنەوە

فیکە بۆ گەماڵەکانی لێدەدا بێنە ئێرە

ئەو بە فیکە بانگی یەهودییەکانی دەکا

گۆڕێک لە زەوی هەڵکەنن

ئەو فەرمانمان پێدەکا

ئێستا بژەنن بۆ سەما

شیری ڕەشی سپێدە ئێمە شەوان دەتخۆینەوە

ئێمە بەیانیان و نیوەڕۆیان دەتخۆینەوە

ئێمە ئێواران دەتخۆینەوە

ئێمە دەخۆینەوە و دەخۆینەوە

پیاوێک لە خانوویێک دەژیێ

یاری لەگەڵ مارەکان دەکا، دەنووسێ

کە ئەڵمانیا تاریک دادێ

ئەو دەنووسێ قژی زێڕینت مارگەریتا

قژی خۆڵەمێشیت سولامیت

ئێمە گۆڕێک هەڵدەکەنین لە هەوادا

یەکێ تێیدا رابکشێ تەنگەبەر نییە.

ئەو بانگ دەکا ئێوە چاڵەکە قووڵتر هەڵکەنن

ئەوانیتریشتان گۆرانی بڵێن و بژەنن

ئەو پەلاماری ئاسنی بەر پشتێنبەندی دەدا

ئەو دەیسوڕێنێ چاوەکانی شینن

بەشێکتان پێمەڕەکانتان قووڵتر لێدەن

بەشەکەیتریشتان بەردەوام بژەنن بۆ سەما

شیری ڕەشی سپێدە ئێمە شەوان دەتخۆینەوە

ئێمە نیوەڕۆیان و بەیانیان دەتخۆینەوە

ئێمە ئێواران دەتخۆینەوە

ئێمە دەخۆینەوە و دەخۆینەوە

پیاوێک لە خانوویێک دەژیێ

قژی زێڕینت مارگەریتا

قژی خۆڵەمێشیت سولامیت

ئەو لەگەڵ مارەکان یاری دەکا

ئەو بانگ دەکا بە شیرینی بژەنن

مەرگ مایستەرێکی ئەڵمانییە

ئەو بانگ دەکا تاریکتر کەمانجەکانتان سواخدەن

ئەوسا ئێوە وەک دووکەڵ

بەرەو هەوا هەڵدەکشێن

ئەوسا ئێوە گۆڕێکتان دەبێ لەناو هەورەکان

لەوێ یەکێ تێیدا ڕاکشێ تەنگەبەر نییە.

شیری ڕەشی سپێدە ئێمە شەوان دەتخۆینەوە
ئێمە نیوەڕۆیان دەتخۆینەوە
مەرگ مایستەرێکی ئەڵمانییە
ئێمە ئێواران و بەیانیان دەتخۆینەوە و
ئێمە دەخۆینەوە و دەخۆینەوە
مەرگ مایستەرێکی ئەڵمانییە چاوی شینە
ئەو بە گوللـەیەکی قورقوشمی دەتپێکێ
ئەو رێک دەتپێکێ
پیاوێک لە خانوویێک دەژیێ
قژی زێڕینت مارگەریتا
ئەو گەماڵەکانی خۆیمان تێ بەردەدا و
گۆڕێکمان لە هەوادا پێشکەش دەکا
ئەو یاری لەگەڵ مارەکان دەکا و
خەون دەبینێ مەرگ مایستەرێکی ئەڵمانییە
قژی زێڕینت مارگەریتا
قژی خۆڵەمێشیت سولامیت.

## زەوییێک هەبوو

زەوییێکیان هەبوو
هەڵیانکەند
هەڵیانکەند و هەڵیانکەند
ئا بەمشێوەیە رۆژیان تێپەڕی
شەویان تێپەڕی و سوپاسی خوایان نەکرد
وەک بیستبوویان
ئەو
هەموو ئەو شتانەی دەویست
وەک بیستبوویان ئەو
هەموو ئەو شتانەی دەزانی

هەڵیانکەند و

گوێیان لە هیچ شتێکی دیکە نەبوو

حیکمەتێکیان نەبەخشی و

گۆرانییەکیان دانەنا

بە بێ زمان

بیریان لە خۆیان کردەوە و هەڵیانکەند

بوونە بێدەنگیی

ئەو کاتە گەردەلوول هەڵیکرد

ئەو کاتە هەموو زەریاکان هەڵیانکرد

من هەڵدەکەنم و

تۆ هەڵدەکەنیت و

کرمیش هەڵدەکەنێ

گۆرانیش لەوێوە دەیگوت: ئەوان هەڵدەکەنن

ئەی فلان

ئەی هیچ

ئەی ناکەس

ئەی تۆ

هیچ روو لە کوێ رێدەکا؟

ئەی تۆ هەڵکەنە و

منیش هەڵدەکەنم

بە ئاراستەی خۆت هەڵکەنە

تا ئەنگوستیلە

لە پەنجەکانماندا خەبەری بێتەوە.

---

_پاول سیلان (1920_1970) شاعیری رۆمانی.

_سەرچاوە: lyrikline.org/de

فاسکو بوبا

## ژمارەیەک کە خۆی لە بیر دەکا

هەبوو نەبوو
ژمارەیەکی پاکیزەی بازنەیی
وەک خۆر هەبوو
بەڵام تەنیابوو، تەنیا.
ژمارەکە دەستیپێکرد
لەگەڵ خۆیدا حیساب بکا
خۆی دابەش و جاران کرد
کەمی کردەوە و کۆیکردەوە
بۆ ئەبەد تەنیا مایەوە.

ئیدی لەگەڵ خۆیدا

حیسابی نەدەکرد

خۆی لە بازنەکی

پاکیزەی خۆرین داخست

ئاماژەی حیسابە داگیرساوەکانی

لە دەرەوە جێهێشت

ئاماژەکان دەستیانکرد

بە راونانی یەکتر لە تاریکییدا

کە پێویستبێ

دوو هێندەی خۆیان لێبێ

دابەش دەبن

کە پێویستبێ کۆببنەوە

لێک دەردەکرێن

ئەوە لە تاریکییدا روویدا و

کەس نەبوو داوای لێبکرێ

ئاماژەکان رابگرێ و

بیانسڕێتەوە.

## له قسەکانی ئێسک

### ١_له دەسپێکدا

ئەوه خێری بۆ ئێمەیه،
له گۆشت رزگارمان بوو.

ئێستا چیمان بوێ دەیکەین
شتێ بڵێ.

دەتەوێ ببیته بڕبڕەی پشتی
تروسکەی برووسک؟

شتێکیتر بڵێ
چیت پێبڵێم..

ئێسک حەوزی گەردەلوولە
شتێکیتر بڵێ.

شێکیتر نازانم
پەراسووەکانی ئاسمان

بەڵام ئێمە ئێسکی کەس نین
شتێکی جیاترم پێبڵێ.

## ٢_دوای دەسپێک

ئێستا چیبکەین؟
بەڕاست چیبکەین
بۆ شێو مۆخ دەخۆین.

نیوەڕۆ مۆخما خوارد
ئێستا برسییەتی تورەم دەکا.

کەوایە مۆسیقا دەسازێنین
ئێمە مۆسیقامان خۆشدەوێ.

ئەی چیدەکەین
ئەگەر سەگەکان هاتن؟
ئەوان ئێسکیان خۆشدوەێ

دەبینە پارووی گیربوو
لە گەرووویان و پێدەکەنین.

**٣_لە خۆردا**

نایابە بە رووتی
لە خۆردا خۆمان بشۆرین
من هەرگیز گۆشتم خۆشنەویستووە.

منیش هەروا
گرنگیم بەو جلە پەڕپووتانە نەداوە
من شێتی تۆم، ئاوا بە رووتی.

رێمەدە خۆر کاتت بە فیڕۆ بدا
رێبدە ئێمە هەردووکمان
وەک خۆمان
یەکترمان خۆشبوێ
بەڵام لێرە نا، لەبەر خۆر نا
لێرە هەموو شتێ ئاشکرایە
ئەی ئێسکی من
ئەی خۆشەویستم.

**٤_له ژێر خاكدا**

ماسولکەی تاریکیی
ماسولکەی گۆشت
دەگەنە هەمان ئەنجام.

ئێستا چیبکەین؟

ئێسکی هەموو زەمەنەکان
کۆدەکەینەوە و
له خۆردا خۆمان گەرم دەکەینەوە.

ئەو کات چیدەکەین؟
دەبینە دوو پاکیزە و
وەکچۆن دەمانەوێ
ئاوا بەردەوام دەبین
له گەشەکردندا.

دوای ئەوە چیدەکەین؟
هیچ شتێ
دەگەڕێین
لێرە و لەوێ
دەبینە بوونەوەری ئێسکینی نەمر

تەنیا با چاوڕێ بکەین
زەوی باوەشک دەدا.

## ٥ _ لە ڕووناکیی مانگدا

ئێستا چی ڕوودەدا؟
دەڵێی گۆشتێ
گۆشتێکی بەفرین
خۆی بە منەوە هەڵدەواسێ.

نازانم ئەوە چییە
دەڵێی مۆخێ بەناو مندا دەڕوا
مۆخێکی سارد.
منیش هەروا نازانم
دەڵێی هەموو شت
دیسان دەسپێدەکا
دەسپێکێکی ترسناک.
دەزانی چی؟
دەتوانی بحەپێنی؟

## ٦_ بەر لە کۆتایی

بۆ کوێ دەچین؟
ئایا ئەو دوو ئێسکە بۆ کوێ دەڕۆن؟

چیدەکەین لەوێ؟

ئەوان زۆر چاوەڕێمان دەکەن
پەرۆشی ئێمەن
هیچ کەس و
هاوسەرەکەشی هیچ نییە.

چ سوودێکیان پێبگەیەنین؟
ئەوان دوو پیری بێ ئێسکن
دەبینە دوو منداڵ بۆیان.

## ٧_كۆتایی

تۆ ئێسکیت
من ئێسکم
بۆ لووشتدام؟
من ئیدی خۆم نابینم.

چیت بەسەر هاتووە؟
تۆ منت هەڵلووشی
منیش هەروا
ئیدی خۆم ناناسم.

ئێستا..

ئیدی هیچ یەکمان نازانین

چین و لە کوێین

هەرچی لە دەورمانە

خەونێکی خاکیی ناشرینە.

گوێت لێمە؟

دەتوانم گوێم لە تۆ و لە خۆشم بێ

دەنووکی کەڵەشێرێ هەیە

لە ئێمەدا دەقووقێنێ.

## هەڵەیەکی مەغرور

هەبوو نەبوو
هەڵەیەکی پڕوپووچی
بێقیمەت هەبوو
تا ئاستێ کەس سەرنجی نەدەدا.

بەرگەی نەدەگرت سەیری خۆی بکا
یا لە بارەی خۆیەوە ببیستێ.

ئەوەی کە دایهێنا دایهێنا
تا بیسەلمێنێ
ئەو لە راستییدا بوونی نییە

شوێنی داهێنا

تا بورهانەکانی تیا نیشتەجێ بکا

زەمەنی داهێنا

تا بورهانەکانی تیا بپارێزێ و

جیهانی داهێنا

تا بورهانەکانی ببینێ.

هەرچی دامهێنا

وەک ئەو پڕوپووچ و بێقیمەت نەبوو

بەڵام بێگومان ئەوە هەڵەیەک بوو

ئایا دەتوانرا کارێکی دیکە بکرێ؟

## حیکایەتی حیکایەتێک

هەبوو نەبوو
حیکایەتێک هەبوو

بەر لەوەی دەستپێبکا
کۆتایی دێ و
دوای کۆتایی هاتنی
دەستپێدەکا.

پاڵەوانەکانی
دوای مردنیان
دەچنە ناوی و
پێش لە دایکبوونیان
جێیدەهێڵن.

پاڵەوانەکانی
قسە لەبارەی
خاکێ لە خاکەکان
ئاسمانێ لە ئاسمانەکان دەکەن
شتگەلی زۆریان گوت
بەڵام ئەو شتانەیان نەگوت
کە خۆیان نەیاندەزانی..
نەیانگوت کە ئەوان هیچ نین
جگە لە پاڵەوانی نێو حیکایەتێک
کە بەر لەوەی دەستپێبکا
کۆتایی دێ و
دوای کۆتایی هاتنیشی
دەستپێدەکا.

## دوو دەستی گڕگرتوو

دوو دەستی گڕگرتوو
لە ئاسماندا نغرۆ دەبن
ئەوان ئەستێرەی
سەرئاو کەوتوو دەوریان ناگرن
ئەو ئەستێرەی برووسکەیەک دەکا و
خاچێ رەسم دەکا.

ئەوان بە پەنجەکانیان شتێ دەڵێن
ئایە کێ زمانی
پەنجە گڕگرتووەکان دەزانێ؟

ئەوان بە یەکەوە
حەسانەوەیان بە لاوە دەنێن و
سەقفێ چادەکەن
دەیانبینی قسە لەبارەی
ئەو ماڵە دێرینە دەکەن
کە بە گڕگرتوویی جێیانهێشت
یا لەبارەی ماڵێکی نوێ
کە بیر لە بیناکردنی دەکەنەوە؟

---

_فاسکو بوبا (1922_ ) شاعیری یوگسلافی.

_سەرچاوە: شجرة ليمون في القلب، فاسكو بوبا، ترجمه: سعدي يوسف.

ئەمبرتۆ ئاکابال

**فرمێسک**

کە لە دایکبووم
فرمێسکیان
لە گلێنەکانم دڵۆپاند
تا بینایم بە حەجمی
ئازارەکانی گەلەکەم بێ.

**ئاوێنە**

ئەو بەیانییە
خۆری سەوزی
وەک زمرود لە خەو رابوو
هەستی خۆی بۆ درەختەکان و
کێڵگەکانی گەنمەشامی دەربڕی و
وەک هەمیشەیش کچۆڵە بچووکەکان
گۆمیان کردە ئاوێنە.

## شوێنەوار

که یەکێ پێی دادەنێ
شوێنەواری دەمێنێ و
زەمینیش ئەو بیرەوەرییە دەپارێزێ
یەکێ ماڵئاوایی لە ژیان دەکا و نامرێ
ژیان زاکیرەی مەرگە و
مەرگیش زاکیرەی ژیان.

## دوور

نامەوێ ئەو شتانە ببینم
کە لە بەرانبەرمن
چونکە نزیکن
دەڵێن:
کە من دوو چاوی خەوناویم هەیە
کە من دوو چاوی غەمگینم هەیە
کە من..
نازانم
چاوەکانم لێرەن
بەڵام نیگاکانم دوور دەڕۆن.

## مانگ

لەگەڵ ئەوەیش کە مانگ
لەناو ئەستێرەکاندا دەژی
لەبەر تەنیایی غەمگینە
لە ئاسماندا دێ و دەچێ
زۆر پەرۆشی ژیانی سەرزەمینە
بۆیە لە هەموو گۆمێکدا دەخەوێ.

## نوێژ

لە کڵێسەکاندا
گوێمان لە هیچ نابێ
جگە لە نوێژی درەختەکان
کە بوونەتە کورسی.

## بیرەوەری

هەندێجار
رووم لە پێشەوەیە و
بەرەو دواوە دەکشێمەوە
ئەوە شێوازی منە بۆ بیرهاتنەوە
ئەگەر تەنیا بەرەو پێشەوە رۆیشتبام
نەمدەتوانی هیچتان پێبڵێم
جگە لە مانای لەبیرکردن.

## بیرەوەرییەکان

ئەو خەمەی ئێستا
هەستی پێدەکەم
لەو خەمە دەچێ
کە لە منداڵیمدا هەستم پێکرد
باوکم تا حەددی سەرخۆشبوون
خواردبیەوە و
لەسەر شۆستەدا خەوتین
ئەو لەگەڵم بوو
بەڵام من تەواو تەنیا بووم.

## (پێبکەنە)

کەمێ پێبکەنە
بۆچی ئاوا هەر بە تەنیا راماوی
دەڵێی لاڵی؟
تۆ بە بەردێک دەچی
کە دوو چاوی لێڕوابێ.

## دایکم

دەستەکانی چەند پیربووینە
دەڵێی دەستەکانی لە خۆی کۆنترن.

## کات

با کات بەناو مندا تێپەڕێ
من نامەوێ بەناو ئەودا تێبپەڕم.

## بەرد

بەردەکان لاڵ نین
ئەوان تەنیا پابەندی بێدەنگیی دەبن .

---

_ئەمبرتۆ ئاکابال (1952_ ) شاعیری گواتیمالی.
_سەرچاوە:alqasidah.com

یارۆسلاڤ سیفیرت

**فەلسەفە**

حیکمەتی فەیلەسوفانتانت

بێتەوە بیر

ژیان جگە لە ماوەیەکی کورت

هیچیتر نییە

بەڵام هەر کاتێ

لەسەرمان فەرزبێ

کە چاوەڕوانی خۆشەویستانمان بکەین

ژیان دەگۆڕدێ و دەبێتە ئەبەدییەت.

## گۆرانی

له كاتى كۆچكردندا دەسماڵێ نيشاندەدەين
هەر رۆژێک شتێ کۆتايی دێ
هەر رۆژێک شتێکی جوان کۆتايی دێ

کۆتری پەيامبەر ئومێدەوار بێ ياخود نائومێد
هەوا دەبڕێ و دەگەڕێتەوە
چار نييە دەبێ بگەڕێينەوە.

بڕۆ فرمێسکەکانت بسڕەوە و
بەو چاوانەی کە رۆشناييان هەڵگرتووە بزە بکە
لە هەر رۆژێکدا شتێ دەسپێدەکا
لە هەر رۆژێکدا شتێکی جوان دەسپێدەکا>

---

_يارۆسلاڤ سيفيرت (1901_1986) شاعيری چيکی.
_سەرچاوە:alqasidah.com

میلان روفوس

**چیم دەدەیتێ؟**

ژیانێکی نوێ؟

_چیت دەوێ؟

ئەی خودا هاتووی جارێکیتر لە نوێوە

لەسەر چ وەتەرێ بژەنیت؟

واز لە وەتەرەکان بێنە

نابینی کە خەو؛ جێخەو جێدەهێڵێ؟

سەری ڤیۆلۆن

لە ژێر دەستەکانت دەناڵێنێ، ئازادیکە..

تێر نەبووی لەو گۆرانیانەی کە چڕیت؟

چەند جار گۆرانیت خوێند؟

هەتا لە چرکەساتی بێدەنگیی

خەریکبوو هەناسەکانت و نەسیم

لە شەقامێکی لاڵدا هەڵبکەن.

وەک گەڵای دارهەنجیر راتماڵیم
هەناسەکانم بێدەنگبوون
غەمەکان شەرمەزارم دەکەن
بۆچی گێژەڵووک؟
بۆچی گەردەلوول؟
بۆچی رووتبوونەوە،
مادام جگە لە ئێسک و پڕووسک
هیچ شتێکیتر لە ئارادا نییە؟
چیم دەدەیتێ؟
دیاریی؟
خۆشەویستیی؟
ئازارێکی نوێ؟
مرۆڤ
ئەمڕۆ
لەو چرکەساتەدا
دەزانێ پێشبینی بکا چی بەسەر دێ؟
دەتوانین شێوەی بخولقێنین؟
یا ئامانجی

یا پێشبینیی
یا یەقینی لێدرووست بکەین؟
ژیانت بژی
لە ماتەمی مردووان
لە زەمەنی تاعوندا
هێشتا شوێنێ ماوە بۆ وشە؟
لە تۆڕی هەسارەدا
شەو و رۆژ دادەبارن
مەرگ بەسەر
میلەکانی گوناحدا پەرشدەبێ
ئێوەش ئەی بە پەرۆشەکان کەی دەفامن
کە هیچ ئامانجێ نییە
رەوایی ببخشێتە
وەسیلەکانتان و توندڕەویی
هیچ ئامرازێ نییە
مانای کۆتایی بە مرۆڤ و
گەشتەکانی بدا

دەزانی شانەی هەنگ
بە مەرگی هەنگ دەمرێ؟
دەبینی کێ دەرگاکانی دۆزەخ دەکاتەوە؟
ئەو رێبوارەیە کە لە سێبەری قەلەڕەشێکدا
بە تەحەداوە دەڵێ:
مەرگ باشترە لەوەی
کە شێر نەبیت؟
ئەوەیە کە خۆی
وەک پاڵتۆیەکی دۆزراوەی کینەداری
تەنگ و تریسک لە کۆڵ خۆی کردوە؟
کینەدار؟
کاکی من لە جیهانی سێیەمدا
ناتوانی دۆخ بگۆڕیت و
ئەوەی بوو، بوو
ئاڵاکانی ئەو جیهانە
بۆ دواوە دەشەکێنەوە
ناتوانێ بوەستێ

کەساسی مرۆڤ
بۆ مرۆڤ بە خەبەر هاتووە
سەیری پۆشاکی بێهێزیی بکە
بڕۆ ناوی
بیکە ناوپۆشێکی بەهادار
قسەی قسەکەر نابیسترێ
چی دەکا با بیکا
ئەوە حەقیقەتە
هەواڵی بڵاوبۆتەوە
هەردووکمان
بێ قسەکردن دەیزانین
لای قاچەکانی تۆپهاوێژەکان دەخەوێ
شەو و ڕۆژ سێرە دەگرێ
سەیری بەهەشتت دەکا و
چاودێری دەکا
بۆ خۆت بێ ئەو بەهەشت و
تروسکانەوە و کینەیەت
بڕۆوە نێو خەڵکی خۆت

ئەو بۆمبە لەناو خۆتدا تاقیبکەوە

لەنێو _ئاو_تدا

لەنێو نیشتمانتدا

لە ژێر ئاسمانی شینی لەعنەتیتدا

تۆ کێیت؟

پێمبڵێ تۆ

تۆ کێیت؟

کە ئاوا هەمیشە

بە پێخواسییەوە

چەرخی گڵینی گۆی زەوی دەسوڕێنی؟

چ سودێ لە مەرکانی شکاو دەبینی؟

لە ئاوی زیندوو؟

لە هێلکەی زێڕینی مریشکێکی کوێر

کاتێ تۆ لە رووبار

گەڕابیتەوە و

گۆزەکەت شکابێ؟

ئەو شکانانە بە گڵ سارێژ دەکەین

چونکە خۆیان لە گڵن.

ڕەنگمان پەڕیوە
دەنگمان هێورە
شین و زاری تیا بەرزدەبێتەوە
وەک دەنگی تەقینەوەکان
تۆیش تەنیا گڵ دەشێلیت و بەڕێوەدەبەی و
گەورەکەشت گالیسکەکەت بەڕێوە دەبا.

_میلان روفوس (1928 _2009) شاعیری سلۆڤاکی.
_سەرچاوە: adab.com

سمیزدین محەمەدینۆڤیچ

**مێژووەکان**

لە حەڤدەی یەنایری 1994دا مرد و
لەو رۆژەوە ئیتر
ئەو هەموو رۆژێ مردووە.
ئەو ئەوڕۆش مردووە
رۆژی هەینی
بیست و چواری فێبرایەری 1995
هەموو رۆژێ
بە ئەزموونێکی رۆحیدا تێدەپەڕم
کاتێ بە شەو دەچمە حەمام
سەرنج دەدەم
سێبەرێ لە ئاوێنەدا
لەژێر شانی چەپم دەردەکەوێ و
سێبەری منیش نییە.

# تەرم

لای پردەکە هەنگاوەکانمان خاو کردەوە
تا سەگەکان ببینین کە چۆن
لاشەی تەرمەکان پارچە پارچە دەکەن
دواتر رۆیشتین و
هیچ شتێ لە مندا نەگۆڕا
گوێم لە دەنگی شکانی بەفر بوو
لە ژێر تایەی سەیارەکان
وەک ددانگەلێ کە لە سێودا دەچێندرێن.
هەستم بە حەزێکی یاخی کرد
لە تۆدا پێبکەنم
چونکە ئەو شوێنەت ناوناوە دۆزەخ و
لێرەوە رادەکەیت و باوەڕت وایە
کە مەرگ لە دەرەوەی
"سەرایڤۆ"دا وجودی نییە.

## ئاوگستی 1989

جووپەرستێ لە شەودا.

باران لە دەرەوە.

بۆ جاری سێیەم قاوە لێدەنێم

شاعیرێکی پیر لەسەر عەرد

ئاگای لە خۆی نامێنێ

بە ئاڵایێ داپۆشراوە

ئاهـ ئەی شاعیری پیری بەدبەخت

بە ئاڵای وڵاتێکی خەوتوو

پێچراویت و

وەک کۆرپەیێ

بە دەوری رۆحت دەخولێیتەوە.

## تەلەفۆن زەنگ لێدەدا

تەلەفۆن بەردەوامە لە زەنگ لێدان
دەڕۆم و لە پەنجەرەوە بڕوانم
برژانگێکم دەکەوێ
وا دیارە هەموو شتێ
تەمبەڵ و هەورینە و
کەس نازانێ چی دەکا و
ئەوەش شتێکی تەواو ئاساییە
لە بەهەشتی سۆسیالیستی واقیعی
جگە لە شوورە لەوانەیە هەموو
لای ئەو پردە بن کە سەعاتێکی زێڕینی لێیە
ئەو پردەی کە خۆی ئامادە دەکا
هەندێ بۆن لە کچەکانی وەرگرێ
ئەو کچانەی سواری ماتۆڕ دەبن
بە درێژایی رێگا بەرەو ئەستەنبۆڵ.

## غەریب

رۆژێ لە رۆژان منیش هەروەها
بە تەنیا بەرەو تاریکیی گۆڕێ کۆچ دەکەم
لە "علیفاکوڤیچ"
یا لە گردێکیتری شارێ
کە رۆژگارێ هەموو خەڵکەکەیم دەناسی و
ئێستا دوو یا سێیان ماونەتەوە
لەگەڵ شەو.
من لە ماڵی کەسێکیترەوە
لە رێی رابردووەوە تەماشای
تاریکایی شار دەکەم
من غەریبم
من غەریبم.

## وتـــار

ئەو پیاسە ئێوارەییە شیاوی شیعرێکە.
فڕۆکەیێ لە ئاسمانی
قەراغی شارا دەبریسکێتەوە و
دەکەوێتە نێو کازیوەی شین.
هێڵەکان لەسەر ترامەکان دەبریقێنەوە
ژنێ گوارەی ونکردوە
دەگەڕێتەوە سەرەتای شەقام و
بە دوایدا دەگەڕێ
با لە پێناویدا خەم لە ناکاو دڵت پڕ بکا
لە پێناو ئەو جاحێڵەی
کە لە زەنگی ئاوێنەدا سەیری خۆی دەکا
لە پێناو ئەو پیرەمێردەی کە لەسەر پرد
ئاماژەم بۆ دەکا:
چۆن دەکرێ رێی فراون وشکبێ
لەو جیهانەی کە لە هەموو جیهانێ باشترە؟

**پیاوێک**

به یەک بازوو
دەچێتە دوکانێکی گوڵفرۆشی و
دەپرسێ:
چ گوڵێ پێچەوانەی
تێپەڕینی رۆژگارە؟
گوڵفرۆشەکە دەڵێ:
گوڵی لەیلەکی سپی و
لوری ئەندرسۆن.

## گۆڕستانەکانی علیفاکوڤیچ

لەوپەڕی لای رۆژهەڵاتی سەرایڤۆ
کوڕێکی تەواو بارگران
بە دەستی پڕ لە گوڵەوە
ئەوە جەژنە و
ئەویش بازرگانێکی بچووک
بارگران بە گوڵ دەچێتە گۆڕستانەکان
بارگران بە سەد جۆر گوڵی سرووشتی
وەک قەبر لە رۆژی هەڵکەندنیدا
وەک قەبر لە رۆژی هەڵکەندنیدا
کوڕەکە بەرەو گۆڕستانەکانی
"علیفاکوڤیچ" سەردەکەوێ.

---

_سمیزدین محەمەدینۆڤیچ (1960_ ) شاعیری بۆسنی.

_سەرچاوە: adab.com

عزەت سەراییج

## خانمی من

خانمەکەم
رۆژی مەرگم نێیە پرسەم
ئەو رۆژەی کە دەمرم
لە شێوەی بیرەوەرییێکی
بەسەرچوو نەبێ
ناتوانم بێمە لات.
بەختەوەربە
وەک ئێوارە جوانەکانی رابردوومان
ئەو رۆژەی کە خەبەری مەرگمت پێدەگا
هیچ مەکە
تەنیا جارێ
کتێبەکانم بخوێنە و بقیژینە.

**بوێریی**

هەمیشە دەڵێن:
نە فرمێسکمان بینیوە و
نە ئازاری بەتینیش
لە ژێر رەشەداردا.
هەمیشە دەڵێن:
نە فرمێسکمان بینیوە و
نە ئازاری بەتینیش
لە ژێر رەشەداردا.
هەرگیز نامەیەکی عاشقانەتان نەنووسیوە و
بیریشتان لە خۆکووشتن نەکردۆتەوە
کەوابێ ئەی چۆن دەوێرن بڵێن: ئێمە ژیاوین؟

---

_عزەت سەراییج (1930-2002) شاعیری بۆسنی.

_سەرچاوە: adab.com

ترایان پترۆڤسکی

## وەحشی ناخمان

ئەگەر ئەو وەحشەی ناخمان بکوژین
مانای وایە ئەو جیناتی ستەمە
لە مرۆڤایەتی دادەماڵین
کە لێی لە دایکدەبن
کە دەجوولێ و
گۆرانیی لە خوێندا دەچڕێ
مانای وایە رایدەگەیەنین
کە رەگەزی مرۆڤایەتی ستەمکار
بۆ تاهەتا لە رەگەوە هەڵتەکێنرا.

---

_ترایان پترۆڤسکی (1939_ ) شاعیری مەکدۆنی.

_سەرچاوە: arabicnadwah.com

و.ب.ییتس

## فڕۆکەوانێکی ئێرلەندی

## پێشبینی مەرگی خۆی دەکا

بە تەواوی دەزانم من لەوێ

لە بوقعەیێکی نێو هەورەکاندا دەمرم

چونکە رقم لەوە نابێتەوە

کە لەگەڵی دەجەنگم و

ئەوانەشم خۆشناوێن

کە لەپێناویاندا دەجەنگم

نیشتمانم "کیلترتن کروس" و

گەلی نیشتمانم هەژارن

هەرچی رووبدا هیچ نادۆڕێنێ و

هیچیش نییە بیباتەوە

بۆیە من لە پێناو حەق
یا ئەرک
یا سیاسییەکان
یا چەپڵەی جەماوەر ناجەنگم
جەنگانی من تەنیا بۆ رابواردن و
ژاوە ژاو کردنە لە دڵی هەورەکان
کەوایە ساڵانی داهاتووم بە فیڕۆدانە
رێک وەک ساڵانی بەسەرچووم و
ئا بەم شێوەیە ژیان و مەرگ هەمان ئاستن.

---

_و.ب.ییتس (1865_1939) شاعیری ئێرلەندی.
_سەرچاوە: adab.com

ئالان جیفریز

## ئـــاوات

_دەمەوێ ببمە قەشە
ئاوام بە دایکم گوت
کە من دوازدە ساڵان بووم.
ئەو کاتە منداڵان خەونیان بەوە دەبینی
ببنە پیاوی ئاگرکوژێنەرەوە و
سایەقی پێشبڕکێ.
من دەمویست ببمە قەشە
رەش بپۆشم و
لە ئاڵۆزییدا غەرق ببم.
دایکم نیگەران نەبوو
بەڵام گومانی هەبوو لە قسەکانم
_با بزانین
ئەوەی گوت و سەری راهەژاند.

له بیست ساڵیمدا
دەمویست ببمه شاعیر
به دایکمم گوت:
دەمەوێ ببمه شاعیر
لەو کاتەدا هاوڕێکانم
خەونیان به پارێزەریی و
بۆرسەوە دەبینی
من دەمویست ببمه شاعیر
تا له رەشاییدا غەرق ببم و
ئاڵۆزیی بپۆشم.

---

_ئالان جیفریز (1957_ ) شاعیری ئوستراڵی.
_سەرچاوە: adab.com

هانگ یونف ئۆن

**قەسیدە**

بێدەنگیی دەنگتە؟
کاتێ گۆرانی ناچڕی باش گوێ لە دەنگت بگرە
دەنگت بێدەنگییە.

رووخسارت سێبەرە؟
کاتێ چاوم دادەخەم باش رووخسارت دەبینم
رووخسارت سێبەرە.

سێبەرت نوورە؟
لەسەر جامێکی تاریک
سێبەرت هەڵدێ.. سێبەرت رووناکییتە.

---

_هانگ یونف ئۆن (1879_1940) شاعیری کۆری.

سەرچاوە:arijalmatar.blogspot.com

فرانسیسکۆ رویس ئۆدیل

## هەندێ شەو هەن

## حەز ناکەم هیچ شتێکیان لەبارەوە بزانم

هەندێ شەو هەن
حەز ناکەم هیچ شتێکیان لەبارەوە بزانم و
گوێشم لە هیچ شتێ ببێ
هیچم ناوێ جگە لە دانیشتن
لە شەقامێکی دوورەدەست و
بینینی سەگێ
کە لە چرکەساتی بێدەنگیشیدا
دەزانێ چی دەوێ
دەمەوێ بە تەنیا دانیشم
سەگەکە بە چاو بۆم بدوێ و
دواتر سەیری زەوی بکا و بێدەنگبێ.

بۆ کەسێ کە ماڵی لەدەستداوە

قەسیدەیێ دەخوێنمەوە

تا بە ئاشتییەوە بمرێ

لەو چرکەیەی کە بیر لەوە دەکەمەوە

سێبەرێ لەسەر سینگم

لەسەر ئەژنۆ دادەنیشێ و

توند دەستی دەخاتە سەر تەوێڵم و

بێدەنگ دەبم.

نە شەو

نە شەقام

نە سەگ

ناتوانن گڕی دڵسوتانی ئەو غیابە

بکوژێننەوە.

---

_فرانسیسکۆ رویس ئۆدیل (1977_2011) شاعیری نیکاراگوایی.

_سەرچاوە:thaqafat.com

فرناندۆ گۆردیلۆ

**لوغز**

دوو مردوو
یەکێکیان
بەرانبەر هەمووانە
کەچی ناچێتە دڵی هیچ کەسێ
دوومیان
هیچ کەسێ نایبینێ
کەچی لە دڵی هەموو کەسێ نیشتەجێیە

---

_فرناندۆ گۆردیلۆ (1940_1967) شاعیری نیکاراگوایی.

_سەرچاوە: adab.com

شولان

## دەریای هەستەکان

شەپۆلێکی سپی دەپۆشم
لەسەر بەردێ دەوەستم
بەختەوەرانە
بە دەوری خۆمدا
دەخولێمەوە و
سەما دەکەم و گۆرانی دەچڕم و
_با_ی دەریا و شەپۆلەکانی
کراسم بەرز دەکەنەوە و
دڵم تەڕ دەبێ
شەپۆل بەرەو من
غلۆر دەبێتەوە و
چەوی ژێرم دەشواتەوە
شەپۆلەکان قات قاتن
یەک لە یەک بەرزترن
یەک لە یەک بەهێزترن

ئاوازێکی خوایی دەژەنن
کە سەرچاوەکەی
دەنگێکە دڵ ئەسیر دەکا
تەماشای ئاسۆ دوورەکان دەکەم
دەریای بێسنوور دەبینم
کە بەرانبەر ئاسمانی شین
درێژ دەبێتەوە
دڵم وەک شەپۆل هەڵدەچێ
هەستم دەورووژێ و
لە بوژانەوە ناوەستێ.

---

_شولان.. شاعیری تایوانی.
_سەرچاوە: adab.com

یو گوانگژۆنگ

**نۆستالۆژیا**

به منداڵیی

خولیام

پولی جوانی پۆست بوو

تا لەوسەری دنیاوە

به نیشتمانی دایک

پەیوەستمکا.

له لاوییمدا واملێهات

خولیای کەشتی کۆچەربم

چونکه من نزیکی کانی و

خۆشەویستەکەشم

لای سەرچاوەکانی رووبار

نیشتەجێ بوو.

کاتێ تەمەن

ڕوو لە ئاوابوون

هەڵزنا

خولیای قەبرێکی نەوی بووم

کە دایکم تێیدا نیشتەجێیە و

ئێستا خولیام

دەربەندێکی تەنکە ئاوە

من لە لایەکی بم و

نیشتمانیشم لە لاکەیتریدا.

---

_یو گوانگژۆنگ (1928_    ) شاعیری تایوانی.

_سەرچاوە adab.com

هنریک نۆردبراندت

## ژیـــــان

دنکە شقارتەیێ دادەگیرسێنێ
ڕووناکییەکەی سەرسامی دەکا
ئەو شتەی کە بۆی هاتبوو
تا بە دوایدا بگەڕێ نادۆزێتەوە
بەر لەوەی ئاگر
لە نێو پەنجەکانتدا
بکوژێتەوە و پێتوەدا
ئەو شتە لەبیر دەکەی
کە لە پێناویدا هاتبووی.

## هـــــاوار

دەمتوانی هاوارکەم
ئەگەر ئاسمان نەبووایە
دەمتوانی بڕۆم
ئەگەر زەمین نەبووایە
دەمتوانی هەموو شتێ بڵێم
ئەگەر دەریا نەبووایە
ئاسمان بە هەور داپۆشراوە
زەمین بیابانە
وشکەڵانە تەنیا خاکە
دەریاش هیچ نییە
بە بەراورد
لەگەڵ ئەو مەودایەی
کە لە نێوان من و تۆ دایە.

## خەونێکی تبتی

منداڵێکم بینی
لە لێواری دەریاچەیێ دانیشتبوو
لام وابوو هی منە و
ویستم بڕۆمە لای
بەڵام کاتێ
ئاوڕی پشتەوەی دایەوە و
سەری جوولاند و گوتی:
جارێکیتر لە خەونەکانم
بەکارم مەهێنە
تۆ مردوویت و بۆت نییە
بە دەرکەوتنت لێرە
جارێکیتر خۆت بکوژیتەوە.

---

_هنریک نۆردبراندت (1945_ ) شاعیری دانمارکیی.

_سەرچاوە adab.com

فوفی فونگ سیفاندون

## پرسیارگەلێکی بێ وەڵام

دەبێ چۆلەکە
چی بە فڕۆکەیەکی جەنگیی بڵێ
کاتێ بەسەر پشتیدا هەڵدەفڕێ؟

دەبێ درەخت چی بە خۆی بڵێ
کاتێ دەگۆڕدرێ و
دەبێتە تابوتێکی بە زێڕ نەخشێنراو؟

دەبێ کرمەکانی سەرەتا
چ هەستێکیان هەبووبێ
کاتێ زگی _نەفرتیتی_یان هەڵدڕی؟

ئەی بۆچی دوای تێربوون لە گۆشتی مامز
دەچن لە مامزێکیتر رادەمینێن و دەڵێن:
ئای چەند پیرۆز و
جوان و
باریکەلە و
بە ئاگا و
بوونەوەرێکی بێگوناهیت؟
بۆچی.. بۆچی؟
کاتێ جومجومەیەکی کۆن دەگرێتە دەست
بیر لەوە ناکاتەوە
رۆژێ دێ پیاوێکیتر
کە باش لە حاڵی خۆی راماوە و
تەمەنی مەزندەکراوی خۆی بۆ دەرکەوتوە و
جومجومەکەی ئەو دەگرێتە دەست؟

---

_فوفی فونگ سیفاندون.. شاعیری لاوسی.
_سەرچاوە: adab.com

مانوێل باندێرا

## قەسیدەی مردووان

بەیانی ڕۆژی مردووانە
بڕۆ گۆڕستانەکان
بە تەنیا بڕۆ و
لەنێوان گۆڕەکاندا
کێڵی گڵکۆی باوکم ببینەوە.

سێ گوڵی جوان ببە
بکەوە سەر ئەژنۆ و
نوێژ بخوێنە
لە پێناو باوک نا
بەڵکو لە پێناو کوڕ
پێویستی کوڕ گەورەترە.

هیچم نەماوە

جگە لە سەختیی

سەختیی ئەو ژیانەی کە ژیاوم

هیچم ناوێ و

ئومێد

بۆ هیچ شتێ ناخوازم

لە راستیدا

سەرباری ئەوەی

من لێرەم

بەڵام من لەوێم.

## چرکەساتێ لە قاوەخانەدا

کە جەنازە ڕەتبوو
پیاوەکان لە قاوەخانەدا
بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی
کڵاوەکانیان لە سەریاندا
هێنایەخوار
بە ڕێزەوە سڵاویان
لە مردووەکە کرد و
هەموویان ڕوویان
ئاراستەی ژیان کردەوە
نقوومبوو لە ژیان
دڵنیا لە ژیان
یەکێکیان نەبێ

که بە هێوری
سەری جوولاند و
ماوەیەکی درێژ
تەماشای تابووتەکەی کرد
تەنیا ئەو دەیزانی کە ژیان
پەشۆکانێکی بێئامانجی دڵڕەقە و
ژیان خیانەتە
سڵاوی لەو ماددەیە کرد
کە تێدەپەڕی
ئەو ماددەیەی بۆ ئەبەد
لەو رۆحەی کە کوژایەوە
ئازادی بوو.

## قەسیدەیەکی وەرگیراو

## لە وتاری رۆژنامەیەک

_چون تاستی _
کۆڵبەرێکی ئازادبوو لە بازاڕ
لە _گردی بابیلۆن _
لە کوخێکی بێژمارە دەژیا.
ئەو شەوە هاتە
باڕی _20ی نۆڤێمبەر_
خواردییەوە و
گۆرانی چڕی و
سەمای کرد
دواتر خۆی هاوێشتە
نێو دەریاچەی
_رودریگۆ دە فریتاس_ و
غەرق بوو.

## ئامادەیی بۆ مەرگ

ژیان موعجیزەیە
هەر گوڵێ
بە شێوە و رەنگ و بۆنی
هەر گوڵێ موعجیزەیەکە.

هەر چۆلەکەیێ
بە پەڕەکانی و
بە فڕینی و
بە گۆرانی چڕینی
هەر چۆلەکەیەک موعجیزەیەکە.

شوێن،

ناکۆتا

شوێن موعجیزەیە

زەمەن،

ناکۆتا

زەمەن موعجیزەیە

یادگە موعجیزەیە

هۆش موعجیزەیە

هەموو شتێ موعجیزەیە

هەموو شتێ جگە لە مەرگ

خۆشبەختیی بۆ مەرگ

کە کۆتایی هەموو موعجیزەکانە.

---

_مانوێل باندێرا (1886_1968) شاعیری بڕازیلی.

_سەرچاوە:antolgy.com

_alsolbieh.com

تاراس شفشنکو

## گوتی: لەگەڵ چاوی خوا دەدوێ

تۆ ئەی ئەو چاوەی هەموو شتێ دەبینی
پێدەچێ تۆ لەو سەدان زیندانییە بێتاوانە بێئاگابیت
کە بە کەلەبچەوە دەبردرێنە سیبریا
تا لەوێ بمرن
تا پارچە پارچە بن و لە خاچ بدرێن و
سێدارە بکرێن.
لەوانەیە ئەوەت نەزانیبێ؟
یا لەوانەیە ئەشکەنجەی ئەوانت دیبێ و
کوێر نەبووبیت؟
نا نا ئەی چاو تۆ نزیکتریت و
تۆ لە وەنەوزێکی خۆشیدایت.

---

_تاراس شفشنکو (1814_1861) شاعیری ئۆکراینی.
_سەرچاوە: adab.com

دوریس کاریفا

## وێنەت لە جزدانم هەڵناگرم

وێنەت لە جزدانم هەڵناگرم و
لە هەموو دۆخێکیشیدا
وێنەت لە ژێر پێڵوم داگیرساوە.
بێ ئیرادەیی من لە هەموو گوزارشتێ
لە هەموو ئاماژەیێ
لە هەموو لایلایەکدا هەڵکۆڵراوە.
کە لەو رۆژە پڕوپووچەی ئایاردا
لەو زستانە دژوارەدا کۆچت کرد
پشتت رۆشن دەبینرا رێک وەک ئەوەی
روو لە تاریکیی بە ڕێ کەوتبی
رێک وەک ئەوەی روو لە دڵ بەڕێ کەوتبی.

---

_دوریس کاریفا (1958_    ) شاعیری ئیستلاندی.
_سەرچاوە: adab.com

بلاگا دیمیتروڤا

## شفرەی وشە

وا دانێ، بێئەوەی چاوەڕێی بیت
سەعاتی وشە هەر لێدەدا
حەقیقەت لێزمە لێزمە
بارانێکی بەهاری
بەسەر سەقفێکی ئاسنین دادەبارێنێ
لێشاوی وشەکان روو لە بەرزایی
بە ئاراستەی کانی رێدەکەن و
بەردەکان دەلەرزن و
فشارێکی قورس
دەخەنە سەر هەر یەکێکیان
لە شوێنی خۆیاندا.

گۆڵەکان لە نۆژەنەوە دەبوژێنەوە و
هەر یەکێکیان
بە هەناسەی تایبەتی خۆیان
هەناسە دەدەن.
مەلەکان دەگەڕێنەوە
بە دەنووکەکانیان خونچەکان دەپشکوێنن.
قەبرەکان دەکرێنەوە و
جومجومەکان وەک ناوقوسی
جەژنی قیامە دەزرنگێنەوە.
ئیدی لەو کاتەدا بە هەموو درۆ و شەڕێکەوە
بیر لە تۆڵە دەکەینەوە
لەگەڵ ئەوەش کە لەوێ بازرەقەی خوێن نییە
بەڵام بە شفرەی وشەی دەرماناوی
لە رەگەوە هەڵدەتەکێنرێن.

---

_بلاگا دیمیتروڤا (1922_2003) شاعیری بولگاری
_سەرچاوە: adab.com

# گۆرانییەکانی غەجەر

هانزیکون فویکت

## ژنێکی خائین

تەماشای شێوەی ئەو ژنە بکە
شالی لە حەریرە
پێڵاوی سوور و بریقەدارە
ملوانکەی لە زێڕە
ئەو خۆشەویستەکەی منی دەوێ
دەیەوێ بیباتە
نێو عارەبانەکەی خۆی
لە عارەبانەکەی ئەو سۆزانییەدا
ژوورێکی خەوی هێمن هەیە
قەروێڵە و سەرینی زۆریش
دەتوانرێ باش لەسەریدا بخەوی
تەماشای شێوەی ئەو ژنە بکە
شالی لە حەریرە
تووڕەیی لە مەمکەکانی هەڵدەفڕێ و
ئارەزوو لە دەستەکانیدا جێگیر دەبێ.

## پیاوێکی پێکەنیناوی

به شەقامدا تێپەڕیم
شەقامی فراوانی بۆش
نه گەنجێکم بینی و
نه سوارچاکێ به سمێڵی جوانییەوه
هیچ کەس نەبوو
لەنێوان زەمین و ئاسمانەوه.

به شەقامدا تێپەڕیم
شەقامی فراوانی بۆش
نه کچێکم بینی و
نه فاڵچی چەنەبازی بەختگرەوه
هیچ کەس
هیچ کەس
نه له دارستان و
نه له کێڵگەکان.

بە شەقامدا تێپەڕیم

چاوم بە پیاوێکی جوانی

چاو سەوزی

پشت کەوانەیی کەوت

پەنجەی گەورەی پێیەکانی لار و

ئێسکی پەراسووەکانی شکابوو

ئای ئەی غەمی بچووکم

چیت لێبکەم؟

ئایە خەڵاتت بکەم؟

بتفرۆشم؟

یا لە کۆڵت بکەم؟

## کچ و گوڵ

لە ژێر پەنجەرەدا
گوڵێ بۆ من گەشە دەکا
پێویستە گەشە بکا
کاتێ گەشە دەکا
لە ژێر کراسمدا
گەشە دەکەن مەمکەکانم
پێوستە گەشە بکەن
کاتێ گەشە دەکەن
گوڵەکە لێدەکەمەوە و
دەیخەمە نێوان مەمکەکانم
پێویستە داوای بکا و
کاتێ داوای دەکا
قۆپچەکانی کراسەکەم دەکرێنەوە.

## مەرگ

مەرگ دێ
ئەی خوای من
رێ مەدە بمرم
مەرگ بەرانبەر دەرگایە
خۆم لە ژێر قەروێڵە
حەشار دەدەم
خوای من رێ مەدە
بە گەنجیی بمرم
مەرگ لە هەیوانی ماڵە
هێشتا ئاواتەکان بەدەستنەهاتوون
مەرگی رەش
شەوی سپی
خوای من رێ مەدە بمرم
هێشتا ئاواتی زۆر هەن
بە دەستنەهاتوون.

## بێوەژن

چۆلەکە بە باڵەکانی
هەڵفڕ هەڵفڕ دەکا
بێوەژن بە چاوەکانی
خوایە یەکەمیانم پێببەخشە
ئەگەر یەکەمیش
وەڵامی نەدایەوە
خوایە دووەمیانم پێببەخشە

## خوا و زیندان

توانات ببەخشە ئەی خودا
فریشتە باڵدارەکان و
قەدیسە ریشدارەکانت
بە برووسک و شمشێری ئاگرین
چەکدار بکە و
ئەو کلیلە بێنە
کە هەموو زیندانەکان دەکاتەوە.
دە ساڵ رابرد
من هێشتا لە زیندانم
بەو خۆرە دەبوژێمەوە
کە کۆتی مەچەکم دەتوێنێتەوە
دەمەوێ بگەڕێمەوە
لای منداڵەکانم
بە سوپای ئاسمان دەبوژێمەوە

ئەی گەورەم

مۆمێکت

بۆ دادەگیرسێنم

ئەوە بۆ تۆ چی تێدەچێ؟

دوو مۆمت

لە کڵێسە بۆ دادەگیرسێنم

بەس لەو زیندانە رزگارمکە

ئەوە بۆ تۆ چی تێدەچێ؟

سێ مۆمت

لە میحرابی کڵێسە

بۆ دادەگیرسێنم

ئەی گەورەم دەربازمکە

رزگارمکە.

## هەڵاتن

دەگەڕێن، ئەوان بە دوای مندا دەگەڕێن
بەڵام من لەمێژە هەڵاتووم
ئەگەر پاسەوانەکان
بە چەکی دەستیانەوە خێراتربێن
من خۆم بە تاریکیی دەپارێزم و
دزە دەکەمە نێو دارستان
لەو شوێنەی کە تاریکیی لێیە
شوێنەواری من نامێنێ
لەو شوێنەی درەختی لێیە
من دەبمە سێبەری درەخت
دەگەڕێن، ئەوان بە دوای مندا دەگەڕێن
بەڵام من لەمێژە هەڵاتووم
ونم لە تاریکییدا
وەک خەڵوزێ کە بۆتە خۆڵەمێش
لە ڕۆژ ڕادەکەم و تاریکیی دەپۆشم
وەک گەرمترین پۆشاک.

## پاسەوان و ئەسپدز

لە ڕێی _تمسفار_
پاسەوانەکان
دەستگیریان کردم
بە دوان لێیان دەدام و
سێیەمیان دەیپرسی:
_کوا ئەسپەکان، ئەسپە دزراوەکان؟
_گەورەم ئەسپەکانم فرۆشت.
_ئەی کوا پارە، ئەی دزی نەفرەتی؟
_گەورەم بە نیوەی پارەکە
خۆمم سەرخۆش کرد و نانمخوارد
نیوەکەیتریشم دایە جەنابتان.

## سوارچاک و ئەسپەکەی

سەفەرێکی دوورم کرد، دوور
ئەسپەکەی خۆمم ئاو نەداوە
هیلاکە ئەسپەکەی من
خەریکە لەژێر زینەکەیدا دەمرێ.
بە ئارامیی هانی دەدەم
وەک منداڵێ دەیلاوێنمەوە و
پێیدەڵێم کە خۆشمدەوێ
هیلاکە ئەسپەکەی من
تا حەدی مەرگ
هیلاکە ئەسپەکەی من
دوور ڕۆیشتین، دوور
لە کەفدا سپی دەچێتەوە
تەوێڵی ئارەقە دەردەکا
لەژێرمدا دەناڵێنێ
لێی دەپاڕێمەوە سەبر بگرێ
پێیدەڵێم: بڕۆ ئەی ئەسپی باش

بەو نزیکانە دەگەینەوە ماڵ

سەری لار دەکا و

بە دوو چاوی

وەک چاوانی دایکم

سەیرم دەکا

ئەو چاوە باشانەی کە دەتوانن

بە جدی غەمبار بن

دوور رۆیشتم، دوور

ئەسپەکەی خۆمم ئاو نەداوە

بڕۆ ئەی ئەسپی باش

لە پشت ئەو چیایە

رەشماڵێکی سپی هەیە

رەشماڵێکی جوان

لەو شوێنەدا کانیێ هەیە و

شوفانی زێڕینیش

تا نێوچەوان هاتووە.

## کچێکی قەشەنگ

بەیانیت باش

ئەی کچی قەشەنگ

لەپێناو نیگاییێکی تۆ

پارەیەکی یەکجار زۆر هێشتا کەمە

لەپێناو سینەی تۆ

دە ساڵان بە پێ ڕێدەکەم

لەپێناو لێوەکانی تۆ

زمان لەبیر دەکەم

دەبمە کۆیلە

بەیانیت باش
ئەی کچی قەشەنگ
سواری ئەسپێکی سپیبە و
وەک رم دەرپەڕە
لە دارستان چاوەڕوانتم
لە رەشماڵێ کە هێشتا
منداڵی تێدا لە دایکنەبووە
لەگەڵ بولبول و گوڵ
لەگەڵ قەروێڵەیێ لە جەستەم
سەرینێ لە شانم
بەیانیت باش ئ
ەی کچی قەشەنگ
ئەگەر نەهاتییە لام
چەقۆیەک لە لەتێ نان رادەکێشم
کچێکی تیا دەسڕمەوە و
دواتر لە ناوەڕاستی دڵتی دەچەقێنم.

## ماری خۆشەویستیی

دەستت بخە نێو سینگم
مارێکی ساردی لێدەردێنی
ماری خۆشەویستیی
ماری سەوزی خۆشەویستیی
سەیری چاوم بکە
ماری سەوزی خۆشەویستیی ناخەوێ
ماری سەوزی خۆشەویستیی
دەتوانێ بکوژێ
خۆشەویستییم زێڕێکی تواوە و
مانگێکی زەردی سەر ڕەشماڵ و
شانەکانت و
ئەو _سم_انەش بوو
کە لەسەر ڕێگای بەفرین
دەزرنگانەوە.

بەڵێ.. خۆشەویستییم
لەو شوێنەیە
کە بە دوای دەستەکانت و
پرچت و لێوەکانت هەنگاوی نا.
دەستت بخە نێو سینگم
ماری سەوزی خۆشەویستیی ناخەوێ
ماری سەوزی خۆشەویستیی
دەتوانێ بکوژێ
زێڕی خۆشەویستییم
مانگی خۆشەویستییم
شەوانی دەستلەملانێی یەکەم
بوو بە ئازار
بوو بە مارێکی چاو سارد
بوو بە کەڵبەیەکی کراوە بۆ کینە.

_سەرچاوە: أغاني الغجر، هانزيكون فويكت، ترجمة: نامق كامل.

# هەڵبژاردەیەک لە کتێبی

# (مەرگ دێ و چاوەکانی تۆی دەبێ)ی

# جومانە حەداد

### ئەنتۆلۆژیای 150 شاعیری جیهانی

### کە لە سەدەی بیستەمدا خۆیان کووشتووە.

ئینگه بۆرگ باخمەن

**دوای ئەو لافاوە**

دوای ئەو لافاوە
دەمەوێ کۆترێ ببینم و
جگە لە کۆتر
ئەو جارە
هیچ شتێ رزگاری نەبێ.

ئەگەر دوور هەڵنەفڕێ و
لە سعاتی کۆتاییدا
خۆیی و چڵێک نەگەڕێتەوە
من لەو دەریایەدا نووقم دەبم.

## هەموو پردەکان تەنیان

هەموو پردەکان تەنیان
شکۆش هەڕەشەیان لێدەکا
وەکچۆن هەڕەشە لە ئێمەیش دەکا
چونکە ئێمە لە وەهمی ئەوە داین
کە ئەستێرەکان لەسەر شانی ئێمەدا رێدەکەن
بەڵام هیچ خەونێکیش
ناتوانێ پشتمان بچەمێنێتەوە
دوای کەوتنی شتە تێپەڕەکان
باشتر وایە لە کەناردا بژین و
لە کەنارێکەوە بگوازینەوە بۆ کەنارێکیتر و
بە درێژایی رۆژیش چاوەڕوانی ئەو شتە بکەین
کە شریتەکە دەپچڕێنێ.

---

_ئینگە بۆرگ باخمەن (1926_1973) ژنە شاعیری نەمساوی.

خۆسێیە گویتیسۆلۆ

## لەگۆشەکانی دوێنێ

لە شوێنە لە دەستچووەکان
دژ بە هەموو ئومێدێ
بە دواتدا گەڕام.

لە شارە بێناوەکان
لە گۆشەکانی دوێنێدا
بە دواتدا گەڕام.

له كاژێره ئازاربەخشەكان
له نزيك تاريكييه تاڵەكاندا
به دواتدا گەڕام.

كاتێ كووڕبوونەوه
داوای كرد ڕاست ببمەوه
تۆم دۆزييەوه.

_خۆسێيه ئۆگستين گويتيسۆلۆ (1928_1999) شاعيری ئيسپانی.

کارلۆس ئۆبەریگۆن

## لە شەونخوونییەکاندا

لە شەونخوونییەکاندا
بێدەنگییت لە گوێچکەکانمدا
ئاڵۆزتر لە رۆژ دەزرنگێتەوە.
بۆم زەحمەت دەبێ بیرم بێتەوە
کە من راهیبم
ئەو درەختەی کە لەگەڵی دەدەوێم
ئەو درەختەی کە خەونی پێوە دەبینی
تۆ دەناسێ
تۆ.. تۆ
منیش چاوەڕوانم.

---

_کارلۆس ئۆبەریگۆن (1929_1963) شاعیری کۆلۆمبی.

ئەلفۆنسیا ستۆرنی

**مەزندە**

مەزندەم دەڵێ: زۆر ناژیم
سەرم وەک کوورە دەسووتێ و پاک دەبێتەوە
بەڵام بەبێ سکاڵا و ترسێکی دیار.
مەزندەم دەڵێ: زۆر ناژیم
جا بۆ ئەوەی کۆتایی بە خۆم بێنم
دەمەوێ لە ئێوارەیەکی بێهەوردا
لەژێر خۆرێکی سافدا
مارێکی سپی
لە یاسەمینێکی گەورەدا لە دایکبێ و
بە هێوریی
بە هێوریی
گەززە لە دڵم بدا.

---

_ئەلفۆنسیا ستۆرنی (1892_1938) ژنە شاعیری ئەرجەنتینی.

تادوز بوروڤسکی

## پرۆفایل

هەرگیز نەچوومە ریزی سوپای نیشتمانی
هەرگیز لە ریزەکانی مقاوەمە نەکۆشاوم
شەوانی خۆمم بە خوێندنی نهێنی
لە زانکۆیەکدا گوزەراند
برادەرەکانم
چاو لە چاو مەرگیان بینیوە
زۆریان کوژران
وەک ئەوەی لە هەموو جەنگێکدا روودەدا
بەڵام من
لەسەر _لیبەرت_م نووسی
لەسەر _شتاف_
لەسەر ریتم و جوانیی

هەرگیز درەختم
بە قاچاغ نەبردۆتە وارشۆ
هەرگیز رۆژێ نەچوومەتە
مەیخانە گشتییەکان
شیعرم نووسی
بەڵام لەبەر ناوبانگ نا
بەڵکو لە ناچاریی
هەرگیز نەبووم بە بازرگانی زێڕ
هەرگیز لە خەرجکردنم نەزانیوە

ژنێکم هەبوو
شەوەکانمان درێژبوو
ئاه، ئەی خۆشەویستم
ئەو لە کوێیە ئێستا؟
ئەشکەنجەدراوە؟

ئەوە ژیانم بوو

شیعر

خۆشەویستیی

ئەوە ژیانم بوو

ژیانێکی بێمانا

بۆش

بێڕەنگ

لەوانەبوو ئاوا

بە فیڕۆ نەڕۆیشتبا

ژیانم

ئەگەر تەنیا تاکە ئەڵمانێکم بکووشتبایە.

## چەند هێلێ لە ئەلبومی ئیمزاکاندا

لەوانەیە پێویستبێ
خۆم وەک بەردێ
غلۆر بکەمەوە
کە بە لێژاییدا
غلۆردەبێتەوە
یا وەک پەیکەرێ
بە دوو چاوی ساردی بێژیان
تەماشای دنیا بکەم.

_تادوز بوروڤسکی (1922_1952) شاعیری پۆڵۆنی.

لیو ویلْچ

## هێشتا نەبوومەتە چل ساڵ، ریشم سپیبووە

هێشتا نەبوومەتە چل ساڵ
کەچی ریشم سپیبووە
هێشتا هەڵنەستاوم
کەچی چاوەکانم
مانەندی منداڵێ
کە زۆر گریابێ
سوور هەڵگەڕاون
شتێ هەیە لە کاریگەری
شەرابخواردنەوەی
دوێنێ شەو ناخۆشتر؟
ریشم دەتاشم
سەرم دەخەمە نێو ئاوێکی سارد
چاو بەنێو چەودا دەگێڕم

دەبێ سەبەتێ خۆخ بخۆم
تا بتوانم ئەو شەرابە تەواو بکەم
کە ماوەتەوە و
شیعر بنووسم
تا لە نۆژنەوە مەست ببمەوە و
کاتێکیش کە نەسیمی رەسەن هەڵدەکا
دەمرم
تا مانگ و
درەختە تاریکەکان و
کاوێژی ئاسک ببینم و
گوێ لە ئاژەڵەکانی _راکون_ بگرم
لەو کاتانەی کە لەگەڵ یەکتر هەڵناکەن.

---

_لیو ویڵچ (1926_1971) شاعیری ئەمەریکی.

تۆڤا دیتلڤیسن

## پۆرترێتی کەسیی

ناتوانم
خواردن لێنێم
شەپقە لەسەرکەم
دڵی خەڵک بدەمەوە
بە خشڵ خۆم جوانکەم
گوڵەکان رێکخەم
ژوانم بیربێتەوە
سوپاسی ئەوانە بکەم
کە دیاریم پێشکەش دەکەن
بەخشیشی پێویست بدەم
لای پیاوێک بمێنمەوە
لە کۆبوونەوەی خزم و مامۆستایان
بانگەشە بۆ شتی گرنگ بکەم..

ناتوانم واز لەو شتانەیش بێنم
جگەرەکێشان
مەی خواردنەوە
شوکولاتە خواردن
چەتر دزین
لە بیرکردنی ڕۆژەکانی
جەژنی لە دایکبوون و
پاککردنەوەی نینۆکانم..

ئەوە بڵێ کە خەڵک دەیەوێ بیبیستێ
شوێنە نامۆکان و
نهێنییەکانی خۆشەویستیی
ئەو کەسانە بڵێ
کە نەخۆشیی دەروونییان گرتووە
من دەتوانم
تەنیابم
قاپ و قاچاخ بشۆرم
بخوێنمەوە
رستە درووست بکەم
گوێیگرم و
هەست بە بەختەوەریی بکەم
بە بێ ئەوەی ئیحساس
بە گوناح بکەم.

---

_تۆڤا دیتلڤیسن (1918_1976) ژنە شاعیری دانمارکی.

پاول سیلان

## تاریکیی

ئێمە زۆر نزیکین ئەی خودا
نزیک و گەمارۆدراو.

رفێنراوین ئەی خودا
یەکمان خۆی بە ئەویترەوە گرتووە
وەک ئەوەی جەستەی هەر یەک لە ئێمە
جەستەی تۆ بێ ئەی خودا.

ئەی خودا نوێژ بکە
رووی نوێژت لە ئێمە بکە
ئێمە زۆر نزیکین.

بە ترس و تۆقینەوە رۆیشتین
بە چەمانەوە رۆیشتین
بەسەر حەوز و چاڵاودا.

چوینە ئاوگە ئەی خودا
خوێنبوو.. خوێن
خوێنبوو رژاندبووت ئەی خودا.

دەدرەوشایەوە
وێنەت لەناو خوێندا
لە چاوەکانی ئێمە
عەکسی دەدایەوە ئەی خودا.

دەم و چاوەکان بەتاڵن
بەتاڵن ئەی خودا
خواردمانەوە ئەی خودا
خوێن و ئەو وێنەیەمان خواردەوە
کە لەنێو خوێندابوو ئەی خودا.

نوێژ بکە ئەی خودا
ئێمە زۆر نزیکین.

## له ستایشی دوورییدا

له کانیی چاوەکانتدا
تۆڕی تۆڕەوانەکانی
دەریای شڵەژاو دەژین
له کانیی چاوەکانتدا
دەریا وەفاداره بۆ بەڵێنەکانی.
من لێره ئەو دڵه هەڵدەدەم
که لەنێو مرۆڤەکاندا دەژیا
پۆشاک و بریقانەوەی بەڵێنیش.
ڕەشتتر لەنێو ڕەشدا زیاتر دەبێ
من ئێستا رووتترم
من تەنیا که گومڕا دەبم باوەڕ دێنم

من تۆم ئەگەر من، من بم

لە کانیی چاوەکانتدا

تینوومە و

خەون بە تاڵانکردنەوە دەبینم

گڵۆڵەیەک لە بۆشایی گڵۆڵەیەکدایە

ئاوا دەست لە ملی یەکتر

لە یەک جیادەبینەوە

لە کانیی چاوەکانتدا

خنکاوێک حەبل دەخنکێنێ.

---

_پاول سیلان (1920_1970) شاعیری رۆمانی.

چیزار پاڤیزی

## هەمیشە لە سپێدەدا دەگەڕێیتەوە

تیشکی کازیوە
لە زارتدا هەناسە دەدا
لە ناوەڕاستی شەقامێکی چۆلدا.

نووری خۆڵەمێشیی چاوەکانت
تنۆکی سەحەری شیرینن
لەسەر گردە تاریکەکان.

هەناسە و هەنگاوت
ماڵەکان دادەپۆشن
وەک هەوای بەیانیان.

شار دەهەژێ

بەرەکان عەترین دەبن

تۆ ژیانیت

تۆ بە ئاگاهاتنەوەیت.

ئەی ئەستێرەی لە دەستچوو

لە رووناکیی کازیوەدا

ئەی هەناسەی گەرم

شەو تەواوبوو

تۆ رووناکیی بەیانییت.

---

_چیزار پاڤیزی (1908_1950) شاعیری ئیتاڵی.

کۆستاس کاریوتاکیس

**خانەدانیی**

ئازارت بکە قیسارە

ببە بولبول

ببە گوڵ

کاتێ ساڵانی تاڵیی دێن

ئازارت بکە قیسارە و

ستران بچڕە.

برینت بە پەڕەی گوڵ تیمارکە

تاڵاوێکی شەهوانیت پێدەبەخشم

ئەفیون و خەمڕەوێن

برینت تیمارکە

خوێنت ئەرخەوانییە.

بە خوا بڵێ:

با لێگەڕێ بمرم

بەڵام بە پێکەنینەوە پێیبڵێ

ئازارت بکە قیسارە

لێوەکانت بە لێوەکانی برینت تەڕکە

لە سپێدەیێ لە سپێدەکان

لە ئێوارەیێ لە ئێوارەکان

ئازارت بکە قیسارە و

بە پێکەنینەوە بمرە.

**درەخت**

بە نێوچەوانێکی
ئارام و خەمسارد
سڵاو لە حەقیقەت و
بەرەبەیان دەکەم
وەک درەختێ دەوەستم
لە گەردەلوولی
نێو شینایی ئاسمان
رادەمینێم و
دەڵێم: ئەو ژیانە تابووتێکە
هەموو خۆشیی و
ناخۆشییەکانی
خەڵکی تیا دەمرێ.

_کۆستاس کاریوتاکیس (1896_1921) شاعیری یۆنانی.

کارین بۆیە

## تۆ تۆویت

تۆ تۆویت و منیش خاک
تۆ لە مندا چرۆ دەکەیت
لە مندا گەشە دەکەیت
تۆ منداڵێکی چاوەڕێیت و
منیش دایکت.

ئەی زەمین گەرماییتم پێببەخشە
ئەی خوێن، رەگەکانتم پێببەخشە
ئەورۆ هێزێکی نادیار
داوای هەموو ژیانم لێدەکا.

شەپۆلی گەرمی پەنگخواردوو

لە سەرزەمیدا هیچ بەنداوێ ناناسێ

دەیەوێ گەورەتربێ و بتەقێتەوە

تا بە پیادە رێبکا

بۆیە ئێستا هەناوم ژان دەکا

شتێ لە مندا گەشە دەکا

تا بمشکێنێ

ئەی شتەیش ئەی خۆشەویستم

ئەو شتەیش تۆیت.

---

_کارین بۆیە (1900_1941) ژنە شاعیری سویدی.

خایمی تۆریس بۆدیه

## دڵنیایی

هیچ ناڵێین
دەرگاکان دادەخەین
پەڕەی گوڵەکان
لەسەر قەرویڵە خاڵییەکە
پەخشان دەکەین
لەنێو لەپەکانتدا
پێشوازی
لە نەرم و نیانی ئەو جیهانە دەکەم
کە وەک رووبار رێدەکا.

_خایمی تۆریس بۆدیه (1974_1902) شاعیری مەکسیکی.

ئەتیلا یوجف

**بە تەنیا**

تەنیا دەبم

من هەمیشە

تەنیام لەو جیهانە

من هەرگیز هیچ دۆستێ

لە هیچ شوێنێ نادۆزمەوە لەو زەمینە

ژانەکانم ماچەکانی دەسڕێتەوە

گەڕان بە دوای جمکی رۆحیم و

ماچەکانی بێئاکامە

بێئاکامە گەڕان بە دوای کەسێ

کە دڵسۆزمبێ و

بۆم باشبێ و

شانازییم پێوە بکا و

خۆشیبوێم

بێئاکامە گەڕان بە دوای کەسێ
کە فرمێسکەکانی بەخشندەبن و
شەونخوونبێ لە کاتی خەومدا و
هەوەسی خۆشبێ لە کاتی هەستانمدا
بێئاکامە گەڕان بە دوای کەسێ
کە ئامادەبێ لە پێناو خۆشەویستەکەی
لە مەرگ هەستێتەوە
تا زیاتر بیپەرستێ
نا..نا.. کەس بۆم ناکەوێتە سەر ئەژنۆ
کەس لەسەر قەبرم ناگریێ و
گۆڕم لاسار و بێدەنگە.

---

_ئەتیلا یوجف (1905_1937) شاعیری مەجەڕی.

تامیکی هارا

## ئاوم بدەنێ

ئاوم بدەنێ
ئاهـ ئاوم بدەنێ
رێبدەن بخۆمەوە
مەرگم پێباشترە لەو تینوویەتییە
مەرگم پێباشترە
ئاهـ یارمەتیم بدەن
یارمەتیم بدەن
ئاو
ئاو
تکایە کەس لێرە...
ئۆهـ ئاسمان پارچە پارچەیە
شار ونبووە
رووبار پەنگیخواردوە

ئۆهـ

شەو دادەبەزێ

شەو دادەبەزێ

بەسەر چاوانی وشک

لەسەر لێوە کیمیاوی لێنیشتووەکان

گڕ دەگرێ و دەسووتێ

ئەو رووخسارە پۆدرە لێدراوە

دەپێچێتەوە

هاواری مرۆڤی ژانگرتوو

دەپێچێتەوە.

## ئەوە مرۆڤە

ئەوە مرۆڤە.. تەماشاکەن
بۆمبی ئەتۆمیی چۆن گۆڕیویەتی
تا ئاستی وەحشەتناکیی
فووی لە جەستەی کردوە و
ژن و پیاوی کردۆتە هەمان شت
ئاهـ.. گوێ لەو دەنگە بگرن
کە لە لێوە هەڵاوساوەکانی
رووخساری سووتاو و
خەڵوزین دەردەچن
بە دەنگێکی نیان و نووساوەوە دەڵێن:
ئەوە
ئەوە مرۆڤە
ئەوە رووخساری مرۆڤە.

_تامیکی هارا (1905_1951) شاعیری یابانی.

سێرگی یەسەنین

**گوێبگرە ئەی دڵی قێزەونم**

گوێبگرە ئەی دڵی قێزەونم
ئەی دڵی سەگی هیچ و پووچ
ئەی دڵم ئەو چەقۆیەی دەستم بۆ تۆیە
ئەی دزی پیر.

زوو یا درەنگ
ئاسنە ساردەکەی
دەچەقێنمە نێو پەراسووەکانم
ئایا دەتوانین تا ناکۆتا
روو لە ئاسۆی پڕوپووچ دەرپەڕین؟

با واز لە گەمژەکان بێنین تا نەخۆش دەکەون
با بە دەوری ئامانجدا بخولێینەوە
ئەگەر شتێ هەبێ لەو دنیایە
ئەو شتە هیچ نییە جگە لە عەدەم.

## کێیە مردووە؟

دەشتەکان بە بەفر داپۆشراون
مانگێکی رەنگپەڕیووی تەنیا
خوناومان کفنی پۆشیوە
سپیندارەکان لە دارستاندا دەگرین

ئەوە کێیە مردووە؟
دەیبینی؟
منم؟

---

_سێرگی یەسەنین (1925_1895) شاعیری رووس.

ماریا تسڤیتایڤا

## ژیان نە ژاوە ژاوە و نە گەردەلوول

ژیان
نە ژاوە ژاوە و
نە گەردەلوول
ئەو ئاوایە
شەختەبەند دەبێ
ماڵ رووناکە
یەکێ بە هێوریی نزیک دەبێتەوە
زەنگ لێدەدا و
دێتە ژوورەوە
چاوێلکەکەی بەرز دەکات
هیچ دەنگێ نییە
ئایکۆنەکان دەدرەوشێنەوە.

---

_ماریا تسڤیتایڤا (1892_1941) ژنە شاعیری رووس.

پیۆ یاڤۆرۆڤ

**بۆ لۆرا**

ڕۆحم غەمگینە

ڕۆحم بانگەوازێکە

چونکە من چۆلەکەیەکی پەڕ لێداماڵراوم

ڕۆحی بریندارم مەحکوومە بە مەرگ

ئەو ڕۆحەم کە خۆشەویستیی بریندارى کردووە

ڕۆحم غەمگینە

ڕۆحم بانگەوازێکە

لێم بپرسە: بە یەکگەیشتن و ماڵئاوایی چین؟

وەڵامت دەدەمەوە: ئەوان دۆزەخ و میحنەتن

له میحنەتیشدا خۆشەویستیی هەیە
سەرابەکان نزیکن، دوورن، شەقامەکانن
سەراسیمە، بە خۆشحاڵی جەهل و
چڵێسیی گەنجان و
شەهوەتی جەستە و
هەوابوونی تارمایی پێدەکەنیت
سەرابەکان نزیکن، دوورن، شەقامەکانن
هەرگیز نابیستی
ئەوە کێیە بانگ دەکا و غەمبار دەبێ
تۆ ئەی جەستە
تۆ ئەی تارمایی لە هەوادا.

## پەرۆش

دڵ سەرلەنوێ
بەرانبەر رێگا بێ سەرەتا و
بێ کۆتاییەکان
دەلەرزێتەوە
من بە تەنیا کۆچ دەکەم و
ئەگەر لە تەمی بەیانییەوە بڕوانم
لە بەندەری کەشتی تەنیامدا
هیچ نابینم
جگە لە سێبەری ئەفسووردەییم.

## ناڵە

تیشکی کۆتایی
ڕۆژێکی ڕاگوزەر و
عەتری ئەو گوڵانەی
کە زوو قرتێنران
سترانی قازە نەخۆش و ونبووەکان
ڕۆحی تەنیا و دەربەدەرم
ئاهـ لە غەمی هێوری
شەوی داهاتوو
لە ناڵەی نەسیمی مێرگ
باڵەکانم نەوی و بێهێزن
ڕۆحم مردووە
لە ئاشتییێکی هەمیشەییدا.

---

_پیێۆ یاڤۆرۆڤ (1878_1914) شاعیری بولگاری.

جۆرج تراکل

**گۆرانی شەو _1_**

لەسەر ئەو شەپۆلانەی
کە شەو تاریکیان دەکا
گۆرانییە حەزینەکانم دەچڕم
گۆرانییگەلێ کە مانەندی زام
خوێنیان لێدەچۆڕێ
بەڵام هیچ دڵێکم بەنێو تاریکییدا
بۆ ناگەڕێنێتەوە.

تەنیا ئەو شەپۆلانەی
کە شەو تاریکیان دەکا
گۆرانییەکانم دەگریێنێ و
بەفیڕۆیان دەدا
گۆرانییگەلێ کە لە زامەکانیاندا
خوێنیان لێدەچۆڕێ و
دەگەڕێنەوە نێو دڵی من.

## گۆرانی شەو_2_

وەرە دیدەنیم ئەی ئازار
برین داگیرساوە
گرنگی بەو ئەشکەنجەیە نادەم
تەماشاکە
لە برینەکانمدا
ئەستێرەیەکی لێڵ
لە شەودا دەپشکوێ
وەرە دیدەنیم ئەی مەرگ
من پیاوێکی پێگەیشتووم.

## دیدار

لەگەڵ ئەو غەریبە
سەیری یەکتر دەکەین و
چاوە ماندووەکانمان دەپرسن:
_چیت لە ژیانی خۆتکرد؟
بێدەنگبە.. بێدەنگبە
واز لە هەموو گلەییەکان بێنە.

هەوای دەورمان ساردی کرد
هەورەکان لە دوورەوە پەرتبوون
وا پێدەچێ ئیدی
هیچ پرسیارێ لە یەکتر نەکەین و
کەسیشمان لەگەڵدا نییە.

---

_جۆرج تراکل (1887_1914) شاعیری نەمساوی.

سارا تیسدایل

**گۆرانی شەوانی _ئەمالفی_**

لە ئەستێرەی ئاسمانم پرسی:
_چی پێویستە بیبەخشمە خۆشەویستەکەم؟
بە بێدەنگیی وەڵامی دامەوە:
_تەنیا بێدەنگیی پێبب‌ەخشە.

لە خوارەوە، لەو شوێنەی
کە تۆڕەوانەکە بۆی دەچێ
لە دەریای تاریکم پرسی:
_چی پێویستە بیبەخشمە خۆشەویستەکەم؟
بە بێدەنگیی وەڵامی دامەوە:
_تەنیا بێدەنگیی پێبب‌ەخشە.

ئۆه..
من دەتوانم
گریانەکانمی پێببەخشم
من دەتوانم
گۆرانییەکانمی پێببەخشم
بەڵام چۆن دەتوانم
بە درێژایی ژیانم
بێدەنگیمی پێببەخشم؟

## شادیی

من چۆلەوانییم
گۆرانی بۆ درەختەکان دەچڕم
گۆرانی بۆ ئەستێرەکانی ئاسمان دەچڕم
من خۆشمدەوێ و
خۆشویستراوم من
ئەو هی منە
دواجار ئێستا دەتوانم بمرم
پێڵاوم لە _با_ و ئاگرە
ئاگر و گۆرانی لە دڵمدا هەن تا پێیببەخشم
دەتوانم لەسەر گیا و
ئەستێرەکاندا رێبکەم
دواجار ئێستا دەتوانم بژیم.

---

_سارا تیسدایل (1884_1933) ژنە شاعیری ئەمەریکی.

ئەلیخاندرا بیسارنیک

**بە رائەتی کۆتایی**

کۆچدەکەم
بە جەستە و بە رۆح کۆچدەکەم.

کۆچدەکەم
تا لە نیگای زاڵمانەی ئەو بەردانەی
کە لە گەروومدا دەخەون رزگارمبێ
پێویستە کۆچبکەم.

ئیدی بەسمە بەستن لەژێر خۆردا
ئیدی بەسمە رۆندکی هیلاکیی
ئیدی بەسمە چاوڕوانیی مەرگ
پێویستە کۆچبکەم.

کەوایە دەی دەرپەڕە
ئەی ژنی موسافیر.

## سێبەرەکانی رۆژگاری داهاتوو

سبەی
لە کازیوەدا
بە خۆڵەمێشی خۆم
دادەمپۆشن
زارم پڕ لە گوڵ دەکەن و
ئیدی فێردەبم
لە زاکیرەی دیوارێکدا
لە هەناسەکانی ئاژەڵێ
کە خەون دەبینێ
بخەوم.

_ئەلیخاندرا بیسارنیک (1936_1972) ژنە شاعیری ئەرجەنتینی.

لویس کاماریرۆ

## لەو کاتەی..

لەو کاتەی بە تەلەفۆن قسە دەکەیت و
ئەوانیدی لێت رادەمینێن
لەو کاتەی بە دەستی راستەت
پارچەیەک موزیک بۆ دەستی چەپەت دەژەنی
لەو کاتەی بە گرنگیپێنەدانێکی بێمەبەست
تەماشای فیلمێک دەکەیت
لەو کاتەی لە کەنار دەریا
لەگەڵ گەوهەرەکانی ئەو زستانە پیاسە دەکەیت
لەو کاتەی نیوەی ناوهێنانت بەسە
بۆ دوورخستنەوەی دەریا
لەو کاتەی بە بێ پرسیار دەژیت
لەو کاتەی گوێ لە گۆرانییەکانت دەگریت
من بە سەرسوورمانییەوە دەنووسم .

## بـــاران

با بچینه دەرەوە

با باران رووخسار و پۆشاکمان تەڕ بکا

با بەسەر چاڵاودا پاز بدەین و

کاتێ سەیری ئاسمان دەکەین

چاوەکانمان پڕ ببن لە ئاو و بەختەوەریی.

## چی؟

ئەوان چی لە بارەی
خۆشەویستییەوە دەزانن؟
ئەوان چییان لەبارە تا تێبگەن
کە هێشتا تەنانەت نازانن
لە شیعریش تێبگەن؟
ئەگەر لە مۆسیقا تێنگەن
چی لە بارەی ئەو خۆشەویستییە دەزانن
کە هەر گوڵێک و
گوڵی وەنەوشەش
لە چاویدا تەنیا برووسکەیەکن؟

_لویس هێرناندس کاماریرۆ (1941_1977) شاعیری پیرۆیی.

عەبدولڕەحیم ئەبو زکری

**لە کارەساتدا**

ڕێک لە چرکەساتی خۆیدا گوتم:
من لێرە دەمرم.
چاوەکانت کفنی منن
لە چاوەکانتدا مەرگ دەخۆمەوە
لە ئاسۆی پێڵوەکانتدا
ڕۆدەچمە ناخت و
چاودێری دەکەم
گوێبیستی خشە خشی کفنەکان دەبم
دوێنی خۆرهەڵاتنێکی ئیلهامبەخش بوویت و
دواتر بوویتە پارچەیەک گۆشت
من ئەو گۆشتە دەخەمە
نێو تاریکیی و خەڵووز.

## غوربەت

دەیەوێ لە غوربەت و
تەنیایی و حەشامەتدا رابکا
بەڵام چۆن؟
دەیەوێ بگەڕێتەوە نیشتمانی
دەیەوێ بگەڕێتەوە لای هاوین
دەیەوێ بارانی پایز وەک گوڵەگەنم و
درەخت تەڕی بکا
بەڵام لە نێوان ئەو و نیشتمانیدا
دەربەند هەڵدەکەنرێن و
کیشوەرەکان و دەریاکان و
سنوورەکان مەزنتر دەبن و
لە تاریکییدا
شەختە دەبارێ
شەختە دەبارێ..

---

_عەبدولڕەحیم ئەبو زکری (1943_1989) شاعیری سودانی.

لیۆناردۆ ئەلیشان

**پەرجوو**

شێرێک هاتە شار
بە دوای مندا دەگەڕا.

منی نەدۆزییەوە.

من لە کڵێسەی نەژادم بووم
تاکو شێرەکە بێ.

**ئومێد**

ئەستێرەیەکی ماندوو کەوت
دوای چەندین ساڵ
پیاوێکی بێ ئەستێرە
لە دۆزەخدا بزەی کرد.

## هیوا دەخوازم

ئومێد دەخوازم
واز لە ئومێد بێنم و
چاوم بکەمەوە و
پێبکەنم.

---

_لیۆناردۆ ئەلیشان (1951_2005) شاعیری ئەرمەنی.

تۆر ئۆلڤێن

**ونبوون**

دەمەوێ خێراتر
لەو ونبوونە بنووسم
کە داگیرم دەکا.

بەڵێ
ئەو بە زیندوویەتی
بە بەفر دامدەپۆشێ.

خۆر بچووک بچووکە
بەڵام هەموو شتێ دەخوا.

من چاوەکانم لەوە کزترن
بتوانم بژیم.

## بیر

دەکەوم
من دەکەومە نێو بیرێک
لە ناخمدا.

چین دوای چینی
ئەو شارە وێرانە دەبڕم
کە جگە لە پاسەوانێکی خەوتوو
هیچی دیکەی لێ نییە
ماڵەکانی ئەو شارە
بەر لە زمان و
ئەو ئەشکەوتانە تەی دەکەم
کە پەنجەمۆری
دەستی یەکەمی لەسەرە.

دەکەوم

دەکەوم

من بێ ژێر نیم

بەڵام ژێریشم دەکەوێ و

کەوتنیش دەکەوێ و

هیچ کەسێکیش

جگە لە مەرگ

هیچ وشەیەکتری کۆتایی نابێ.

## دڵ

دڵ تا ئاستێ بچووک دەبێتەوە
کە ئیدی ناتوانێ ببیستێ
تا ئاستێ کە ئیدی ناتوانێ ببینێ
لەوێ لە دوورەوە
لەوێ لەو شوێنەی
کە ناتوانێ ببیستێ و ببینێ
نەورەسەکانیش ئاوان.

---

_تۆر ئۆلڤێن (1953_1995) شاعیری نەرویجی.

گو چینگ

## حەقیقەتی مەسەلەکە

گۆزە بە گاڵتەوە دەڵێ:
من هەزار چەکووش دێنم.
چەکووش دەڵێ: من سەد گۆزەم شکاندوە.
ئاسنگەر دەڵێ:
هەزار چەکووشم درووستکردوە.
پیاوێکی مەزن دەڵێ: من سەد ئاسنگەرم کوشتووە.
چەکووش وەڵام دەداتەوە:
منیش پیاوێکی مەزنم کوشتووە
دواجار گۆزە دەڵێ: جا کوا ئەوە گرنگە
خۆڵەمێشی ئەو پیاوە مەزنە
ئەوەتە وا لەنێو من دایە.

---

_گو چینگ (1956_1998) شاعیری چینی.

نیلگون مارمارا

**بێ ناونیشان**

_1_

ئیدی چەند جاریتر
دەبێ لێرە بمرم؟
لێرە لەو شوێنەی کە هەورتان
لەنێوانی ئاسمان و زەمیندا
خورتیگێ کرد؟

_2_

نیگایەکی سارد
لە ژیان و مەرگ بگرە و بڕۆ
بڕۆ ئەی سوارچاک.

---

_نیلگون مارمارا (1958_1987) ژنە شاعیری تورکی.

ریتیکا ڤازیرانی

**فێڵ**

ڕۆژێ لە ڕۆژان
فریوتان دەدەم
خۆم وا نیشان دەدەم
کە من مردووم و
ئیدی ناشێم گوێبیستان بم..
بۆ تاوێ لەسەر جەستەمدا دەگرین
بۆ تاوێ باسی دڵڕفێنیی و
باشیی و
جوانیی ڕووخساری
هیندییانەم دەکەن
جلی بووکێنیم دەکەنەبەر و
دەمخەنە نێو تابووتێکی دارینی سپی و
بە ملیۆنێ گوڵ و گوڵ دامدەپۆشن

ئەو کات

ئەی دوژمن و

دۆستانی خۆشەویستم

تەواوی خێر و شەڕەکانت

لەبیر دەکەم و

باوەڕ بە خۆم دێنم

کە ساتێکی خۆشم

لە سەرزەمیندا گوزەراند

بەڵێ رۆژێ لە رۆژان

فریوتان دەدەم و

لە کۆتاییدا دەخەوم و

دوور لە ئێوە

خەون بە ژیانی راستەقینەمەوە دەبینم.

**لادیلادیە**

ئەی کوڕی خۆم
گۆرانیت بۆ ناخوێنم
تا بخەوی
تەنیا لێوەکانم
بە گوێچکەکانتەوە
دەنووسێنم
بەو ئومێدەی
ئەو ترسەی
کە لە دڵی مندایە
تووشی دڵەڕاوکێیت بکا.

---

_ریتیکا ڤازیرانی (1962_2003) ژنە شاعیر هیندی.

عەبدوڵڵا بو خالفه

**ترۆبادۆر 2**

خۆرەکانی گەڕاندەوە لای گۆرانییەکان

چۆلەکەکانی گەڕاندەوە لای هیواکان

رۆژەکانی گەڕاندەوە

بۆ ئەوانەی بەڕێوەن و گوتی:

فێری فیراقم بکە.

من سەروەری بێهیواکانم

چاوم هەڵێنا و

لەگەڵ گەڵاکانی سەحەردا خۆم کووشت

لەگەڵ نوور و

هەوری جەنگەڵدا خۆم کووشت و

لە لێوەکانتدا ئەو بارانە تەقییەوە

کە بەرەو شەو راپێچام

من خۆم کووشت و
لە هەموو ئەشکەوتەکاندا
هاوارم کرد: وێرانەیی.
ئەی هاوەڵانی وێرانەیی
لەسەر تەوێڵی پەناهەندەکان
لە شارەکان و
لەسەر گوڵەکان
وێنەم بکێشن
تا سنوور لە نێوان
چاوەکانم و برسییەکاندا نەمێنێ.
ئەی دۆستانی درەخت:
فرمێسکم روو لە هەورە هاوەڵەکان
سەفەری کرد
تا گیا لە ترپەی دڵی
کێڵگەکاندا بڕوێنێ و
بەرەو عاشقێکم ببا
کە دڵ دەکاتە ساقی و
بەردەکانیش بە قیبلە

بەرەو عاشقێ
کە لە هەموو شوێنێ هەیە و
لە ژێر گوڵبارناندا
شاعیرەکان و
منداڵەکان و
قوتابییەکان و
ئەو کچانەیش دەخواتەوە
کە قبوڵیان نەکرد
وێنەکانیان بدەنە رووبارەکان.

_عەبدوڵڵا بو خالفە (1964_1998) شاعیری جەزائیری.

کەریم حوماری

**دیمەن**

گەلێکم بینی
سەرقاڵی پاڵدانی
عارەبانەیەک بوون بەرەو پێشەوە
عارەبانەیەکم بینی
سەرقاڵی پاڵدانی گەلێک بوو بەرەو دواوە
گەلێکی عاشقم بینی
خەریکی خۆکووشتن بوون
راهیبێکم بینی
سێدارەیەکی بە کۆڵەوەبوو
حاکمێکم بینی
پەتی سێدارەی بە دەستەوەبوو
دەمبینی هەموویان
لەگەڵ یەکتر دەجەنگان و
منیش خۆم
لەو کەربازارییە بە دوور گرتبوو.

**دەست**

دەست _نەی_ وشەکان دەگرێتە دەست
دەست داوەکانی ئیشراق دەچنێ
دەست خوێنە، ئاگرە
دڵیش گوڵێکی بچووکە لە دەستی خوایێ
کە لەنێو مندا نیشتەجێیە.
دەست درەوشانەوەی سەدایە لە تونێڵەکاندا
کژەبارانەیە لە مەرگدا
دەست لەرینەوەی زنجیرەکانە لە ئاودا
دەست شمشێرێکی تیژە لە دەستی شاعیردا
قەسیدەش ماچێکی گەرمە
لە لێوی مەجلیسی عاریفاندا
دەست ئاوازە
دەست رەنگە و
منیش قسەی تاریک.

---

_کەریم حوماری (1972_1997) شاعیری مەغریبی.

ریمۆن رۆسێل

## ماڵئاوایی

دۆستەکانم بە دوامدا مەگەڕێن
تۆیش ئەی دایکی خۆم
بۆ عیشا چاوەڕێم مەکە
دەی تۆش ئەی ژن
دوڕی ئەسرینەکانت بسڕەوە و
بەو خۆشەویستەشم
کە هەرگیز لەو زەمینەدا نەمدۆزییەوە و
دەزانم وەک هەر شتێکیتری ژیانم
دوای کار لە کار ترازان دێ بڵێ:
_من لە کۆچکردندا پێشی کەوتم و
بە دەستێ لە گیرفانم و
دەستێ لەناو رابردووی غەمگینم
لە کەنارەکەیتری دڵم چاوەڕێی دەکەم.

---

_ریمۆن رۆسێل (1877_1933) شاعیری فەڕەنسی.

جۆن گۆڵد فلیتشەر

## بــەهار

لە کاژێری یەکەمدا

وەک ئەوە وابوو

یەکێ بڵێ: هەستە.

لە کاژێری دووەمدا

وەک ئەوە وابوو

یەکێ بڵێ: بڕۆ و

ئەستێرەی زستانیش

کە مانەندی _گا_یێکی ئارام بوو

لە ژێر ئاسۆی سپی باکووردا نوقوم بوو.

لە کاژێری سێیەمدا

وەک ئەوە وابوو

یەکێ بڵێ: تینوومە.

له کاژێری چوارەمدا
تەواوی زەوی بەستبووی
دواتر هەورەکان
جوولان و
کۆبوونەوە و
تەقینەوە و
دەشت و
دۆڵ و
گردەکانی غەرق کرد.
له کاژێری پێنجەمدا
تاریکیی دەستی بەسەر عەرشدا گرت.
له کاژێری شەشەمدا
زەوی هەژا و
_با_ گریا.
له کاژێری حەوتەمدا
تۆوی شاراوە روا.

لە کاژێری هەشتەمدا

تارمایی منداڵی بوو، مرد.

لە کاژێری نۆیەمدا

قەبریان داخست.

ئەو کاتە زەوی

بۆ ماوەی سێ کاژێر

بێدەنگ بوو

بەڵام لە کاژێری دوازدەی تەواو

گوڵەباخێکی تەنیا

لە تاریکییدا پشکوت و

چەپکگەڵێکی زۆری گوڵەکان دوای کەوتن.

---

_جۆن گۆڵد فلیتشەر (1886_1950) شاعیری ئەمەریکی.

ئارتۆر کراڤان

**های**

بەو هەموو خەمەشەوە
هەموو شتێ جوان دیارە
لەو ئێوارەیەدا
چ شڵەژانێ
شڵەژانی منە؟
سەرمایەی راستەقینە
ئاشتیی
دەزگا گەورەکان
پاس و گۆڕەکان
کێڵگەکان
وەرزش
عەشیقەکان
هەتا ژیانی نێو هوتێل
کە من ناتوانم لاسایی بکەمەوە

دەمەوێ لە ڤیەننا بم

لە کالکوتا

دەمەوێ بچمە نێو

هەموو شەمەندەفەرەکان و

هەموو کەشتییەکان

دەمەوێ لەگەڵ

هەموو ژنەکاندا بخەوم و

لەزەت لە هەموو

جۆرە خواردنێک ببەم

من هەموو ئەو شتانەم

کۆمەڵایەتی

زانای کیمیا

سۆزانی

سەرخۆش

مۆسیقار

وێنەکێش

پاڵەوان، ئەکتەر

پیر، منداڵ، قۆڵبڕ،

بازاڕیی، فریشتە

بەد، ملیۆنێر

بۆرژوازی، دڕک

زەڕافە، قەلەڕەش

ترسنۆک، قارەمان، کۆیلە، مەیمون،

دۆن جوان

گەواد، لۆرد

جووتیار، نێچیروان،

پیشەساز، ئاژەڵەکان و رووەکەکان

من هەموو ئەو شتانەم

هەموو پیاوەکان و

هەموو ئاژەڵەکانیش.

---

_ئارتۆر کراڤان (1887_1918) شاعیری سویسری.

ماریۆ کارنیرۆ

**کۆتایی**

کاتێ دەمرم با باڵەکان لە شەقە بدەن و
هەڵفڕ هەڵفڕ بخولێنەوە
کاتێ دەمرم بانگی گاڵتەجاڕ و
پەهلەوانەکان بکەن و
با زمانەکان لە هەوادا بتەقنەوە.
کاتێ دەمرم
تابووتم لەسەر پشتی کەرێک بارکەن
کە لەسەر شێوازی ئەندەلووسی کورتان کرابێ
هەرگیز وەسیەتی مردوو ڕەتناکرێتەوە
من دەمەوێ وەک کەرێک بتۆپم.

---

_ماریۆ دی ساو کارنیرۆ (1890_1916) شاعیری پرتوگالی.

کانیکۆ میسوزو

## من و چۆلەکە چکۆلەکان و زەنگەکان

هەرچەند باڵەکانم ئاوەڵا دەکەم
ناتوانم وەک چۆلەکە چکۆلەکان بفڕم
بەڵام چۆلەکە هەڵفڕیوەکانیش ناتوانن
وەک من لە سەرزەمیندا رابکەن.
هەرچەند لەریمەوە و لەرامەوە
نەمتوانی وەک زەنگەکان بزرنگێمەوە
بەڵام ئەو زەنگانەیش کە دەزرنگێنەوە
ناتوانن وەک من ستران بچڕن.
من و چۆلەکە چکۆلەکان و زەنگەکان
زۆر لێکجیاین ئەی خۆشەویستم
من رۆژێ لە رۆژان دەمرم و
ئەوانیش لە چڕینی گۆرانیدا بەردەوام دەبن.

---

_کانیکۆ میسوزو (1903_1930) ژنە شاعیری یابانی.

مالکۆم لاوری

## بێتاقەتیی

بێتاقەت بووم

لە پیاوانی خەندەبار

لە پیاوانی تووڕە

لە پیاوانی بێخەیاڵ

لە ژنە جوانەکان

لە ناشرینەکان

لە ئاساییەکان

لە خۆشەویستیی

لە رق

لە غیرە

لە خەونەکان

لە وەرزەکان

لە چۆلەکەکان

لە پەپوولەکان و کێڵگەکانی گەنم

له برووسک

له گەواڵە

له خۆر و باران

له کات و فەزا

له زەمین و ئاسمان

له بێکاری و پڕکاری

له خەوتن و راکردن

له ژیان و هەستی گاڵتەجاڕی

له ناشرینیی بێتاقەت بووم

له چاوەڕوانیی مەرگ بێزار بووم

له بێتاقەتیی بێتاقەت بووم

له تۆ بێتاقەت بووم

زۆر زۆر بە تایبەتیش

له خۆم بێتاقەتم.

---

_مالکۆم لاوری (1909_1957) شاعیری ئینگلیز.

هکتۆر مورینا

## هەمانە

دوو چاومان هەیە
چونکە نازانین ببینین.
دوو دەستمان هەیە
چونکە ناتوانین شت بگرین.
دوو قاچمان هەیە
چونکە ناتوانین بوەستین.
زارمان هەیە
تا هاوار بکەین.
لەسەر ئەژنۆ دەستێک
لێوەکان دادەپۆشێ و
دەستەکەیتر چاوەکان
ئەوەیا ئەو رێگایەیە تا دەستپێبکەین.

---

_هکتۆر مورینا (1923_1975) شاعیری ئەرجەنتینی.

یۆن میراندی

**پاریس ـبۆریەـ**

**ـبەشێ لە قەسیدەیەکی درێژـ**

لە ناوەڕاستی هەندێ کەلاوەدا
لە یەکێ لە شەقامەکامی پاریس
ماڵی هەیە لە هەموویان کەلاوەتر
هەر کە ناوی دێنم
زۆر نامێنێ ببوورێمەوە
من لەوێ لە نووسینەوەی
بەڵگەنامەکاندا کار دەکەم
نووسینگەیەکی پیس
بە بێتاقەتییەوە
تا شەشی ئێوارە
ئەوێ جێناهێڵم
من و هاوکارەکانم
بە راستی هاوڕێین

هەموو بەیانییەک
بە بێ قسە سڵاوم لێدەکەن
ئەوان منیان خۆشدەوێ
رێک وەکچۆن
شەیتان خوای خۆشدەوێ
وەک قەلەڕەش دەدوێن:
_قغ، قغ، قــغ، قـــــــغ.....
هاوکارەکانم لە کاردا
هەمیشە بۆ خراپە
زمانیا سووک دەگەڕێ
ژنانی نووسینگە
ریویلە و قەڵەویشیان تێدایە
بەڵام هەموویان ناشرینن
ئەگەر خەڵک بتوانن
لە ترسان لێیان رادەکەن
من ناچارم بەرگەیان بگرم
هەر ئەوەشە کە بە درێژایی
کاتی کارکردنمدا دڵگیرم دەکا

_من جەنتڵمانی "باسک"یتانم..
ئای لە ئێوە ئەی ژنە دۆزەخییەکان
ئاوا من لە نووسینگە
بە چەنەبازەکان دەورەدراوم
کاژێرەکان دەگوزەرێنم
رۆژەکان دەگوزەرێنم
هەر کە ناوی ئەو ئۆفیسە دێنم
زۆر نامێنێ ببوورێمەوە
رۆژ دوای رۆژ شێتیەتیم زیاد دەکا
لەو کاتانەی خەریکم
بە پەڕەمووچە لاپەڕەکان رەشدەکەمەوە
لە نووسینگەی _بۆریە_ی خۆشەویست
لە یەکێ لە شەقامەکان پاریس.

---

_یۆن میراندی (1925_1972) شاعیری ئیسپانی.

ئیلیز کوین

**بە یارمەتیتان دەرمبێنن**

خۆشەویستیی نییە

رەحمەت نییە

زرنگیی نییە

جوانیی نییە

بێفیزیی نییە

بیست نۆ ساڵە بەسە

دایە_ کار لە کار ترازا

لەبەر ئەو ساڵانەی

کە بەدڕەفتاریی لە نێوانماندابوو

لێم ببوورە

بابە

_چی روویدا؟

ئالن

_ ببەخشە.

کیس

_ سوپاس.

جۆیس

_ ئای کچی جوان.

هاورد

_ ئاگاداری خۆتبە خۆشەویستم.

لیۆ

_ پەنجەرەکان بکەوە و وەلسەلام.

کارۆل

_ رێبدە با رووبدا.

بە یارمەتیتان ئێستا دەرمبێنن

بە یارمەتیتان بمبەنە ژوور.

---

_ئیلیز کوین (1933_1962) ژنە شاعیری ئەمەریکی.

های تسی

**لە بەیانییەوە بەولاوە**

لە بەیانییەوە بەولاوە
دەبمە پیاوێکی بەختەوەر
ئالیک دەدەمە ئەسپەکەم
درەخت دەبڕم و
گەشت بە دنیادا دەکەم.

لە بەیانییەوە بەولاوە
حەب و سەوزە دەخۆم
لە بەهارێکی گەرمی گوڵگرتوودا
ماڵێکم لە کەنار دەریادا دەبێ.

له بەیانییەوە بەولاوە
بۆ هەموو ئەندامانی
خێزانەکەم دەنووسم
بەختەوەریی خۆمیان
بۆ دەگێڕمەوە و
بە شادمانیم سەرسامیان دەکەم
ناو بۆ هەموو رووبار و
چیایێ دەدۆزمەوە
ئێوەش ئەی نامۆکان
نوێژتان بۆ دەکەم
ئومێدی ئایندەی گەش و
زەواجتان لەگەڵ ئەوانەی
خۆشتاندەوێن بۆ دەخوازم
ئومێدی ئەو بەختەوەرییەتان
بۆ دەخوازم
کە لەو دنیایە دنیەوییە شیاوین..

بەڵام من

هیچ ئومێدێ بۆ خۆم ناخوازم

جگە لە دانیشتن بەرانبەر دەریا

لە بەهارێکی گەرمی گوڵگرتوودا.

---

_های تسی (1964_1990) شاعیری چینی.

_سەرچاوە: سیجيء الموت وستکون لە عیناك، جمانة حداد